# رۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 406 یەکشەممە 15/ 2/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.406 Sun 15/ 2/ 2009



کۆمپانیای پەڕی زەرد

دروستکاری یەکەمین ڕێبەری زانیاریی و ریکلام لە کوردستان

(کتێب. سایت. CD)

ریکلامت لە پەڕی زەرد هەمیشە زیندووە

ئەدرەس:

07700641406 07501333344

پەڕی زەرد: رێبەری تازەی ریکلام





## جگە لە کۆسرەت رەسوڵو ٤ ئەندامەکەی باڵی ریفۆرم

# (١١) ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی دەستلەکاردەکێشنەوە

**سیروان رەشید**

دوای دەستلەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفا لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ٢ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٦، لە پێشهاتێکی تردا کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیو (٤) ئەندامی دیکەی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە دەستلەکار دەکێشنەوەو ئەگەری ئەوەش زۆرە لە چەند رۆژی داهاتوودا (١١) ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی هەمان حیزب وازبهێنن.

### چۆنیەتی رودوادەکە

بەپێی بڕیاری هەفتەی رابردووی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی، بڕیار بوو ئەمڕۆ لە شاری بەغدا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی تەرخان بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی ئەو (٧) لیژنەیەی کە لەماوەی مانگو نیوی رابردوودا بۆ مەسەلەی چاکسازی دروستکرابوو، بەڵام لە گۆڕانکارییەکدا بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی نزیک لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی، پێشتر مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وتووە کە کۆبوونەوەکە بۆ بڕیاردانە لەسەر دەرکردنی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی، بەپاساوی ئەوەی کە نەوشیروان لیست بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئامادە دەکات.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوە ئاگادارە، رۆژی پێشتر چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی کە بە باڵی ریفۆرم ناودەبرێن (عومەری سەید عەلی، عوسمانی حاجی مەحمود، مستەفای سەید قادر، جەلال جەوهەر)، کۆسرەت رەسوڵی جێگری سکرتێری گشتیو هەندێک لە ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی ئاگاداردەکەنەوە کە ئەوان بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە ناکەنو رازیی نابن مەکتەبی سیاسی بڕیاری دەرکردنی نەوشیروان مستەفا بداتو دەستلەکار دەکێشنەوە.

### دەستلەکارکێشانەوەی کۆسرەت رەسوڵ

دوابەدوای ئاشکراکردنی هەڵوێستی ئەو چوار ئەندامەی مەکتەبی سیاسی، کۆسرەت رەسوڵ عەلیش وەک نارازیبوونی بەرامبەر بە دەرکردنی نەوشیروان لە یەکێتیدا، بڕیار دەدات بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە نەکات، کە لەدواتردا ئەو پێنج ئەندامە باڵایەی یەکێتی نامەیەکیان ئاراستەی سکرتێری گشتیی یەکێتی کردووەو پێیانوتووە «ئەگەر نەوشیروان مستەفا لە یەکێتیی دەربکرێت، دەستلەکار دەکێشینەوە».

### چوونی عوسمانی حاجی مەحمود بۆ بەغدا

هەر بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکەی رۆژنامە، سەعات (١٠:٣٠)ی شەوی رابردوو عوسمانی حاجی مەحمود لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە چووەتە بەغداو نامەی دەستلەکارکێشانەوەی هەر پێنج ئەندامەکەی تەسلیمی تاڵەبانی کردووە.

### (٥) کەسەکە سورن لەسەر وازهێنانەکە

لەسەروبەندی ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە رۆژی هەینییەوە دروستبووە، تاڵەبانی بڕیاربوو دوێنێ بگەڕێتەوەو کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن ببات، بەڵام بەپاساوی ئەوەی چاوەڕێی میوانێکی بیانی دەکات، نەگەڕایەوە، بۆیە درەنگانێکی شەوی رابردوو عوسمانی حاجی مەحمود بەناوی ئەو پێنج ئەندامە سەردانی تاڵەبانی کردووەو دوابڕیاری خۆیانی پێڕادەگەیەنێت.

بەڵام هێشتا رون نییە تاڵەبانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشهاتە تازەیەی یەکێتی دەکاتو کێشەکان چۆن یەکلادەکاتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەوانەی وازیانهێناوە.

### شکستی پرۆژە ناوخۆییەکان

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە ئەم دەستلەکارکێشانەوەیەی نزیکەی نیوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، نیشانەی شکستی پرۆژەکانی چاکسازی یەکێتییە لەنێو سەرکردایەتی حیزبەکەدا، چونکە بە جیاجیا کۆسرەت رەسوڵو هەرچوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیو سکرتێری گشتی پرۆژەیان بۆ چاکسازی پێشکەشکردووەو دواتریش حەوت لیژنە پێکهێنرا بۆ ئامادەکردنی راپۆرت لەبوارە جیاجیاکانی ناوخۆی

### وازهێنانی (١١) ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی

دوابەدوای دەستلەکارکێشانەوەی ئەو پێنج ئەندامە باڵایەی سەرکردایەتی یەکێتی، چاوەڕێ دەکرێت لەدوای ئەوانیش تەواوی ئەو ئەندامانەی دیکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی کە سەر بە باڵی ریفۆرمو کۆسرەت رەسوڵن، دەستلەکاربکێشنەوە کە ژمارەیان (١١) کەسە، بە ناوەکانی (ئاسۆ عەلی، کارگێڕی مەکتەبی رێکخستن، شەماڵ عەبدولوەفا، لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، مامۆستا جەمالی حاجی محەمەد، لێپرسراوی رێکخستنەکانی دەرەوە، سەفین مەلاقەرە، کارگێڕی مەکتەبی رێکخستن، کوردۆ قاسم، لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان، عوسمان بانی مارانی، ئاسۆ ئەلْمانی، رەفعەت عەبدوڵڵا، لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوک، بورهان سەعید سۆفی، وەزیری گواستنەوەو دوو ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی) کە بەپێویست نەزانرا لەم راپۆرتەدا ناوەکانیان بهێنرێت.

### چارەنوسی دەستلەکارکێشاوەکان

دوای دەستلەکارکێشانەوەی کۆسرەت رەسوڵو چوار ئەندامەکەی باڵی ریفۆرمی ناو مەکتەبی سیاسیو ئەگەری دەستلەکارکێشانەوەی ئەو (١١) ئەندامەی دیکەی سەرکردایەتی، هێشتا رون نییە ئەو یەکێتیو چاکسازیکردن لە حیزبدا، بەڵام پێش دانیشتن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتەکانی ئەو چەند لیژنەیە، ئەو چەند ئەندامەی ناو مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان راگەیاندو ئەوەش بە رونی دەریدەخات، لە توانادا نییە لە ئێستادا بەمشێوازە کارکردنەی نێو سەرکردایەتی یەکێتی هیچ پرۆژەیەکی چاکسازی پیادەبکەن.

سەرکردانەی ناو یەکێتی بەرنامەی ئایندەیان چی دەبێت، بەڵام گفتوگۆی گەرم لەنێوان ئەوانو کەسایەتی تردا هەیە لەسەر چەندین سیناریۆی جیاواز.

### ئایا تاڵەبانی دەستلەکارکێشانەوەکان قبوڵدەکات؟

تا ئێستا نازانرێت تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەستلەکارکێشانەوەی ئەو پێنج ئەندامە باڵایەی یەکێتی قبوڵدەکات یان دانوستان دەکات لەسەر جێبەجێکردنی داواکانیان، کە بەپێی زانیارییە باوەڕپێکراوەکان ئەو پێنج ئەندامەی ناو مەکتەبی سیاسی لە نامەکەیاندا چەند مەرجێکیان بۆ تاڵەبانی داناوە لە ئەگەری گەڕانەوەیان، بەڵام سەرچاوە تایبەتەکەی رۆژنامە نەیویست ئاماژە بۆ ئەو مەرجانە بکات.

### ئاڵۆزبوونی رەوشی ناوخۆی یەکێتی

لە پێرێ شەوەوە کە هەواڵی دەستلەکارکێشانەوەی کۆسرەت رەسوڵ، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیو چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتی بڵاوبووەتەوە، بارودۆخێکی نائاسایی لەناو ئۆرگانەکانو رێکخستنەکانی یەکێتی سەریهەڵداوەو زۆربەی مەکتەبو مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتیی، چ ئەوانەی لایەنگیریان بۆ کوتلەکانی باڵی ریفۆرمو کۆسرەت رەسوڵ هەیەو چ ئەوانەشی سەر بە کوتلەی سکرتێری گشتین، کەوتوونەتە بارودۆخێکی نائاساییەوە، سەرباری ئەوەی بەدرێژایی دوێنێ شەوو پێرێ شەوی رابردوو لەناو شاری سلێمانی رێوشوێنێکی ئەمنی نائاسایی بەخۆیەوە بینی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشو فەوجەکانی سەر بە بەرپرسەکانی یەکێتییەوەو جوڵەیەکی زۆر بەدی دەکرا.

### رونکردنەوەیەک لە پێنج ئەندامە دەستلەکارکێشاوەکەوە

لەسەروبەندی دەستلەکارکێشانەوەی ئەو پێنج ئەندامەو لێدوانی جیاجیای هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتی، سەعات (١١)ی شەوی رابردوو لە رونکردنەوەیەکدا کە بۆ رۆژنامە نێردرا، سەرچاوەیەکی نزیک لەو پێنج ئەندامە رایگەیاند: هەندێک لێدوان دراوەو دەدرێت لەسەر چۆنیەتیو ئامانج سەبارەت بە دەستلەکارکێشانەوەی ئەو پێنج هەڤاڵە، بەشێک لەو لێدوانانە بۆ شێواندنو بچوککردنەوەی ئەو کارەیە، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم رونکردنەوەیە بدەین.

«پێویستە ئەوە بڵێین هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی ئەو پێنج هەڤاڵە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشە زۆرو کەڵەکەبووانەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە لە ساڵانی رابردوودا لەگەڵ بەڕێز مام جەلالو مەکتەبی سیاسیدا هەوڵی زۆر دراوە بۆ چارەسەرکردنیان، بەڵام چارەسەرنەکران، بۆیە ئەو پێنج هەڤاڵە دەستلەکارکێشانەوەیان بە بەڕێز سکرتێری گشتیو مەکتەبی سیاسی راگەیاندووەو دەقی دەستلەکارکێشانەوەکانیشیان بە نوسراو رەوانەکردووە بۆ سکرتێری گشتیو ئەگەر چارەسەرێکی جدیی بۆ ئەو کێشانە نەکرێت، ئەوا ئەو پێنج هەڤاڵە بەردەوام دەبن لەسەر ئیستقالەکەیانو ئیستقالەی هەڤاڵانی تریش بەدوایدا دێت».

### چارەنوسی یەکێتی چی لێدێت؟

کۆبوونەوەی دوێنێ شەوو ئەمڕۆی عوسمانی حاجی مەحمودو ئەگەری سەردانی کۆسرەت رەسوڵیش بۆ لای تاڵەبانی، پێدەچێت کۆبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوە بێت سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکانی ئەو حیزبە، جا یان کێشەکە بەتەواوەتی بەرەو قوڵبوونەوە بباتو یەکێتی بەرەو خراپبوون بڕوات، یان بەرەو باشبوونێکی نەوعی، بۆیە ئەگەرەکانی چەند رۆژی داهاتوو چارەنوسی یەکێتی یەکلادەکاتەوە.



فۆتۆ: بریار نامیق

# تورکمانەکان داوادەکەن نوێنەرەکانیان لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە دیاری نەکرێن

**عیماد ڕەفعەت**

ژمارەیەک لە بەرپرسانی حیزبیو کەسایەتیی تورکمان داوادەکەن ژمارەی کورسی بۆ تورکمانەکان لە پەرلەمانی کوردستان زیادبکرێت، داواش دەکەن نوێنەرەکانیان لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە دەستنیشان نەکرێن، بەڵکو تورکمانەکان خۆیان ئازادبن لە دەستنیشانکردنیان.

د. سالم ئۆتراقچی، کەسایەتیی تورکمان، لەبارەی دانانی نوێنەری تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان، نیگەرانیی خۆی لەبارەی لیستی داخراوی پارتیو یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەربڕیو وتـی: «پێمان باش نییە کە پارتیو یەکێتی بە لیستی داخراو دەچنە نێو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئەوان هەروەک پێشتر بە ئـارەزوی خۆیان خەڵکی بەناوی نەتەوەیەک دادەنێنو کەسیش ناتوانێت قسە بکات، ئێمە دەمانەوێت خۆمان نوێنەری خۆمان دیاری بکەین». لەبارەی ئەوەی چەند کورسی بۆ تورکمانەکان لە پەرلەمانی کوردستان دیاری بکرێت، د. سالم ئامارکردنو سەرژمێریی بۆ تورکمانەکان بە باشترین چارەسەر دانا، بۆیە وتی: «پێویستە بۆ تورکمانەکان سەرژمێریی بکرێت کە ژمارەیان لە هەرێمی کوردستان چەندە، بەپێی ئەو ڕێژەیە کورسییەکان دیاری بکرێتو دواتر تورکمانەکان لەناوخۆیان نوێنەر هەڵبژێرن». سامی شەبەک، پەرلەمانتاری پێشوی عێراقو سەرۆکی کۆمەڵەی لیبراڵی تورکمان، پێیوابوو کە پێویستە تورکمانەکان خۆیان ڕێکبکەونو نوێنەری خۆیان دیاری بکەن نەک پارتیو یەکێتی، بۆیە وتی: «داوادەکـەیـن خۆمان وەک تورکمان نوێنەری خۆمان بۆ پەرلەمانی کوردستان دیـاری بکەین، ئەمیش بە ڕێککەوتن لەنێو لایەنە سیاسییەکانی تورکمانو کەسایەتییەکان»، شەبەک وتیشی: «ئێمە وەک تورکمان دووەم نەتەوەین لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستاندا (١٠) کورسیمان هەبێت»، هـەر لەم بارەیەوە ئایدن ئەرسەلان، کەسایەتیی تورکمانو جێگری بەرپرسی یانەی ئۆجـاغـی تـورکـمـانـی، هـەمـان ڕای هەبوو وتی: «تورکمانەکان لە هەرێمی کوردستان دووەمین نەتەوەنو بەلای کەمی پێویستمان بە حەوت نوێنەرە لە پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو نوێنەرانەش پێویستە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دیاری بکرێن نەک حیزبە کوردییەکان بەبێ پرسو ڕای ئێمە دیاریان بکات».



محەمەد ئیلخانلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بـزوتـنـەوەی چاکسازیی تورکمان، لەگەڵ ئەوەبوو کە پێویستە بۆ دانانی نوێنەری تورکمان، سەرکردایەتیی کورد گرنگیی بەو لایەنە سیاسیانەی تورکمان بدات کە پێگەیەکی جەماوەریی هەیە «دانانی کەسێک لە دەرەوە بۆ نوێنەرایەتی تورکمانەکان لەسەر حسابی ئێمە، ئەوا زیان بە پرۆسەی سیاسیی تورکمان دەگەیەنێتو ئەو کەسانەش کە دەستنیشانکراون، ناتوانن نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی تورکمان بکەن، چونکە خاوەن ئەزمونی سیاسی نین»، لەبارەی ڕێژەو ژمارەی کورسی بۆ تورکمانەکان لە پەرلەمان، ئیلخانلی ئەوەی بەباش زانی کە بەپێی ژمارەو ڕێژەی تورکمان لە هەرێمی کوردستاندا، کورسییەکان لە پەرلەمان دیاری بکرێت، بۆیە وتی: «پێویستە ئەو کورسیانە لەسەر بنەمای ژمـارە دیـاری بکرێن، چونکە ئەمە نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەیەکە، بۆیە پێمان باشە لە ٤ کورسییەوە بکرێتە ٦ کورسی، کە ئەوکات بتوانن ئەو شەش کەسە هەڵوێستی بەهێزیان هەبێت بـۆ دەرخستنی ویسـتو داخـوازیـی تورکمانەکان»، ئەو بەرپرسە ئەوەشی وت کە چۆن سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ڕۆڵێکی باشی هەیە سەبارەت بە پرسە سیاسیو نیشتمانییەکان، پێویستە تورکمانەکانیش هەمان ڕۆڵیان لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت.

کەسایەتییەکی تری تورکمان کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، نیگەرانیی خۆی لە پارتیو یەکێتی دەربڕی بەوەی کە تا ئێستا نەیانهێشتوە تورکمانەکان بە ئازادیی خۆیان، نوێنەری خۆیان هەڵبژێرنو وتی: «تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەمانتوانیوە نوێنەری خۆمان بە ئـازادیو ویستی خۆمان بـۆ پـەرلـەمـانو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرین، ئێستاشی لەگەڵدا بێت پـارتـیو یەکێتی کەسانی سەر بە حیزبەکەی خۆیان بەناوی ئێمەی تورکمان دیاری دەکەن»، ئەو کەسایەتییە ئـەوەشـی وت کە مافی تورکمان لە هەرێمی کوردستان پێشێل دەکرێت بەوەی کە کەس خۆی بە خاوەنی ئەو نەتەوەیە نازانێت، وتی: «کەس خاوەنی ئێمە نییە، پارتیو یەکێتیش بازرگانیی بە ئێمە دەکەنو مافمان پێشێل دەکەن، فەرمو ئێستا ئەو چوار پەرلەمانتارەی کە بەناوی تورکمان لە پەرلەمانن چیان بۆ تورکمان کردووە! کە هەریەکەو سەر بە حیزبێکی کوردییەو گاڵتە بە تورکمان دەکـەن»، ئـەو کەسایەتییە تورکمانە وتیشی: «داواکـاریـن ئێمەی تورکمان بە ئـازادیو خواستو ویستی خۆمان وەک پارتیو یەکێتی نوێنەری خۆمان بۆ پەرلەمانی کوردستان دیاری بکەین، بۆ ئەوەی بەڕاستی خزمەت بە ئێمە بکات کە ئەوەش مافێکی شەرعیی خۆمانە».

---

# زیندانییانی سیاسی سکاڵا دژی حکومەتی عێراقو هەرێم تۆماردەکەن

**دلێر عەبدولخالق**

بەهۆی بێبەشکردنی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە مافو ئیمتیازاتەکانی حکومەتی عـێـراقـی، کـۆمـکـاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان لە دادگای فیدراڵی عێراقی سکاڵای یاسایی دژی حکومەتی ناوەندیو هەرێم تۆماردەکات.

ئەحمەد مام ڕەسـوڵ، جێگری سـەرۆکـی کـۆمـکـاری زیندانییە سیاسییەکانی کـوردسـتـان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بۆ داواکردنی مافەکانمان بەشێوەیەکی یاسایی مانگی ڕابردوودا وەفدێکمان سەردانی بەغدای کرد، بەمەبەستی تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لە دادگای فیدراڵی عێراقی دژی حکومەتی عێراقیو کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی هەرێم، بەهۆی جیاکردنەوەی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێم لە پارێزگاکانی تری عێراق لەڕوی مافو ئیمتیازاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش قۆناغی یەکەمی سکاڵاکە تەواو بووەو داوای هەندێک بەڵگەو دۆسیەی ترمان لێکرابوو، ئـەو بەڵگانەش کۆکراونەتەوەو دەگەیەنرێتە ئەو دادگایە.

بەپێی یاسای پەسەندکراوی ژمـارە (٤)ی پەرلەمانی عێراقو بڕیاری حکومەتی عێراقی، کە لە شوباتی ٢٠٠٨ دەرچووە، بڕیاردراوە بەپێدانی بڕی (٥٠٠) هەزار دینار وەک هـاوکـاری مانگانە بۆ هەر زیندانییەکی سیاسی عێراقو چەندان ئیمتیازاتی تر، وەک پێدانی زەوی نیشتەجێبوونو سلفەی خانوبەرەو حـەجو گەشتی دەرەوە، بـەڵام زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەو مافو ئیمتیازاتانە بێبەشکران.

جێگری سـەرۆکـی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان ئاماژە بـەوەشـدا ، سـکـاڵاکـەی ئـەوان دژی حکومەتی ناوەندی عێراقییە بەهۆی پێشێلکردنی مافی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانو هاوکات حکومەتی هەرێمیشی لێبەدەر نییە، بەوپێیەی بەوتەی ناوبراو حکومەتی هەرێمیش کەمتەرخەم بووە لەوەی کە لەوبارەیەوە هیچ هەوڵێکیان بۆ زیندانییەکانی کوردستان نەداوەو وتیشی: «سێ یاداشتمان ئاراستەی نوسینگەکانی پەرلەمانی عێراق لە پارێزگاکانی هەرێم کردووەو داوامان کردووە، کە ڕۆڵی خۆی بگێڕیت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانو چاوخشاندنەوە بـەو یاسایانەی لە پەرلەمانو بودجەی زیندانییە سیاسییەکان بکرێتە سیادیو دەرفەت بڕەخسێنن، بۆئەوەی وەفدی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان سەردانی پەرلەمان عێراق بکەین، تا لەوبارەیەوە لەگەڵیان کۆببینەوە.

---

# لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئاسایشی کەرکوکی پارتیدا دەکرێت

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

بە گومانی ناڕاستی هەواڵێک، وەزارەتـــــی نـــاوخـــۆی عـــێـــراق بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوکی ئـاگـادارکـردووەتـەوەو لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکی ئاسایشی کەرکوکی پارتی بکرێت، بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنـامـەش وا بـڕیـارە سـنـور بۆ کارەکانی ئاسایش دابنرێت.

مـاوەیـەک پێش ئێستا هاوڵاتی «موسەنا جاسم» لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی پارتییەوە لە شاری کەرکوک بە پشتوێنی مینڕێژکراو (حیزام نـاسـف)ەوە بـەو بـیـانـووەی نیازی ئەنجامدانی کردەی خۆکوژی هەبوو، دەستگیرکیراو دواتر ڕەوانەی دادگای کەرکوک کرا، دوای ئەوەی کە دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک گومانیان لە ڕاستی ڕووداوەکە هەبوو، وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە نوسراوی ژمارە (٨٢٠) لە ٢/٤ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوکی ئاگادارکردەوە کە لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکە بکرێت.

بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامە کە لە سەرچاوەیەکی بەرپرسەوە دەستی کەوتووە، دوای دەستگیرکردنی «موسەنا جاسم» دەرکـەوتـووە کە ناوبراو ئەندامێکی پارتییەو جگەلەوەش باوەڕپێکراوێکی ئاسایشی لەگەڵدا بووەو ڕوداوەکەش لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دروستکراوە. دواتر موسەنا جاسم لە دادگا ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە مەبەستی ئەنجامدانی تەقینەوە بووبێتو باوەڕپێکراوەکەی ئاسایشی پارتیش ئێستا لـەلایـەن دادگـاوە داواکراوە.

لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کـەرکـوک، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراو ئاگاداری کردینەوە کە لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکـە بکەین، دەستمان کـردووە بە لێکۆڵینەوەو بەردەوامین، تا دڵنیا دەبینەوە لە ڕاستی ڕوداوەکـە. وتیشی: «تۆمەتبارەکە لە بەردەم دادگادا ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە ویستبێتی کردەی خۆکوژی ئەنجام بدات».

عەمید هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکوکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئـەوەی ڕەتـکـردەوە کە ڕوداوەکە دروستکراو بێتو وتی: «ئەو کەسەی کە دەستگیرمان کـردووە، کەسێکی خۆکوژ بـووەو زانیاریی تەواومان هەبووە، گرنگ نییە خەڵک چـۆن لێکیدەداتەوە، گرنگ ئەوەیە کە خۆکوژێکمان دەستگیرکردووەو نەمانهێشتووە تەقینەوە ڕوبدات».

وتـیـشـی: «ئـــەوەی دەوتــرێــت، پــڕوپــاگــەنــدەیــەو مــەبــەســتــیــان کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئاسایشە».

هەر بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، وەزارەتی ناوخۆی عێراق لێپرسینەوەی لەگەڵ دادوەری لێکۆڵینەوەی کەرکوک کـردووە، بەمەبەستی سنوردانان بـۆ چالاکییەکانی ئـاسـایـش، ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەیەک لەنێوان ئاسایشو پۆلیسو دادگای کەرکوکدا دەبەسترێت.

ڕۆژنامە پەیوەندیی بە هەریەک لە عەقید ئاراس نامیق، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی کەرکوکو حاکم فـاروق مستەفا، دادوەری لێکۆڵینەوە کـرد، ئـامـادەنـەبـوون لەوبارەیەوە لێدوان بدەن.



# هێرش دەکرێتە سەر پرۆژەیەکی کۆمپانیای بەرێز

رانکۆ بەکر

دەیان ئۆتۆمبێلی چەکدار هەڵدەکوتنە سەر کارەکانی کۆمپانیای بەرێز لە سنوری چەمچەماڵ، بەبیانوی ئەوەی کە کۆمپانیای بەرێز لەسەر مولکی ئەوان پرۆژە جێبەجێ دەکات، بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیاکەش ئاماژە بەوە دەکات، کە هەرەشەیان لێکراوە.

پشکۆ مەمەد ئاغای هەمەوەند، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە وەکو خاوەن ئەو زەوییانەی کە کۆمپانیای بەرێز پرۆژەیەکی لەسەر جێبەجێ دەکات، کاتی خـۆی رژێـمـی بەعس بـەزۆر لەسەر شارەوانی چەمچەماڵ تاپۆی کـردووە، ئێستاش لەسەر کۆمپانیای بەرێز تاپۆکراوە، تا (١٠٠٠) خانوی لەسەر دروست بکاتو داوامان کردووە کە کارەکانیان رابگرن تا حکومەت قەرەبوومان دەکاتەوە.

پشکۆ مەمەد ئاغای هەمەوەند، ئاماژەی بەوەشکرد کە پێشتر چەندین جار داوای یاساییان تۆمارکردووە، کە نابێت ئەو زەوییانە بەکاربهێنرێن.

لە بـەرامـبـەردا یاسین مەحمود رەشید، بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیاکانی بـەرێـز، وێـرای دەربرینی نیگەرانی خۆی بۆ ئەو رووداوە، ئاشکرایکرد پـرۆژەی شـاری چەرمو کە (١٠٠٠) خانوە، لەلایەن کۆمپانیاکەیەوە جێبەجێ دەکرێتو وتی: «هەر سەرەتا بنەماڵەی هەمەوەندییەکان پێیان وتین کە خاوەنی ئەو زەوییانەن، ئێمەش لایەنی پەیوەندیدارمان ئاگادارکردووەتەوەو لەرووی یاساییشەوە ئەو زەوییانە (٤٠) ساڵە بەناوی شارەوانییەوە تاپۆکراون، ناتوانن داوای قەرەبوو بکەنو چەندین جاریش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاگادار کراوینەتەوە، کە کۆمەڵێک بەنیازن بەسەر کۆمپانیاکەماندا بدەن».

سـەرەرای ئـەوەی پشکۆ مەمەد ئاغای هەمەوەند ئـەوە رەتدەکاتەوە هەرەشەیان لە کۆمپانیای بەرێز کردبێت، بەرێوەبەری کۆمپانیاکە رونیکردەوە ئەو کەسانەی لە چەمچەماڵ هاتوونەتە سـەر کۆمپانیاکەیان، نوسراوێکی نایاساییو هەرەشەئامێزیان داوە بە سەرپەرشتیاری پرۆژەکە.

هاوکات نـەوزاد حەمید، قایمقامی قـەزای چەمچەماڵ، راگەیاند: «لەبەر ئـەوەی ئـەو کەسانە بەشێوەیەکی نایاسایی چوونەتە سەر ئەو کۆمپانیایە، سەرجەم ئەو کەسانە دەستگیر دەکەین کە ئەو کارەیان کردووە».

# ئاستی خوێندنو لێهاتوویی پێوەر نابێت بۆ دیاریکردنی پەرلەمانتار


دیە فازڵ

لە خولی داهاتووی پەرلەماندا ئاستی خوێندنو لێهاتوویی نابنە پـێـوەر بۆ دیاریکردنی پەرلەمانتار، بەوپێیەی لە چوارەم هەمواركردنیدا کە (١٢)ی ئەم مانگە بۆ یاسای هەڵبژاردن ئەنجامدرا، داوانـەکـراوە ئەو خاڵەی یاساکە هەمواربکرێتەوە، کە ئاستی خوێندنو لێهاتوویی دەکاتە پێوەر بۆ پەرلەمانتاران.

دلـێـر مـحـەمـەد شـەریـف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: لە هەموارکردنەوەی چـوارەم بۆ یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردن کە لە ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دانـراوە، باس لە ئاستی خوێندنی پەرلەمانتار نـەکـراوە، بـەمـەش ئـەو خاڵە هـەروەک لە یاساکەدا هاتووە، دەمێنێتەوە بەوەی کە مەرجی ئاستی رۆشنبیریی پەرلەمانتار ئـەوە دەبێت کە تەنها توانای نوسینو خوێندنەوەی هەبێت.

بـەوتـەی دلـێـر محەمەد، مانەوەی ئەو خاڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخو سەدەیەدا ناگونجێتو پێویستی بە هەموارکردنەوە هـەبـوو، کـە لانیکەم بوونی بروانامەی ئامادەییان دابنایە.

بەوپێیەی لەو پرۆژەیەدا کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن کرابوو، باس لەو خاڵە نەکرابوو کە ئاستی خوێندەواری پەرلەمانتار دیـاری دەکـات، نەتوانرا خاڵەکە هەمواربکرێتەوە، تارق جامباز، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان تەئکیدی کـــردەوە، ئـەگـەر ئـەو خاڵە هەمواربکرێتەوە، ئەوا پێویستە پرۆژەیەک کە بە ئیمزای (١٠) پەرلەمانتار پێشکەش بە پەرلەمان بکرێتو کاری لەسەر بکرێتو پەسەندبکرێت، ئینجا دەتوانرێت ئەو خاڵە هەموار بکرێت.



# هەرێمو ئێران لەسەر راگرتنی تۆپبارانەکانی سنور رێککەوتن

بەهادین یوسف

نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران ئاشکرایکرد، لە رۆژی دووشەممەی رابـــردووەوە حکومەتی هـەرێـمو کۆماری ئیسلامی ئێران رێککەوتوون لەسەر ئـەوەی لە رۆژی شەممە (دوێنێ)ەوە تۆپبارانی سنورەکانی رابگیرێتو سەرجەم مەرزەکانیش لەوبارەیەوە ئاگادارکراونەتەوە.

نـازم عومەر دەبـاغ، وتیشی: لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێراندا رۆژی دووشـەمـمـەی رابـردوو بڕیاردرا بە راگرتنی تۆپبارانەکانی سـنـور لـەلایـەن ئـێـرانـەوە، بەو مەرجەی حکومەتی هەرێم رێگربێت لە جموجۆڵی چەکداریی لەسەر سنورەکان، لە رۆژانـی سێشەممەو چوارشەممەی رابردوو تەئکید لەسەر ئەو مەسەلەیە کـراوەتـەوەو رۆژی چوارشەممە دوای گەرانەوەی دەستە هاوبەشەکە لە هەرێمی کوردستانەوە، بڕیاریان داوەو هەموو مەرزەکانی سنور ئاگادار کراونەتەوە، کە دەبێت لە رۆژی شەممەوە تۆپباران رابگیرێت.

سەبارەت بە سەردانەکەی رۆژی ٢/١٢ی مەنوچەهر موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئـێـران بۆ کوردستانو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی: «سەردانەکەی وەزیـری دەرەوەی ئێران تایبەت بوو بە چاوپێکەوتنو تەئکیدکردنەوە لەسەر باشکردنی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئـێـران لـەگـەڵ عـێـراقو هەرێمی کـوردسـتـان، بـەڵام بـۆ مەسەلەی تۆپبارانەکان ئێمە چەند رۆژی رابردوو دانیشتنی تایبەتیمان کردبوو و رێککەوتننامەیەکمان ئیمزا کردووە بۆئەوەی تۆپباران رابگیرێت، بەو مەرجەی ئەو هێزە چەکدارانەی کە لە ناوچەکانی سنوری هەرێمن، نەچنە ناو خاکی کۆماری ئیسلامیو چالاکی چەکداریی ئەنجام نەدەن دژی ئێران».

دوای سەردانی نێچیرڤان بارزانیو وەفدێکی حکومەت لە ٢٠٠٨/٨/١٠و دواتر سەردانی مەسعود بارزانیو وەفدێکی ئەنجومەنی بـاڵای پارتە سیاسییەکان لە رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٢ بۆ ئێران، کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی هەرێمو کۆماری ئیسلامی ئێران پێکهات، بەوتەی نازم عومەر، ئەو کۆمیتەیە پێکهاتووە لـە دەسـەڵاتـدارانـی هـەردوولا بۆئەوەی بتوانن بەدەم کێشەکانەوە بچنو چارەسـەری بۆ بدۆزنەوەو بڕیاری پێویست بـدەنو کۆمیتەکە کۆبوونەوەی دەوری دەکاتو بڕیارە لەمەودوا کۆبوونەوەکان زیاترو چڕتر بکرێنەوە، بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوونی ئەو خروقاتانەی لە مەرزەکان ئەنجام دەدرێن.

دەربارەی ئەوەی تا چەند حکومەتی هەرێم توانای ئـەوەی هەیە رێ لە جموجۆڵی چەکداریی بگرێت لەسەر سنورەکان، نـازم عومەر ئاماژەی بەوەکرد، مەسەلەی راگرتنی تۆپباران بڕیارێکی موتڵەق نییە، بەڵکو ئەوەی بڕیاری لێدراوە، هاوکاری تەواوە لەنێوان حکومەتی هەرێمو کۆماری ئیسلامی بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە، دەبێت هاوڵاتیانی ناوچەکەش ئەوە بـزانـن، ژمـــارەی ئەنجامدانی ئەو چالاکییە چەکدارییانەی کە لە ئێران ئەنجامیانداوەو گـەراونـەتـەوە بۆ کوردستان، زۆرن، وتیشی: دەبێت بزانین ئەو هێزە چەکدارانە مەبەستیان چییە کە لـەم قۆناغە ناسکەدا کە کۆمەڵێک کێشەو پرسی گرنگ هەیە لە عێراقدا، خەریکی ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەنو گرفت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن، «ناتوانین بڵێین لە سەدا سەد ئەو چالاکییانە بنەبڕ دەکـەیـن، بەڵام هەوڵی بـەردەوام دەدەیـن لەلایەن هەرێمو ئێرانەوە بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە».



## بەیانیت باش کوردستان

# پەرلەمان لە وەزیری وەرزشو لاوان دەپرسێتەوە

فەلاح نەجم

ئاریز عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانو کاروباری رۆشنبیری لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگـەیـانـد: لـەگـەڵ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەماندا، تەها بەرواری، وەزیـری وەرزشو لاوان بانگ دەکرێتە پەرلەمان بۆ لێپرسینەوە. پێشتریش دەربـارەی ئەو رەخنانەی کە روبـەرووی ئەو وەزارەتە بووەتەوە، پەرلەمان چەندین پرسیاری ئاراستەی تەها بەرواری، وەزیری ئەو وەزارەتـە کردووە، بۆئەوەی پێش هاتنی بۆ پەرلەمان، وەڵامی بداتەوە.

هاوکات ئەمیر حامید، بەرێوەبەری گشتی راگەیاندن لە وەزارەتــی وەرزشو لاوان وتی: «تائێستا پەرلەمان بە رەسمی داوای لە وەزیری وەرزشو لاوان نەکردووە بچێتە پەرلەمان بۆ لێپرسینەوە».

# دروستکردنی (٥) قوتابخانە لە شەقڵاوە

ئەحمەد باڵەکی

دلاوەر عومەر، قایمقامی قەزای شەقڵاوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی بڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا لە ساڵی ٢٠٠٩دا (٥) قوتابخانە لە سنوری شەقڵاوە دروسـت بکرێت. قایمقامی شەقڵاوە ئاماژەی بەوەشدا بەپێی بڕیارەکە قوتابخانەیەکی (١٨) پۆلی لە باتاس، قوتابخانەیەکی (١٨) پۆلی لە کۆرێ، یەکێکی (٩) پۆلی لە هەریر بەربیان، قوتابخانەیەکی (١٨) پۆلی لە باسرمەو قوتابخانەیەکی (١٨) پۆلیش لەناو هەریر دروست دەکرێت.

# پرۆژەیەک (٥٠٠) دۆنم زەوی بەراو دەکات

ئەحمەد باڵەکی

لە ناحیەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران بڕیاردرا پرۆژەیەکی ئاودێری بۆ ئەو ناوچەیە، لەلایەن کۆمپانیای برج ئەمیان بە بڕی (٩٤٤) هەزارو (٧٣٠) دۆلار لەسەر بودجەی بانکی نێودەولەتی جێبەجێ بکرێت.

موسلیح زرار، بەرێوەبەری ناحیەی سیدەکان رایگەیاند: بە تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە نزیکەی (٥٠٠) دۆنم زەوی بەراو دەکرێتو (٢٥٠) خێزان لێی سودمەند دەبن. ئەو گوندانەش کە پرۆژەکە دەیانگرێتەوە بریتین لە (کاولان ـ سەرو، گۆرمەمک، لۆکانو سنین).

# سوید ژمارەیەکی تر پەنابەری کوردی بەزۆر ناردەوە

سبەی

لە چوارچێوەی دەرکردنی پەنابەرە کوردەکان، حکومەتی سوید ژمارەیەک پەنابەری تری لەشاری یۆتۆبۆرییەوە رەوانەی عێراق کردەوە.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، دوێنێ شەممە، نزیکەی (٤٠) پەنابەر لە شاری یۆتۆبۆری سویدەوە بە کەلەپچەکراوی خراونەتە فرۆکەیەکی تایبەتەوەو بـەرەو عەمانی پایتەختی ئـوردنو پاشان بەغدا نێردراونەتەوە.

شوان ئەحمەد، کە ماوەی دوو هەفتەیە لەلایەن دەزگـای کۆچی ئەو وڵاتــەوە دەستبەسەرکراوەو بەهۆی تـەواونـەبـوونـی مامەڵەکەیەوە فریای ناردنەوەکەی ئەمجارە نەکەوت، رایگەیاندووە: «شەوێک بەر لە ناردنەوەی هاورێکانی، پەنابەران لە هەوڵێکدا ویستویانە دەرگای گرتوخانەکەیان بشکێننو هەڵبێن، بەڵام ئەو هەوڵەیان لەلایەن پۆلیسەوە پوچەڵ کراوەتەوە»، وتیشی: «سەعات چواری بەرەبەیان بە زۆر پەنابەرە کوردەکان خراونەتە ناو ئۆتۆمبیلی تایبەتەوە».

پەنابەران دور لەچاوی کامێرای تەلەفزیۆنو راگەیاندنو رۆژنامەنوسان دەنێردرێنەوە. ماوەیەکە پەنابەران لەلایەن دەزگاکانی پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەگیرێنو دەخرێنە شوێنێکی داخراوەوە، کە تایبەتە بە دەزگای کۆچو پاشان ئامادەکاری بۆ ناردنەوەیان دەکرێت.

# CPJ: رەوشی رۆژنامەنوسان لە هەرێم جێگای نیگەرانییە

**بەرهەم خالید**

کۆمیتەی بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ساڵی ٢٠٠٨ کوشتنی رۆژنامەنوسانو بەندکردنیان روی لە کەمبوون کردووەو دەربارەی بارودۆخی رۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستانیش هێما بۆ ئەوە دەکات، مەترسی لەسەر ئازادیی رۆژنامەنوسی هەیە لە هەرێم، هەرچەندە لەڕوی ئەمنییەوە هەرێم کەمتر روبەڕوی کارە توندوتیژییەکان بووەتەوە.

CPJ لە دوایین راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا، کە رۆژی ٢٠٠٩/٢/١٣ بڵاویکردووەتەوە، هێما بۆ ئەوە دەکات کە مەترسی لەسەر ئازادیی رۆژنامەنوسی هەیە لە هەرێم، هەرچەندە لەڕوی ئەمنییەوە هەرێم کەمتر روبەڕوی کارە توندوتیژییەکان بووەتەوە کە پێشتر عێراقی گرتبووەوەو ئاماژە بە راپۆرتێکی دیکەی کۆمیتەکە دەکات لە مانگی ئایاری ساڵی رابردوودا بە ناونیشانی «عێراقێکی دیکە» کە تێیدا نیگەرانی خۆی لەسەر بارودۆخی کارکردنی رۆژنامەنوسان دەربڕیبوو لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت دەستگیرکردنو توندتیژی بەرامبەر بە رۆژنامەنوسانو چەند نمونەیەکی لەوبارەیەوە خستوەتەڕوو، باس لە دیداری کۆمیتەکەیان دەکات لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمو پێیوتون: «کەشێکی گونجاویان بۆ رۆژنامەنوسان رەخساندووەو رێنماییان بە دەزگا ئەمنیەکان داوە، کە بە هیچ شێوەیەک مافی رۆژنامەنوسان پێشێل نەکەن، هەروەها ناکرێت رۆژنامەنوس پیشەکەی بۆ ناشرینکردنی بەرامبەر بەکاربهێنێت».

دەربارەی یاسای کاری رۆژنامەگەری هەرێمیش، کە مانگی ئەیلولی رابردوو لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، CPJ دەڵێت: هەرچەندە دەستگیرکردنی رۆژنامەنوسی قەدەغەکردووە، بەڵام بێ کێشە نییەو «لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا پەرلەمانتارانی کوردستان چەند یاسایەکی قورسیان بۆ رۆژنامەنوسان پەسەندکردووە».

هەروەها باسی لەو پێشێلکارییانەش کردووە، کە بە پێچەوانەی یاساکەوە دەرهەق بە رۆژنامەنوسان ئەنجامدراون بە تایبەت دەستگیرکردنی رۆژنامەنوسانو نمونەی دەستگیرکردنی شوان داودی، سەرنوسەری هەفتەنامەی هەواڵو د. عادل حسێنی هێناوەتەوە، کە لەلایەن دادگاکانی هەرێمو بە پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییەوە دەستگیرکراون، ئەوە سەرەڕای کوشتنو توندوتیژی دیکە بەرامبەر بە رۆژنامەنوسانی کوردستان.

لە دوایین راپۆرتیدا دەربارەی بارودۆخی رۆژنامەنوسان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقا، کۆمیتەی بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان CPJ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ماوەی ساڵی ساڵی ٢٠٠٨دا (٤١) رۆژنامەنوس لە سەرانسەری جیهاندا کوژراون کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو ژمارەیەکی کەمە.

CPJ لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوەشداوە، کە ساڵی ٢٠٠٨ لە عێراق (١١) رۆژنامەنوس کوژراون، کە ئەویش ژمارەیەکی کەمە بە بەراورد بە ساڵانی رابردوو هۆکاری ئەوەشی بۆ باشبوونی رەوشی ئەمنی لە عێراق دەگەڕێنێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا ئاماژە بەو پێشێلکارییانە دراوە کە لە لایەن سوپای ئەمریکاوە لە دەرەوەی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان ئەنجامدراون، بە تایبەت کە تا ئێستاش ئیبراهیم جەسام، وێنەگری ئاژانسی رۆیتەرز لە عێراق لای سوپای ئەمریکا زیندانییە، سەرەڕای ئەوەی دادگای عێراقی ئازادی کردووە.

لە بەشی تایبەت بە عێراق لە راپۆرتەکەدا، کۆمیتەی بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان دەنوسێت: «سەرەڕای دابەزینی ژمارەی کوشتنی رۆژنامەنوسەکان لە عێراق بۆ (١١) رۆژنامەنوس کە بە رێژەی (٦٦٪) کەمی کردووە لەچاو دوو ساڵی رابردوو، بەڵام بۆ شەشەم ساڵ لەسەر یەک، ئەمساڵیش عێراق لە ریزبەندی یەکەمی ئەو وڵاتانەیە کە زۆرترین مەترسی بۆ سەر ژیانی رۆژنامەنوسان هەیە».

بەپێی راپۆرتەکە ئەو (١١) رۆژنامەنوسەی ساڵی ٢٠٠٨ کوژراون، سەرجەمیان عێراقینو لەگەڵ کەناڵو دەزگا ناوخۆییەکان کاردەکەن، ئەوەش ئاماژەیە بۆ کەمبوونەوەی کەناڵە بیانییەکان لەو وڵاتە، CPJ هۆکاری کەمبوونەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە رۆژنامەنوسان لە عێراق بۆ باشبوونی رەوشی ئەمنیو زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکاو هەڵمەتەکانی سەحوە دژ بە قاعیدەو وەستانی شەڕ لەلایەن موقتەدا سەدرەوە دژ بە ئەمریکاو هەڵمەتە بەردەوامەکانی هێزەکانی ئەمریکاو عێراق دژ بە گروپە تیرۆریستەکان دەگەڕێنێتەوە.

# ئەسیل نجێفی: کێشەمان لەگەڵ کورددا نییەو لەگەڵ حیزبەکانیاندا ناکۆکین

**سازدانی:**
**هەستیار قادر**

**ئەسیل نجێفی، سەرۆکی لیستی حەدبای نیشتمانی موسڵ، ئاماژە بەوەدەکات کە لیستەکەی چەندین کوردی تێدایە لە ئاستی سەرکردایەتیداو هەندێکیان ناوێرن ناوی خۆیان ئاشکرا بکەنو پەیوەندیشی لەگەڵ جەوهەر هەرکیدا بە هێزە**

**ئەسیل نجێفی، کە لیستەکەی زۆرینەی دەنگەکانی موسڵی بەدەستهێناوە، لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا رایگەیاند: لێدوانی بەرپرسانی کورد لە موسڵ لە هاوپەیمانێتیو رێککەوتن دورمان دەخاتەوە**


ئەسیل نجێفی

**رۆژنامە: هاوپەیمانی لەگەڵ کێ دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی محەلی لە موسڵ؟**

* هەرچەندە هێشتا کات زووە بۆ باسکردنی هاوپەیمانێتی بەهۆی دەرنەچوونی دەرئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، بەڵام ناڕەزایی خەڵکی موسڵ هەیە بەرامبەر بە هەندێک لە سەرکردایەتی حیزبە کوردستانییەکان لە شارەکەو هاوڵاتیان خواستیان نییە جارێکی تر ئەو بەرپرسانە لە موسڵ بگەڕێنەوە دەسەڵاتی ئیدارییو ئێمە دەخوازین لە سەرکردایەتی سیاسی پارتە کوردییەکان، بارودۆخی نوێی موسڵ قبوڵ بکاتو بەهەند وەریبگرێتو پێویستە کەشی نوێی پەیوەندیش بڕەخسێنن لەنێوان کوردو عەرەبدا.

**رۆژنامە: ئەگەر هەیە هاوپەیمانی لەگەڵ کورددا بکەنو ئەگەرەکانی پێچەوانەی ئەو هاوپەیمانێتییەش چییە؟**

* هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ لیستەکانی تردا یەکلایی بووەتەوەو سەبارەت بە لیستی برایەتی نەینەواش، بەم دواییە بەرپرسەکانیان لێدوانی ئیستفزازیو وەڕسکەر دەدەنو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەردەوامن لە سیاسەتی پێشویان لە شاری موسڵدا، ئەم لێدوانانە دەرنجامی باشی نابێت لە لێکگەیشتنو لە ئەگەری هاوپەیمانی دورمان دەخاتەوە.

**رۆژنامە: هەڵوێستتان بەرامبەر بە چەمکی ناوچە دابڕاوەکان لە موسڵ چییە؟**

* ئەم دۆسیەیە دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە ناوچەی موسڵ، کە دەبێت سەرچاوەیەکی بڕیاری یەکگرتووی هەبێت لە ناوچە دابڕاوەکانداو دەبێت ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی کۆتایی سەر بە پارێزگای موسڵ بن بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمی کوردستان. لایەنی دووەمیش مامەڵەکردنی دەستورییانەیە لەگەڵ ناوچە کێشەدارەکان، کە لە دەرەوەی سنوری دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگایەو لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیو پەرلەماندایە، ئێمە پێمانوایە ئەنجومەنی پارێزگا تاکە لایەنی بڕیاردەر دەبێت سەبارەت بە سنوری ئیداریی شارەکەو پێشمانوایە، کە ئەو کێشەیە هێندە ئاڵۆز نییەو ئەو ناوچانە یەکلایی کراوەتەوە کە سەر بە موسڵنو دەشکرێت لایەنە ناکۆکەکان بگەنە رێککەوتن لەسەری.

**رۆژنامە: هاوسەنگی سیاسی لە ئەنجومەنی پارێزگای نوێدا چۆن دەبێت، ئایا چاوەڕێ ناکەن کورد لە هێزی خۆیەوە لە ئەنجومەنی پارێزگا کار بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بکات بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

* ئێمە لە لیستی حەدبا بێگومانین کە ئەو ناوچانە سەر بە پارێزگای موسڵنو ئەو خەڵکەش کە تیایدان یان عەرەبن یان لە کەمینەکانن‌و ئەو کەمینانەش پێویستە کەشێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ پێکەوەژیان بەرلەوەی رای خۆیان لەسەر ئایندەی ناوچە کێشەدارەکان دەربڕن. ئێمە لە لیستی حەدبا بە رێگای سیاسی بەرگری لەو تێڕوانینەی خۆمان دەکەین سەبارەت بە پەیوەستبوونی ناوچە کێشەدارەکان بە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵەوە.

**رۆژنامە: کەسایەتی کوردی لە لیستەکەی ئێوەدا هەیە؟ ئەگەر هەیە بۆ ناویان ئاشکرا ناکەن؟**

* چەندین کەسایەتی کوردی لە لیستی حەدبادا هەن، هەندێکیان ئازایەتی پێویستییان نەبوو، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەربکەونو بە نهێنی مانەوەو هەندێکیشیان لە هەڕەشەی حیزبە کوردییەکان دەترسان، بۆیە ناویان رانەگەێنراو لەو کەسایەتییانەش کە رۆڵی سەرکردایەتی لە لیستی حەدبا دەگێڕن، (دلدار عەبدوڵڵا زێباری)یە.

**رۆژنامە: پەیوەندیت لەگەڵ جەوهەر هەرکی، سکرتێری حیزبی ئازادیو دادپەروەری کوردستان هەیە؟ بۆ ئەو کەسایەتییەشتان بۆ ناو لیستەکەتان بانگهێشت نەکرد، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو کوردانەی لایەنە سیاسییە کوردەکان بە نەیاری خۆیانی دەزانن، لە لیستی حەدبادا هەن؟**

* بەڵێ پەیوەندی توندوتۆڵی هاوڕێیەتیو سیاسیمان هەیە، بەڵام رازیی نەبوو، کە بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵدا بکاتو ئێمەش رێز لەو بڕیارەی دەگرین.

**رۆژنامە: بەوە تاوانبار دەکرێیت کە دژ بە کوردیت، ئایا ئەو هەڵوێستە دژ بە کوردە وەک نەتەوەیە یان لایەنە سیاسییەکانی؟**

* من لەگەڵ ئەوە نیم نەتەوەی کورد بخزێنرێتە حیزبێک یان چەند حیزبێکەوە، ئێمە ناکۆکی سیاسیمان لەگەڵ هەندێک حیزبی کوردستانی هەیە، نەک لەگەڵ میللەتی کورداو ئەم ناکۆکییانەش، لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر دەگۆڕێت، ئێمە لە موسڵ زۆربەی کێشەکانمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانە، نەک لەگەڵ یەکێتیداو هەڵوێستیشمان بەرامبەر بەو حیزبانە لەسەر بنەمای ئەدای سیاسییانەوەیە. پێمانوایە نەتەوەی کورد میللەتێکی زوڵم لێکراوەو رێزیشیان لێدەگرین، تەنانەت ئەگەر جیاواز لە ئێمەش بیربکەنەوە.

# ئازادکردنی بەندکراوەکان، لەسەر داوای هۆزە عەرەبییەکان بووە


بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک هۆزی عەرەبدا فۆتۆ: ئەرشیف

بەهادین یوسف

سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی ئازادکردنی سەرجەم بەندکراوە عەرەبەکان دەدات، کە لە گرتوخانەکانی هەرێمی کوردستاندان. جێگری پارێزگای موسڵیش ئاماژە بەوەدەکات، کە ئازادکردنی بەندکراوەکان لەسەر داوای هۆزە عەرەبییەکان بووە.

کۆتایی هەفتەی رابردوو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرمانیدا بە ئازادکردنی سەرجەم ئەو زیندانییە عەرەبانەی دەرەوەی کوردستان، کە لە گرتوخانەکاندان و هیچ تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ نەبووەتەوەو لەو چوارچێوەیەدا تا ئێستا نزیکەی (٣٠) بەندکراو ئازادکراون.

د. فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو بەندکراوانەی ئازادکراون، پێشتر لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو عێراقەوە دەستگیرکرابوون، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەمنییەوە هێنرابوونە هەرێم و دوای لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیان، ئەوانەی بەشدارنەبوون لەکاری توندڕەویی و تیرۆرستی، ئازاد دەکرێن و وتیشی: «ئەو زیندانییانە لەلایەن هێزەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەستگیرنەکرابوون، بەڵکو زیندانی ئەمریکییەکان و لە ترسی هەڵهاتن یان هێرشکردنە سەریان لەلایەن تیرۆرستانەوە بۆ ئازادکردنیان، رادەستی ئاسایشی هەولێرو دهۆک کرابوون»، رونیشیکردەوە ئەوان بەردەوام دەبن لە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیان و ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا تەواوکراوەو هیچ تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ نەبووەتەوە، ئازاد دەکرێن.

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەوەشی رەتکردەوە، کە ئازادکردنی ئەو زیندانییانە پەیوەندیی بە هیچ جۆرە رێککەوتنێکەوە هەبێت و لەوبارەیەوە وتی: «پێشتریش سەرۆکی هەرێم بەڵێنی ئازادکردنی ئەو کەسانەی دابوو، کە هیچ تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ نەبووەتەوە».

خەسرەو گۆران، بەرپرسی لقی موسڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری پارێزگاری موسڵ، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، سەرۆکی هەرێم بڕیاری ئازادکردنی ئەو زیندانییانەی داوە، کە خەڵکی دەرەوەی هەرێم یان موسڵن و بەهۆی باری نائاسایییەوە لە کوردستان بەندکرابوون و بڕیاریشە سەرجەم زیندانییەکانی هەرێم لە خەڵکی دەرەوە بەتاڵ بکرێنەوە، کە حوکم نەدراون یان هیچ تاوانێکیان بەسەردا ساغ نەبووەتەوە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵییەوە بە هەڵبژاردن، دواخراوەو پەیوەندیی بە هیچ رێککەوتنێکەوە نییە.

رۆژی ٢٠٠٩/١/١٩ وەفدێکی سەرۆک هۆزو کەسایەتییەکانی سنوری پارێزگای موسڵ، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، چەند داواکارییەکیان ئاراستەی بارزانی کرد، خەسرەو گۆران لەوبارەیەوە وتی: «یەکێک لە داواکارییەکانی سەرۆک هۆزەکان ئازادکردنی ئەو بەندکراوە عەرەبانە بووە».

جێگری پارێزگاری موسڵ ئاشکراشیکرد، پێشتر بە دوو وەجبە جارێک (١٠٠) زیندانی و جارێکی تر (٩٦) زیندانی ئازادکراون و رادەستی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی موسڵ کراون و دواتر دراونەتەوە کەسوکاریان، «بەڵام ئەو (٣٠) زیندانییە ئەمجارە راستەوخۆ ئازادکراون و رادەستی پۆلیس نەکراون، بڕواناکەم ئێستا هیچ بەندکراوێکی تر لای ئاسایش بێت».

# ڕێکخراوێک چاودێریی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکات

سامان بەشارەتی

تۆڕی رۆژ بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان، بە هاوکاریی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ، هەڵدەستن بە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ڕێکخەری گشتی ڕێکخراوەکەش ئاماژە بەوەدەکات، کە چاودێری و بەدواداچوونی کیانە سیاسییەکان و پاڵێوراوەکانیان دەکەن، سەرپەرشتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش دەکەن، «بۆئەوەی ساختەکاریی لە دەنگەکاندا نەکرێت».

بڕیارە بۆ هەڵبژاردنی ٥/١٩ی هەرێمی کوردستان، تۆڕی (رۆژ) بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، چاودێریی هەڵبژاردنەکە بکات، هۆگر چەتۆ، ڕێکخەری گشتی تۆڕی رۆژ بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، بە رۆژنامەی راگەیاند: کارکردنی تۆڕی رۆژ لە سەرتاسەری عێراقە، بەڵام بەشێکی قورسایی کارەکانیشمان لە هەرێمی کوردستانە، هێمای بۆ ئەوەشکرد، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە لە ٥/١٩دا دەکرێت، تۆڕی رۆژ هەڵدەسێت بە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە بە هاوکاریی نەتەوەیەکگرتووەکان، وتیشی: «تەنها چاودێریی ئەو رۆژەی هەڵبژاردنیش ناکەین، بەڵکو چاودێریی دەورەی تەواوی هەڵبژاردن دەکەین، چاودێریی و بەدواداچوونی ئەو کیانە سیاسیانەو پاڵێوراوەکانیان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەم کەسانە لێهاتوون و دەتوانن داواکارییەکانی هاوڵاتییان جێبەجێ بکەن؟ تا چەند لەگەڵ یاسای هەڵبژاردن دەگونجێن؟»، رونیشیکردەوە ئێستا چاوەڕێی پەرلەمانی کوردستانن بۆ ئەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان تەواوبکات و بیداتە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکەش دەست بە کارەکانی خۆیان بکەن.

کارێکی تری تۆڕی رۆژ بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، چاودێریکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە، کە لە دەزگاکانی راگەیاندندا دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانن ئەو پێشێلکاریانەی رودەدەن چین، هەروەها چاودێریی سەرچاوەی دارایی کیانە سیاسییەکانیش دەکەن، دواتریش چاودێریی ئەو بەڵێنانەش دەکەن کە لەکاتی هەڵبژاردندا دەدرێنە هاوڵاتی بۆ ئەوەی بزانن لەدوای هەڵبژاردن چەند لەو بەڵێنانە جێبەجێ دەکرێت. ڕێکخەری گشتی تۆڕی رۆژ بۆ چاودێریی هەڵبژاردن وتی: «کۆمەڵێک کادیری باشمان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن ئامادەکردووەو مەشقیشیان لە دەرەوەی وڵات پێکراوە، کە شارەزاییەکی باشیان لە یاسای هەڵبژاردندا هەیەو دەتوانن چاودێرییەکی باشی سندوقەکانی دەنگدان بکەن».

تۆڕی رۆژ بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، یەکێکە لەو تۆڕانەی لە ساڵی ٢٠٠٤دا بە هاوکاریی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپاو بە هاوکاریی یەک لە ڕێکخراوە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا کە تایبەتە بە هەڵبژاردن و هەروەها سەنتەری کار بۆ چاودێریی لێکۆڵینەوە لە مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە، بڕیارە بۆ ئێستای ئەم خولەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چاودێریی هەڵبژاردنەکان بکات.



# بەغدا دەیەوێت سنورەکان لە هەرێم بتەنێت


مەرزی باشماخی نێودەوڵەتی

ساڵح ڕەحمان

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق لە هەوڵی ئەوەدایە ڕێگا لەو هاتوچۆیە بگرێت کە لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێن و سنورەکانی هەرێم بتەنێت، چونکە بەوتەی بەرپرسانی ئەو وەزارەتە، سەرجەم هاتوچۆکان کە لە مەرزەکانی هەرێمەوە ئەنجام دەدرێن «نایاسایین»، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی رەگەزنامەو پاسپۆرت و نشینگەی هەرێم جەخت لەوەدەکاتەوە، تێکرای ئەو مامەڵانەی لە مەرزەکانی هەرێمەوە ئەنجام دەدرێن، یاسایین و بە گوێرەی سیستمی مەرکەزیی ئەنجام دەدرێن.

لیوا موحسین عوسمان، بەڕێوەبەری گشتی رەگەزنامەو پاسپۆرت و نشینگە، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، تائێستا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە بە رەسمی هیچ نوسراوێکیان بەدەست نەگەیشتووە باس لە نایاسایی هاتنە ناوەوەی ئەو کەسانە بکات کە لە سنورەکانی هەرێمەوە دێنە ناو خاکی عێراق، وتیشی: «سەرجەمی ئەو مامەڵانەی لە مەرزەکانی کوردستانەوە بۆ کەسانی بیانی دەکرێت و ڤیزایان بۆ دەکرێت، بەشێوەیەکی یاسایین و مۆری حکومەتی عێراقیان لەسەرە»، چونکە وەکو لیوا موحسین هێمای بۆ کرد، مۆرو پاسپۆرت و ڤیزای هاتنە ناوەوەی عێراق مەرکەزییەو سەرجەمی ئەو پێداویستییانە لەلایەن بەغداوە دابین کراون.

چەند رۆژێک لەمەوبەر لیوا عەبدولکەریم خەڵەف، وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، باسی لەوەکردبوو کە ئەو بیانییانەی لە هەرێمی کوردستانەوە دێنە ناو خاکی عێراق، بەشێوەیەکی نایاسایی دێنە ناوەوەو ئەگەر حکومەتی عێراق دەستی بیانگاتێ، دەستگیریان دەکات، داواشی کردبوو سنورەکان بە ڕوی بیانییەکاندا نەکرێنەوەو هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی نەبێت مامەڵەی هاتنە ناوەوە بۆ بیانییەکان و ئەو کەسانە بکات، کە دێنە ناو خاکی عێراقەوە، وەکو خەڵەف وتی: «حکومەتی عێراق ئەو رێگەپێدانانەی هەرێمی کوردستان بۆ هاوڵاتیانی بیانی دەیکات، بە نایاسایی دەزانێت و مامەڵەیان پێناکات».

عەقید رۆستەم مەحمود کۆکۆیی، لێپرسراوی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ، ئاماژەی بەوەکرد، هەموو ئەو هاوڵاتییە عێراقییانەی دەچنە دەرەوەی وڵات و دەگەڕێنەوە، بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەیان بۆ دەکرێت، ئەو بیانییانەشی کە دەیانەوێت لەو مەرزەوە بێنە ناو خاکی کوردستان و عێراق، بە پاسپۆرتەوە هاتوچۆ دەکەن و دەبێت ڤیزای عێراقیان هەبێت، وتیشی: «تا ئێستا لە مەرزی باشماخەوە هیچ کەسێکی بیانی بەشێوەیەکی نایاسایی نەهاتووەتە ناو خاکی هەرێمەوەو سەرجەم مامەڵەکان یاسایی بوون».

بەڕێوەبەری گشتی رەگەزنامەو پاسپۆرت و نشینگە هێمای بەوەکرد، کە لێدوانەکانی عەبدولکەریم خەڵەف هیچ بنەمایەکی دروستیان نییە، چونکە «ئەو کەسانەی لە مەرزەکانی کوردستانەوە دێنە ناو خاکی عێراقەوە، هیچ گرفتێکیان نییەو بەشێوەیەکی مەرکەزی مۆری هاتنە ناوەوەیان لە پاسپۆرتەکانیان دەدرێت، ئەگەر مامەڵەکانیشیان نایاسایی بن، ئەوا ڕێگایان پێنادرێت و دەگەڕێنرێنەوە».

بەوتەی چاودێران، ئەو لێدوانانەی وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیەو دەیەوێت سنورەکان لە هەرێمی کوردستان بەرتەسک بکاتەوەو دەسەڵاتی مامەڵەکردنی هاتوچۆ لە مەرزەکانی هەرێم بسەنێتەوە، لێپرسراوی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ باسی لەوەکرد، بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بەو کەسانە نەدراوە، کە دەیانەوێت بەشێوەیەکی نایاسایی بێنە ناو خاکی هەرێمەوەو لە کارەکانی خۆشیان بەردەوام دەبن، چونکە «مەرزەکەیان نێودەوڵەتییەو لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بە مەرزێکی رەسمی ناسێنراوەو مامەڵەکانیشیان یاسایین».

www.netewe.com



م. شۆڕش حەسەن عومەر

# هەڵبژاردنی پەرلەمان یان دیسان پاوانکردنی دەسەڵات

ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٢ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێم دا، چەند مەسەلەیەکی گرنگ لەسەر چارەنوسی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم قسەی لەسەرکرا، کە هەر یەکێک لەم مەسەلانە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە، لەوانەش، دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بە ٢٠٠٩/٥/١٩ لەلایەن پەرلەمانەوە لە کاتێکدا پەرلەمان خۆی لەم کاتەدا کۆتایی بە نوێنەرایەتی دێت، بەشداری پارتیو یەکێتی بە لیستێکی هاوبەش لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، دابەشکردنی هەردوو پۆستی سەرۆکی پەرلەمانو حکومەتی ئایندەی هەرێم لەلایەن سەرۆکی حکومەتی ئێستاوە بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن!!

ئەوەی لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین ئەوا دابەزینی پارتیو یەکێتییە بە لیستێکی هاوبەش لە هەڵبژاردندا، کە ئەم هەنگاوەی ئەوان بەراستی زیاتر لە مانایەک هەڵناگرێت، ئەویش ئامانجی لەباربردنی پرۆسەی دیمکراسییە لە هەرێم، کە ئەم پرۆسەیە بەندە بە بوونی فرە حیزبیو ململانێی سیاسی ئازاد لە نێوانیاندا، ئەمانەش لە هەموو دنیای دیموکراسی بناغەی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد پێک دێنن، دیموکراسیەتیش بێ هەڵبژاردنی ئازاد ناوێکی بێ ناوەڕۆکە.

ئاشکرایە ململانێو هاوپەیمانییەتی نێوان حیزبەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کارێکی دروستو ئاساییە، هەر حیزبێک سەربەستە لە شێوەو چۆنیەتی بەشداری لە هەڵبژاردندا، هەروەها لەگەڵ چ لایەنێک دەچێتە هاوپەیمانیەوە، بەپێی بارودۆخی گۆڕەپانی سیاسی وڵاتەکەو ڕۆڵی حیزبەکە لەسەر ئاستی وڵاتەکەدا، گرنگ ئەوەیە هەموو ئەو جموجۆڵەی دەکرێت لەلایەن حیزبەکانەوە مەبەستی بەگەڕخستنی ژیانی سیاسیو سەرخستنی پرۆسە دیمکراسییەکە بێت.

ئەوەی لە هاوپەیمانیەتی ئێستای پارتیو یەکێتی بەدیدەکرێت، بە بەراورد بە ڕابردویانو کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانو ئەزمونی شکست خواردوی فەرمانڕەوایەتیان، ناتوانین بڵێین: ئەو هاوپەیمانیەتە سیاسییەی نێوانیان کارێکی دروستو ئاساییە، چونکە ئەوان ئەگەر مەسەلەی ترس لە یەکترو لە جەماوەری کوردستان نەبێت، ئەوا پێویستیان بەو هاوپەیمانیەتەی یەکتر نییە، لەکاتێکدا ئەوان خۆیان لەسەر زۆر شت لەنێو خۆیاندا گونجاو نین، چونکە هەریەکێک لەوان حیزبێکی خاوەن ڕابردوو پێگەی جەماوەری فراوانو بێ هاوپەیمانیەتیشی هیوای زۆریان هەیە ژمارەیەکی باش کورسی پەرلەمان بەدەست بێنن.

ئەوان لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە بە شەریکی دەسەڵاتی کوردستانیان قۆرغکردووە تا ئەمڕۆ، کە بەداخەوە ئەدای هەردوو حیزب لەم بوارەدا لە ئاستی داخوازیو ڕەزامەندی خەڵک نەبوو، تائێستا بە کردەوە دوو حکومەتی جیاواز لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەریەکەیان هی حیزبێکە لە پارتیو یەکێتی، بۆیە ئەوان بەو هاوپەیمانەتیەیان مانای بەردەوامبوونی قۆرغکردنی دەسەڵاتی سیاسییە لە کوردستانو بەردەوامبوونی ئەو ئەزمونە شکست خواردوەی حوکمڕانیەتیە، کە نەک هەر خەڵک بەگشتی نارازییە بەرامبەری، بەڵکو زۆرێک لە لایەنگرانی خۆشیان.

ئێمە لێرەدا ڕێزمان بۆ خەباتو جەماوەری هەردوو حیزب هەیەو ئەوانیش بەشێکی سەرەکی ئەم میللەتە پێک دێنن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە دەبێت هەموو شتێکیان لێ قبوڵ بکرێتو بێدەنگ ببین، بەش بە حاڵی خۆم ئەو هاوپەیمانیەتیەی ئەوان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بە زەنگێکی خەتەر دەزانم لەسەر پرۆسەی دیمکراسی لە هەرێمو پاوانکردنی دەسەڵات تیایدا.

پارتیو یەکێتی باشتربوو بۆخۆیان بەر لە جەماوەر ئەگەر بە جیا بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان بکردباو دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەشیان قبوڵ کردبا بە هەر چۆنێک بوایە، کەمینەی کورسی یا زۆرینەیان بەدەست هێنابا یاخود لە ئۆپۆزسیۆن بمایەتەوە. چونکە لانیکەم حەقیقەتی هەریەکێکیان بۆ میللەت دەردەکەوت هەروەها بۆخۆشیان، لایەنی سیاسی تریش دەهاتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنو دیمکراسییەکە بەهێزتر دەبوو بەبوونی دەنگو ڕەنگی جیاواز لە پەرلەماندا، نەک لەپای هاوپەیمانیەتی ئەواندا دیسان پەرلەمانێک دێتە وجود، لاوازو بێ دەسەڵاتو بە فەرمانی ئەو دوو حیزبە هەڵدەسوڕێت.

بەڵام دیارە سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە بنەماکانی دیمکراسییەتیان قبوڵ نییەو هەزمی ناکەن، چونکە تا ئێستا مەترسییان لە یەکتر هەیە بە ڕادەی یەکەم بەر لە ترسی هەردووکیان لە جەماوەرو لایەنە سیاسییەکانی تر، ئەوان هیچ کامێکیان قایل نابێت کەمینەیەکی پەرلەمانی بێ لە ڕاست زۆرینەی ئەوی تردا لە پەرلەمان، یاخود یەکێکیان بکەوێتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنو ئەوی تر لە حوکمدا بێت، چونکە لە سیستمی فرە حیزبیدا قۆرغکردنی دەسەڵات بۆ چەند دەورەیەکی هەڵبژاردن بۆ هیچ حیزبو لایەنێک مسۆگەرو دەستەبەر نابێت، هێڵکاری حیزبە سیاسییەکانی وڵات لە گۆڕانی بەردەوامە لە وڵاتانی دیموکراسیدا، نزیکترینو تازەترین نمونەش دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقە کە لە ٢٠٠٩/١/٣١ ئەنجامدرا.

بگرە سیستمی دوو حیزبیش دەستەبەری ئەوە ناکات ململانێی سیاسی وڵاتەکە هەر تەنیا لە نێوان دوو حیزبی فراوان بمێنێتەوە، لەوانەیە حیزبی سێیەم پەیدابێتو جێگا بەیەک لەو دوو حیزبەی تر لەق بکات وەک (حیزبی کرێکارانی بەریتانیا) کە جێگای حیزبی (ئازادیخوازانی) گرتەوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە.

بەڵام لای ئێمە وەک ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم کۆمپانیایەکی بازرگانی بێتو پارتیو یەکێتی تەنیا خۆیان خاوەنی بن بە شەریکی، هیچ کەسو لایەنێکی تر مافی بە سەرەوە نەبێتو بۆی نەبێت بەکاری بێنێت لە ڕابردوو ئێستاو داهاتووشدا، قسەکانی سەرۆکی حکومەتی ئێستاش، بە دابەشکردنی پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمانو حکومەتی ئایندە بەسەر پارتیو یەکێتی ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنن.

سەرۆکی حکومەت بەو هەڵوێستەی پرۆسەی هەڵبژاردنی زیاتر بێ بەها کردو بایەخێکی بۆ نەهێشتەوە کە خەڵکی ئومێدی پێ بمێنێت، چونکە ئەو هەر لە ئێستاوە نەک هەر هەڵبژاردنەکەشی کۆتایی پێ هێنا، بەڵکو دەرئەنجامەکانیشی ئاشکرا کرد! ئیتر هەڵبژاردن چ پێویستە بکرێت؟

بۆیە جەماوەرو لایەنو ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری کوردستان پرسیارێکی جدی ڕوبەڕویان دەبێتەوە، ئایا ئامادەن قۆرغکردنی دەسەڵاتو ئەو ئەزمونە شکست خواردوەی حوکم بەردەوام بێت لە هەرێم وەک سەرۆکی حکومەت براندویەتیەوەو لە ئێستاوە بڕیاری لێداوە؟ یا بە پێچەوانەوە دەیانەوێت لە ڕەگەوە ئەو نەخشە حیزبیەی ساڵانێکە لە کوردستانی ئێمەدا باوە هەڵتەکێننو چیتر پارتیو یەکێتی تاکە مەرجەعی کێشەو چارەنوسی ئەم میللەتە نەبن بە تەنیا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لای جەماوەرەو ئەو دەتوانێت دۆخەکە بە لایەکدا بخا بە وەڵامدانەوەیەکی بوێرانەی ئەو پرسیارە چارەنوسسازە.

**جەماوەرو لایەنو ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری کوردستان پرسیارێکی جدی ڕوبەڕویان دەبێتەوە، ئایا ئامادەن قۆرغکردنی دەسەڵاتو ئەو ئەزمونە شکست خواردووەی حوکم بەردەوام بێت لە هەرێم وەک سەرۆکی حکومەت بڕاندویەتیەوەو لە ئێستاوە بڕیاری لێداوە؟ یا بە پێچەوانەوە دەیانەوێت لە ڕەگەوە ئەو نەخشە حیزبیەی ساڵانێکە لە کوردستانی ئێمەدا باوە هەڵتەکێننو چیتر پارتیو یەکێتی تاکە مەرجەعی کێشەو چارەنوسی ئەم میللەتە نەبن بە تەنیا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لای جەماوەرەو ئەو دەتوانێت دۆخەکە بە لایەکدا بخا بە وەڵامدانەوەیەکی بوێرانەی ئەو پرسیارە چارەنوسسازە**

# بارزانی لەنێوان سوننەو شیعەدا

هیلال ئیبراهیم




هەفتەی ڕابردوو بە بانگهێشتی ڕەسمی، بارزانی سەردانی هەردوو وڵاتی کوەیتو قەتەری کرد، کە دوو دەوڵەتی گرنگی کەنداون، هەر دوابەدوای گەڕانەوەشی مەنوچەهر موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئێران گەیشتە هەولێر.

لەڕاستیدا بانگهێشتی ڕەسمی بارزانی لەلایەن کوەیتو قەتەر وەک دوو دەوڵەتی خاوەن پێگەی ستراتیژیو ئابووریی ناوچەکە، گرنگی تایبەتی هەیە، ئەوان بە وریاییەوە سەیری بارودۆخی عێراق دەکەن، ئەمەش لەبەر پێگەی خۆیان لەو وڵاتە، هەروەها ئاگاداربوون لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خۆرئاوا.

لە ئێستادا کوەیتو قەتەرو زۆر وڵاتی دیکەی کەنداو بێئومێد بوون لە بەهێزبوونو هەستانەوەی سوننەکانی عێراق، بۆیە بەردەوام لە بەرامبەر بەهێزبوونی شیعەی عێراق لەناو دەسەڵاتی ئەو وڵاتە، بەدوای بەدیلدا دەگەڕێن، چونکە بەهێزبوونی دەسەڵاتی شیعە لەلایەکەوە مەترسییە بۆ سەر وڵاتانی کەنداو، لەلایەکی ترەوە پێگەی ئێران لە عێراق بەهێز دەبێت، پێگەی سیاسیو ئابووریی ئەوانیش لاواز، لەبەرئەوە ئەوان بەردەوام بیر لە بەدیلێک دەکەنەوە، کە لە چواچێوەی دەوڵەتی عێراقدا شوێنی سوننە عەرەبەکان بگرێتەوە، لەم کاتەدا هەرێمی کوردستان کە پێگەیەکی سیاسی یاسایی هەیەو ماوەی زیاتر لە هەژدە ساڵە خۆی بەڕێوە دەبات، جێگای بایەخە، چونکە وڵاتانی کەنداو بەردەوام لە تارماییەکانو دەسەڵاتەکانی شیعە دەترسن، ئێستا ئەوکاتەیە، کە بەدوای بەهێزیی کورددا بگەڕێنو پشتگیریی بکەن.

لایەنێکی دیکەی نائومێدیی وڵاتانی کەنداو، هەڵبژاردنی پارێزگاکان بوو، ئەو هەڵبژاردنە بەتەواوی ئەو وڵاتانەی ڕەشبینکرد، لە گەڕانەوەی سەنگو قورساییو پێگەی سوننەکان، بۆیە هەڵبژاردنەکان پێگەی ئێرانیان لە عێراق زیاتر بەهێز کرد، ئەگەرچی زۆربەی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئێرانەوە هەیە، دەنگیان نەهێناو سەرنەکەوتن، بەڵام ئێستا کێشەی عێراق پێش ئەوەی کێشەیەکی سیاسی بێت، کێشەیەکی مەزهەبیشە، پێش ئەوەی شەڕی دەسەڵات بێت، شەڕی نێوان بەهێزبوونو لاوازیی مەزهەبێکە، چونکە بە بەهێزبوونی یەکێکیان کاردەکاتە سەر لاوازبوونی پەیوەندییە سیاسیو دیبلۆماسیو ستراتیژییەکانی ئەوی دیکەیان، بەتایبەت ئێران وەک دەوڵەتێکی شیعە بەردەوام بەدوای بەهێزبوونی نفوزو پێگەی خۆیدا دەگەڕێت لە ناوچەکەدا، لەبەرئەوە بانگهێشتی ڕەسمی بارزانی بۆ کەنداو، نیشانەی دانپێدانانە بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانو پشتگیریکردنی ئەو هەرێمەیە لەڕوی سیاسیو ئابووریو دبلۆماسییەوە، ئەم بانگهێشتکردنە سەردەکێشت بۆ ئەوەی کە وڵاتانی دیکەی عەرەبی بەڕەسمی بانگهێشتی دەسەڵاتدارانی هەرێم بکەن بۆ وڵاتەکانیانو گرەنتی پشتگیریی ئەو هەرێمە بکەن، هەوڵبدەن زیاتر بەهێزبێت، لە بەرامبەر ئەم پشتگیرکردنو بانگهێشتکردنەی بارزانی، ئێران کەوتە گومانەوە، بەتایبەت کە سەردانی دوو وڵاتی خاوەن پێگەی ئابووریی دبلۆماسی کرد وەک کوەیتو قەتەر، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ دوای گەڕانەوەی بارزانی، مەنوچەهر موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە گەیشتە هەولێر، چونکە ئێرانیش لە لاوازبوونی پێگەی خۆی دەترسێت لە عێراقدا، بەتایبەت ئەگەر وڵاتانی عەرەبی هەوڵی بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان بدەن، ئەوەبوو وەک کاردانەوە وەزیری دەرەوەی ئێران بڕیاری کردنەوەی دوو کونسوڵخانەی لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی دا کە پێشتر وەک نوسینگە بوونو سەر بە باڵیۆزخانەی ئێرانی بوون لە بەغدا، ئەم بڕیارەی وەزیری دەرەوە ئەو کێشە کۆنەی زیندوکردەوە کە هێشتا کوردستان دوو ئیدارەیەو پێویستە ئێران لەگەڵ هەولێرو سلێمانی وەک دوو ئیدارەی جیاواز مامەڵەبکات، لەلایەکی دیکەوە بەو کاردانەوەیە ئێران ئەوەی ڕەتکردەوە، کە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانەو پێویستە کونسوڵگەری لە پایتەخت بێت، بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسی قبوڵی ئەوەیان کرد لە دوو شاردا دوو کونسوڵخانە هەبێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان. خاڵێکی دیکەی مەترسیدار ئەوەبوو کە وەزیری دەرەوە لە هەولێر لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆبووەوەو کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی بەست، لە سلێمانیش لەگەڵ جێگری سەرۆکی هەرێم، ئەمە دیسانەوە ئاماژەیەکی دیارە بە ململانێی نێوان یەکێتیو پارتی، نیشانەیەکی دیکەی لاوازیی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانە بەرامبەر ئێران، ئەمە جگە لەوەی مەنوچەهر موتەکی چەند ئاگادارکردنەوەیەکی دیاری دا لەکاتی کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەکەدا، هەروەها مەسەلەی تۆپبارانی هەرێمی کوردستانی لەلایەن وڵاتەکەیەوە فەرامۆشکرد.

# ئەیوب نوری: دهۆكو بابل بۆ ئەمریكا وەك یەكن



**ئەیوب نوری، رۆژنامەنوسو بەڕێوەبەری رادیۆی جەنگ لە شاری نیویۆركی ئەمریكا، پێیوایە لەپاش كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق بەردەوام دەبێت لە هاوكاریكردنی ئەم وڵاتە، كە مەرج نییە لە بواری سەربازی بێتو دەشێت لە بواری ئابووریو بوارەكانی دیكە بێت. ئەیوب، كە دانیشتوی ئەمریكایە، باس لەوەش دەكات كە كورد واقیع بین نییەو تەنها كوردە كە وا دەزانێت ئەمریكا دۆستییەتیو دەڵێت: «دهۆكو بابل بۆ ئەمریكا وەكو یەكە، زۆربەی وڵاتانی دنیا هەر نازانن كورد چییە تا نەڵێی عێراق هەر نامانناسن».**

سازدانی
عەبدوڵڵای مەلا نوریو
سۆران پاڵانی

**رۆژنامە: بە بڕوای زۆرێك لە چاودێران جۆرج بوشی سەرۆكی پێشوی ویلایەتە یەكگرتووەكان، میراتێكی پڕ قەیرانی بۆ ئۆباما جێهێشتوە، ئایا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو حاڵەتە چییە؟**

* ئیدارەی بوش لەماوەی هەشت ساڵەی حوكمڕانیدا بەرپرسیارێتییەكی گەورەی بۆ ئۆباما جێهێشتوە، لەو ماوەیەدا ئەمریكا رۆشتە ناو دوو جەنگی گەورەوە (ئەمریكا- ئەفغانستانو ئەمریكا- عێراق)، بۆیە ئیدارەی نوێ ناچارە شانبداتە بەر ئەنجامی كارەكانی ئیدارەی رابردوو، ئۆباما مەبەستییەتی زیاتر كارەكانی لە ئەفغانستان چڕ بكاتەوە، دواتریش باشكردنی بارودۆخی عێراق، چونكە بوش نەیتوانی ئامانجەكانی بپێكێت بەو شێوەیەی كۆمەڵی نێودەوڵەتی دەیویست.

لە ئەفغانستان هێشتا شەڕو تەقینەوە هەیە، بەهەمان شێوە بارودۆخی عێراق خراپە هەموو ئەمانە دەبوو لە سەردەمی بوش چارە سەر بكرانایە.

لەلایەكی ترەوە ئەو شەڕانە باری ئابووری ئەمریكای لاسەنگ كرد، گەورەترین بانكەكانی ئەو وڵاتە روبەڕوی شكست بوونەوتەوە، زۆرێك لە ئەمریكاییەكان ئەو بارودۆخە بە هەڵەی بوش دەزانن.

**رۆژنامە: بەڵام بوشو هاوكارەكانی بەردەوام شانازی بەو دەسكەوتانەوە دەكەن كە لەو ماوەیەدا بە دەستیانهێناوە بۆ گەلی ئەمریكاو جیهان؟**

* راستە بوشو هاوكارەكانی باوەڕیان وایە سەركەوتوبوون، ئەمە بیركردنەوەی خۆیانە. لابردنی رژێمی سەدام لە عێراقو تاڵیبان لە ئەفغانستان سەركەوتن نییە، هەموو دنیا دەیزانی سوپای ئەمریكا دەتوانێت ئەو رژێمانە بروخێنێت، بەڵام بارودۆخی دوای ئەوە گرنگە، بە رای من ئەمریكا سەركەوتو نەبوو، لەدوای ٢٠٠٣ تا ئێستا هەزاران كەس لە عێراق كوژراون، لە ئەفغانستانیش رۆژانە تاڵیبان بەهێز دەبێت، واتە ئامانجی سەرەكی بە دینەهاتووە، كە بریتی بوو لە ئاوەدانكردنەوەی عێراقو دامەزراندنی سیستمێكی دیموكراتی.. هتد.

**رۆژنامە: پێتانوایە سەرقاڵی ئەمریكا بە كێشە ناوخۆییەكانو هەندێك كێشەی تری وەك شەڕی تیرۆر لە ئەفغانستان مانای دەستبەردار بوونی ئەمریكا بێت لە عێراق؟**

* نەخێر ئەمە مانای دەستبەرداربوون نییە، بەڵام خۆتان دەزانن رێككەوتنامەیەكی (ئەمریكی_ عێراقی) هەیە، لەلایەكی ترەوە ئۆباما بەردەوام ئەوە دوپات دەكاتەوە، كە تیرۆر لە ئەفغانستانەوە سەری هەڵداوە بۆیە دەبێت هەر لەوێشەوە بنبڕ بكرێت، هەر بۆیە ئەمریكا بەردەوام دەبێت لە هاوكاریكردنی عێراقو مەرج نییە لە بواری سەربازی بێت دەشێت لە بواری ئابووریو بوارەكانی تربێت.

**رۆژنامە: رایەك هەیە كە كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی بۆسەر كورد لەو بارەیەوە ئێوە دەڵێن چی؟**

* مانەوەی سوپای ئەمریكا لە عێراق بڕیارێكە پەیوەندی بە سیاسەتی ئەو وڵاتەوە هەیە، كورد بە گرنگی دەزانێت سوپای ئەمریكی لە عێراقدا بێت بۆ هەتا هەتایە یان لە كوردستان، بەڵام ئەمریكا بە یەك چاو سەیری عێراق دەكات، واتە بە خواستی كورد ئیش ناكات، چۆن لە بەرژەوەندییان بێت وادەكەن، ئیتر كورد مەترسی لە سەرە یان نا ئەوە بۆ ئەمریكا گرنگ نییە، بەڵام دەشێت ئەمریكا بۆی دەركەوێت، كە مانەوەیان پێویستە یا سیاسییەكانی كورد داوای مانەوەی سوپای ئەمریكا بكەن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێكدا دەكەوێتەوە سەر سیاسەتی ئەمریكا.

**رۆژنامە: بەڵام كورد ئەمریكا بە پشتیوانی خۆی دەزانێتو ئومێدێكی زۆریشیان هەیە، كە هاوكاریان بێت لە چارەسەری كێشەكانیاندا.**

* ئەمریكییەكان هەر لە سەرەتاوە وتویانە دەبێت عێراقییەكان خۆیان چارەسەری كێشەكانیان بكەن، بۆ كوردیش ئەگەر هاتوو ئەمریكا پاشەكشەی كرد ئەو كاتە رۆڵی كورد چی دەبێت لە عێراقدا ئەوە دەكەوێتە سەر سیاسەتمەدارانی كورد، تا چ رادەیەك رۆڵیان هەبووە لە ئاشتەوایی نێوان شیعەو سونە، یا لە بەڕێوەبردنی عێراقی نوێدا لەوە دەچێت ئەو كات كورد بڵێت: ئێمەش دەكشێینەوە لە بەغدا، ئەمریكا لە یەك كات بایەخی كوردستانی زانیوە، ئەو كاتەی وتیان بەشە باكورەكەی عێراق لە روی ئەمنییەوە كێشەی نییە بۆیە پێویست ناكات سەربازی ئەمریكی بچنە ئەوێ.

**رۆژنامە: واتە تا ئێستا ئەمریكا وەكو كیانێكی سیاسی سەیری هەرێمی كوردستان ناكات؟**

* لە راستیدا ئەمریكا واقیع بینترە لە ئێمە، چونكە هەرێم بەشێكە لە عێراق، ئەگەر چی پەیوەندی دۆستانە هەیە لەنێوان ئەمریكاو هەرێم، ئێمەی كورد واقیع بین نین، تەنها كوردە وا دەزانێت ئەمریكا دۆستیەتی. دهۆكو بابل بۆ ئەمریكا وەكو یەكە، زۆربەی وڵاتانی دنیا هەر نازانن كورد چییە تا نەڵێی عێراق هەر نامانناسن.

**رۆژنامە: ئەم بۆچوونە رامان دەكێشێت بۆ ئەو پرسیارەی ئایا مانای وانییە سەركردایەتی سیاسی كورد لەمەدا كەمتەرخەم بووە؟**

*ئەمە بە تەنها تاوانی چەند سیاسییەكی دیاری كراو نییە، بەدرێژایی مێژووی خەباتی كورد سیاسەتێكی نەگۆڕمان نەبووە، لە كۆسۆڤۆ لە سەرەتاوە داوای سەربەخۆییان كرد تا ئەو كاتەی پێی گەیشتن، ئێمەی كورد (حەفتا ساڵە) سیاسەت دەگۆڕین سەردەمێك داوای سەربەخۆیمان دەكرد بە كەركوكەوە دوایی وتمان مانەوە لە گەڵ عێراقی فیدراڵ، ئەم جۆرە گۆڕانە كاریگەریی هەیە، نەتەوە یەكگرتووەكانو كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەپێی وتارو داواكاری خۆت هەڵسوكەوتت لەگەڵ دەكات، ئەمە وا دەكات دنیای دەرەوە گومان بكەن لە داواكارییەكانی كورد، باشە بۆ دەبێت ئێمە بڵێین، ئەگەر جاری سەربەخۆیی بدەین وڵاتان پێیان ناخۆشە، من لە بەیانییەوە سەربەخۆم با هەموو دنیا پێی ناخۆش بێت، هیچ وڵاتێك لە دونیادا سەربەخۆیی رانەگەیاندوە كۆمەڵێك وڵات پێی ناخۆش نەبووبێت، كەواتە بۆ كورد تەنها گەلەكەی خۆت گرنگە، هەڵەی كورد لەوەدایە خەمی وڵاتانی تری بەلاوە گرنگە تا خەمی گەلەكەی ئەمەش سیاسەتێكی هەرە خراپە، بۆیە نابێت كورد چاوەڕێی ئەوە بێت خەڵك شتی بۆ بكات، ئەمە هەڵەیە دەبێت خۆت بیكەی،دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت كە كەس شت بۆ تۆ ناكات.

**رۆژنامە: هەندێك لە سیاسییەكانی كورد ئومێدیان بە جۆزیف بایدنی جێگری ئۆباما هەیە، كە خاوەنی پرۆژەی دابەشكردنی عێراقە بۆ سێ هەرێم، ئایا ئەمە دەتوانێت خەمی كورد لە ئیدارەی نوێی ئەمریكا بڕەوێنێتەوە؟**

* كەس ناتوانێت خەمی كورد بڕەوێنێتەوەو كێشەكەی چارەسەر بكات، بە بایدنیشەوە ئەوە تەنها ئومێدێكە، بیرۆكەی دابەشكردنی عێراق زەرورەتی بارودۆخی ئەو سەردەمەی عێراق بوو مانای وا نییە بایدن باوەڕی مابێت بە دابەشكردنی عێراق، پرۆژەكەی ئەو بۆ چارەسەری بارودۆخی عێراقی ئەو كاتە بوو، ئەگەر بارودۆخی عێراق بەم شێوەیەی ئێستا بەرەو باشی بچێت ئەوانیش بیر لە دابەشكردن ناكەنەوە.

**رۆژنامە: وەك بینیمان بایدن لە سەردانەكەیدا بۆ كەركوك چارەسەری كێشەی ئەو شارەی بە كلیلی چارەسەری كێشەكانی هەموو عێراق زانی خوێندنەوەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

* جۆزیف بایدن لەمەدا راستی وتووە شیعەو سونە لە شارەكانی تری عێراقدا چەندە كێشەیان هەبێت خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە هاوزمان هاونەتەوەن.. هتد، بەڵام بۆ كورد وانییە، بۆیە بایدن دەیەوێت رێگر بێت لە تەقینەوەی بارودۆخی كەركوك، دواجار ئەمریكا باوەڕی بەوەیە خەڵك خۆی چارەسەری كێشەی خۆی بكات، بۆ كوردیش لە روانگەی ئەمریكاوە دەبێت خۆی چارەسەری كێشەكانی بكات.

# نزیكەی (١٥) هەزار زیندانیی ئازاد دەكرێن

ئارام شێخ وەسانی
رۆژنامە



بەپێی رێككەوتننامەی ئەمنی نێوان حكومەتی بەغداو واشنتۆن، سوپای ئەمریكا دەبێت پێش كشانەوەی تەواوی هێزەكانی، بەندكراوە عێراقییەكان ئازاد بكات یاخود رادەستی حكومەتی عێراقیان بكاتەوە، كە لە ئێستادا ژمارەی ئەو بەندكراوانە نزیكەی (١٥) هەزار بەندكراوە، وەك یەكێك لە هەنگاوەكانی پلانی جێبەجێكردنی رێككەوتننامەی ئەمنی ئەمریكا، بڕیاریداوە مانگانە (١٣٠٠تا ١٥٠٠) بەندكراوی عێراقی ئازاد بكات بۆ ئەوەی لانیكەم تا كۆتایی ٢٠٠٩ هیچ بەندكراوێكی عێراقی لە زیندانەكانی سوپای ئەمریكادا نەمێنێتەوە، عومەر بادی، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەبارەت بە بڕیاری ئازادكردنی بەندكراوە عێراقییەكان وتی: «رێككەوتن هەیە لەنێوان حكومەتی عێراقو سوپای ئەمریكا لە چوارچێوەی رێككەوتنی ئەمنی كە بەندكراوە عێراقییەكان ئازاد بكرێن كە زۆرینەیان لە زیندانی (بوكا)ن لە بەسرەو چەند شوێنێكی تر، ژمارەی بەندكراوە عێراقییەكان بەپێی وتەی خۆیان زیاد لە (١٥) هەزار بەندكراوە، زۆرینەی ئەو بەندكراوانە بێتاوانن، ئێمە ئاگاداری بارودۆخەكەین، دەتوانین بڵێین: (٩٠٪)ی ئەو بەندكراوە عێراقیانە بێتاوان، بۆیە پێویستە ئەو بەندكراوانە ئازاد بكرێن، جگە لەوەی كە حومەتی عێراق داوای لە سوپای ئەمریكا كردووە كە بیست زیندانی رادەستی حكومەتی عێراق بكات، چونكە ئەو بیست زیندانییە تاوانیان ئەنجامداوە، حكومەتی عێراق هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دەكات، هەروەها عومەر بادی سەبارەت بە دادگاییكردنی بەشێك لەو زیندانیانە دوای تەسلیمكردنەوەیان بە حكومەتی عێراق وتی: «ئێمە دڵنیاین كە زۆرینەی ئەو بەندكراوانە بێتاوانن، بێگومان لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەكرێت، پاش ئەوەی بە بێتاوان دەردەچن، ئازاد دەكرێن، بەڵام ئەو گیراوانە زیاتر ئەوانەن كە بەشێوەیەكی گشتی لە ئەنجامی گەڕانو پلانە ئەمنییەكان بە هەڕەمەكی گیراون».

لەلایەكی ترەوە (١٢)ی ئەم مانگە دیڤد كوانتوك، ئەفسەری باڵای بەرپرسی ناوەندی گرتوخانەكانی ئەمریكا لە عێراق، سەبارەت بە پرۆژەی ئازادكردنی بەندكراوە عێراقییەكان مژدەی ئەوەی دا بە كەسوكاری بەندكراوان كە بەر لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٩، پرۆسەی ئازادكردنو تەسلیمكردنەوەی بەندكراوە عێراقییەكان بە كۆتایی دێت، دیڤد لە وتەیەكیدا، كە رادیۆی سەوا بڵاوی كردەوە، وتی: «گەشبینم بە پرۆسەی رادەستكردنەوەی بەندكراوە عێراقییەكان كە بەر لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ كۆتایی بێت، هەروەها لە گرتوخانەكانی ئەمریكا (١٤٧٠٠) زیندانی عێراقی هەیە، پلانمان دارشتوە بۆ كۆتاییهێنان بە پرۆسەكە».

لەلایەكی ترەوە وەك هەنگاوی یەكەم (١٠)ی ئەم مانگە (١٠٥) زیندانی عێراقی لەلایەن ئەمریكاوە ئازادكران.

www.rozhnama.com



# هەڵبژاردن بە شێوازی ڕێژەیی کراوە: هۆڵاند بە نمونە

مەحمود ڕەزا ئەمین

> **ئەگەر قانونی هەڵبژاردن لە کوردستان بگۆڕێ، لە لیستی داخراوەوە بکرێ بە لیستی کراوە، حیزبەکان ناچار ئەبن خەڵکانی زۆر باش بخەنە لیستەکانیانەوە. ئەو کاتە دەنگی فەزڵدار ئەبێ بە دەگمەن. چونکە حیزب بیر ئەکاتەوە، بۆ قازانجی خۆی ئەبێ کاندیدە باشەکانی، کە لە ناو کۆمەڵا قەدرو ڕێزیان هەیەو شارەزان لە پێشی پێشەوە بن**

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠٠٩/٢/١١ بەدیار دانیشتنی پارلەمانی کوردستانەوە دانیشتم. دانیشتنەکەی پارلەمان تایبەت بو بە هەموارکردنی چەند برگەیەک لە یاسای هەڵبژاردنی گشتیی بۆ پارلەمانی کوردستان: دابەزاندنی تەمەن لە ٣٠ ساڵەوە بۆ ٢٥ ساڵ بۆ خۆ کاندیدکردن (لە هۆڵاند ١٨ ساڵە)؛ بەرزکردنەوەی ڕێژەی ژنان لەناو لیستی هەڵبژاردنا لە ٢٥٪وە بۆ ٣٠٪ بۆ سەرەوە.

چەند ئەندام پارلەمانێک داوایانکرد شێوازی هەڵبژاردن مناقەشە بکرێ. ئاخۆ بەشێوازی ڕێژەیی داخراو بمێنێتەوە یان بکرێ بە شێوازی هەڵبژاردنی ڕێژەیی کراوە؟

ڕێچکەو ئەنجامی مناقەشەکە لەسەر لیستی کـــــراوە یان داخراو هەستی لا دروستکردم کە پارلەمانەکەمان نازانێ لیستی ڕێژەیی کراوە یانی چی.

بەڕێز سەرۆکی پارلەمان بۆئەوەی ئەو ئەندامانە بێدەنگ بکا کە داوای دەنگدانی ڕێژەیی کراوە ئەکەن، هۆڵاندی بە نمونە هێنایەوە کە گوایە «هەتا ئێستا شێوازی هەڵبژاردنی ڕێژەیی داخراو پەیڕەو ئەکا(!)» چەند خاتونێکیش بە توندیو ڕەقی بەرگرییان لە هەڵبژاردنی ڕێژەیی داخراو ئەکرد، گوایە بۆئەوەی مافی ژنان نەخورێو ڕێژەکەیان کەم نەبێتەوە(!).

## ئایا ئەو دوو بۆچوونە هیچیان ڕاستن؟

## یەکەم: شێوازی هەڵبژاردن لە وڵاتی هۆڵاند:

لە وڵاتی هۆڵاند چوار هەڵبژاردنی گشتی هەیە: هەڵبژاردنی گشتیی بۆ ژوری دووەمـی پارلەمان (پارلەمان دوو ژورە: ژوری یەکەم، ژمـارەی ئەندامەکانی ٧٥کەسە. چوار ساڵ جارێک بەڕێگەی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ هەڵئەبژێردرێن. ژوری دووەم، ژمارەی ئەندامەکانی ١٥٠ ئەندامە. چوارساڵ جارێک بە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتیی، نهێنیو ڕاستەوخۆ هەڵئەبژێردرێن)؛ هەڵبژاردنی گشتیی ڕاستەوخۆو نهێنی بۆ ئەنجومەنی هەرێمەکان/ پارێزگاکان. ئەمیش چـوارسـاڵ جـارێـک ئەنجام ئەدرێ، لە سنوری هەرێم/ پارێزگادا. دەرچوانی ئەم هەڵبژاردنە ئەندامانی ژوری یەکەم هەڵئەبژێرن؛ هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، هەر شارەوانییە بۆ خۆی، بەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتیی ڕاستەوخۆو نهێنی، چـوارسـاڵ جـارێـک ئەنجام ئـەدرێ؛ هەڵبژاردنی گشتیی ڕاستەوخۆو نهێنی ئەندامانی پارلەمانی ئەوروپی.

هۆڵندا نەک ئێستا لیستی داخراوی نیە، بەڵکو نزیکەی سەدەیەکە، لە ١٩١٧وە هەڵبژاردن بە شێوازی ڕێژەیی کراوە ئەنجام ئەدا.

## دووەم: لیستی ڕێژەیی کراوە چییە؟:

لیستی ڕێژەیی کراوە ئەو شێوازی هەڵبژاردنەیە کە دەنگدەر ئەتوانێ لەیەک کاتا دەنگ بە لیستی حیزبی دڵخوازی خۆیو بە کاندیدی دڵخوازی خۆی لەناو لیستی حیزبەکەیا بدا. دەنگدەر هەر یەکجار دەنگ ئەداو مافی یەک دەنگیشی هەیە. بەڵام کە ئەچێتە ناوەندی دەنگدان ئەبێ دەنـگ بە حیزبێک بـدا. ئەگەر لەناو لیستی کاندیدەکانی حیزبەکەیا کەسێکی ناسی، ئەتوانێ دەنگی بداتێ. کە دەنگی بەو کەسە دا، یانی دەنگی بەو حیزبەش داوە کە ئەو کەسە کاندیدێتی. لە هەمو حاڵەتێکا دەنگ بەکەس ئەدرێ. جا ئەو کەسە، کەسی یەکەمە کە لە هۆڵەندا پێی ئەوترێ ڕاکێشەری لیست (Lijsttrekker) یان هەر ناوێکی تر. ئەوانەی دەنگ بە حیزبەکەو بەرنامەکەی ئـەدەنو لەناو لیستەکەیا کەسێکیان مەبەست نییە دەنگی بدەنێ، هەمیشە دەنگ بە کەسی یەکەم یان دووەمی لیستەکە ئەدەن. جاری وا هەیە کەسی یەکەم ٧٠٪ - ٨٠٪ دەنگەکان ئەهێنێ. دەنگەکانی ئەوو دەنگی باقی ئەندامانی لیستەکە کۆئەکرێنەوەو ژمــارەی کورسییەکان دیاری ئەکەن.

## باشییەکانی دەنگدان بە شێوازی ڕێژەیی کراوە:

١- حیزب ناچارئەبێ باشترین، وشیارترین، پاکترین، دڵسۆزترین کەسانی حیزبەکەی یان کۆمەڵ بخاتە نـاو لیستەکەیەوە. بۆ ئـەوەی نەک هەر ئەندامەکانی خۆی، بەڵکو خەڵکی بێلایەنیش ڕازی بکا دەنگی بدەنێ. دەنـگـدان بـەو کەسانە دەنگدانە بە حیزبەکەش. قەبارەی حیزبی پێ گەورە ئەبێ.

٢- ئەندامانی دەرچو بۆ پارلەمان ئەوەندەی منەتباری دەنگی دەنگدەر ئەبن، ئەوەندە منەتباری حیزب نابن. ئەبنە نوێنەری گەل لەناو پارلەمان نەک نوێنەری حیزبو گوێڕایەڵی. لە مناقەشەی کێشەکانی کۆمەڵو پرۆژەی قانونەکانا پرکێشیو ئازایەتی یان ئەبێ بە قازانجی گـەلو وڵات قسەبکەنو دەنگ بدەن، نەک بەقازانجی حیزب.

٣- ئەندامانی بەنفوزی حیزب ئەگەر گەندەڵ، لەناو خەڵکا بێزراوبون، کاندید بکرێن زەرەر لە حیزب ئـەدەن. یانی حیزب باجی ئەو جۆرە کەسانە ئەدا، بۆیە حیزب ناچار ئەبێ لە ڕیزەکانی خۆی بژاریان بکا یان هیچ نەبێ بۆ ئەندامەتی پارلەمانو پۆستی هەستیار کاندیدیان نەکا.

٤- ئەندامانی بەنفوز، بەڵام گەندەڵو ناوبانگ خراپ، وەکو خۆیان بەختی خۆ کاندیدکردنیان کەم ئەبێتەوە، ناتوانن پیاوەکانی خۆشیان بسەپێنن. ئەگەر یەک- دوو قۆناغی هەڵبژاردنیش وا بکەن، سەرەنجام ئەبێ واز لە سەپاندنی کاندید بهێنن، چونکە لەکۆتاییا حیزب باجی ئەو سیاسەتە ئەدا.

٥- زەمینەی دیمۆکراسی خۆشتر ئـەکـا. کەسێک ئـەتـوانـێ بـە توانا، لێوەشاییو ناوبانگی خۆی دەربچێ بۆ پارلەمان.

٦- حیزبەکان ناچارئەبن لەناو کۆمەڵا بگەڕێن بەدوای ئەو کەسانەدا کە تواناو ناوبانگیان باشە تا بیانکەن بە کاندیدی خۆیان. یانی: لەباتی ئەوەی خەڵک مەمنونی حیزب ببێ، وەکو ئەوەی ئێستا لە کوردستان باوە، تا بیکات بە ئەندام پارلەمان یان وەزیـر، حیزب مەمنونی کەسانی باش ئەبێ قەبوڵ بکا ببێ بە ئەندامو کاندیدی.

٧- پاش چەند هەڵبژاردنێک، کلتوری حیزبایەتی کردنی سەقەت لە کوردستان، ڕاست ئەکاتەوە.

## خراپییەکانی لیستی داخراو:

پێویست بە فەلسەفە لێدانو نمونە هێنانەوە ناکا. نمونەی بەرجەستەمان هەیە بۆ خراپی لیستی داخراو. پارلەمانی ئیفلیجکراوی کوردستان باشترین شتە بۆ خراپی لیستی داخـراو بە نمونە بهێنرێتەوە.

## سێیەم: لیستی کراوە (هەڵبژاردنی ڕێژەیی کراوە) زەرەر لە ڕێژەی ٣٠٪ ژنان ئەدا؟

ئەگەر هەڕەمەکی نەبێو قانونی بۆ دابنرێ، نەخێر. ئەوەی پێی وابێ لیستی کراوە زەرەر لەو ڕێژەیە ئەدا لە ئەسڵا لێی تێنەگەیشتوە. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر، هەڵبژاردنەکانی هۆڵاند بەنمونە ئەهێنمەوە:

لەم وڵاتە بۆئەوەی کەسانی وەها کە ئەتوانن بە توانای خۆیان دەربچن بۆ، ژوری دووەم یان ئەنجومەنی هەرێمەکان یان ئەنجومەنی شارەوانییەکان یان پارلەمانی ئەوروپی، مافیان نەخورێ، قانونێکیان هەیە، پێی ئەوترێ دەنگی فەزڵدار.

## دەنگی فەزڵدار/ فورکیورستێمن (voorkeurstemmen) چییە؟:

دەنگی فەزڵدار ئەو دەنگەیە کە ئەگەر ناوێکی ناو لیستی هەڵبژاردن هێنای، پێی ئەبێ بە ئەندامی (ژوری یەکەم، ژوری دووەم، ئەنجومەنی هەرێمەکان، پارلەمانی ئـەوروپـی، ئەنجومەنی شارەوانی)، ئەگەر ڕیزی ناوەکەی لەناو لیستی کاندیدەکانا، لەخوار ئەو ژمارەی ئـەو کورسییانەش بێ کـە تێکڕای لیستەکە ئەیهێنێ.

بۆئەوەی لەدەنگی فەزڵدار بگەین، پەنا بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ٢٠٠٦ی ژوری دووەم ئەبەم:

دەنگی فەزڵدار هەتا هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ١٩٩٤ی ژوری دووەم، بریتی بو لە ڕێـژەی لە ٥٠٪ی دەنگی پێویست بۆ هەر کورسییەک. بەڵام لە هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ١٩٩٨ی ژوری دووەمەوە، ئەو ڕێژەیە بوە بە ٢٥٪.

دەنـگـی پێویست بـۆ بـردنـەوەی کورسییەک بریتییە لە دابەشکردنی دەنگی دراو لەسەر ئاستی وڵات (لە حاڵەتی هەڵبژاردنی ژوری دووەما) یان دەنگی دراو لەسەر ئاستی شارەوانی (لە حاڵەتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانا) بەسەر ژمارەی کورسییەکانی پارلەمان یـان شارەوانییەکی دیـاریـکـراوا. بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٠٦ی ژوری دووەم (١٢,٢٦٤,٥٠٣ ملیۆن) کـەس مافی دەنگدانی هەبو. (٩,٨٣٨,٦٨٣ ملیۆن) کەس دەنگی دا. ٩,٨٣٨,٦٨٣ دەنگ ÷ ١٥٠ کورسی= ٦٥٥٩١ دەنگ/ کورسی. کەواتە دەنگی فەزڵدار لەو هەڵبژاردنەیا (٦٥٥٩١ ÷ ٢٥٪= ١٦٣٩٨ شازدەهەزارو سێسەدو نەوەدوهەشت) دەنگ بوە. هەتا ژمارەیەکی زیاتر خەڵک دەنگ بدەن، نرخی دەنگی فەزڵداریش بەرزتر ئەبێتەوە.

لەو هەڵبژاردنەیا حیزبی سۆسیال دیمۆکرات/ پارتی کار- پەی فەن دەی ئا- (Partij van de Arbeid- PvdA) بەشی ٣٣ کورسی دەنگی هێناوە. ئەوانەی بونە ئەندامی ژوری دووەم لەسەر لیستی (PvdA) ناوەکانی (١-٣٣)ی ناو لیستەکە بون. بەڵام لیستی ناوی کاندیدەکانی ئەو حیزبە نزیکەی (١٠٠) ناو بو. ئەگەر لەو هەڵبژاردنەیا ناوی (٣٤)، (٥٠) یان (١٠٠)یەم دەنگی فەزڵداری بهێنایە، ناوی (٣٣)یەم جێگەی بۆ چۆڵ ئەکرد. واتـە نـاوی (٣٣)یـەم نەئەبو بە ئەندامی ژوری دووەم. ئەوەی دەنگی فەزڵداری هێنابو، ئەچوە جێگەی ئەو. بەڵام لەو هەڵبژاردنەیا هیچ کاندیدێکی (PvdA) نەیتوانی دەنگی فەزڵدار بهێنێ.

لە هەڵبژاردنی گشتیی ٢٠٠٦دا لەکۆی (١٥٥) ئەندامی ژوری دووەم، تەنیا (١) کەس دەنگی فەزڵداری هێنا: فاتمە کۆسەر کایا. لە ١٩٦٨/٢/٢٠ لە چارسەمیای تورکیا لە دایک بوە. لەسەر لیستی دیمۆکراتەکانی ٦٦ (D٦٦) بو، ٣٤٥٦٤ سیوچوار هەزارو پێنجسەدو شەستوچوار دەنگی هێنا.

لە هۆڵاند لـەمـاوەی نزیکەی نیو ســەدەدا تەنیا ٩ کـەس لـە لیستو حیزبی جیا جیا دەنگی فەزڵداریان هێناوە. لەو ژمارەیە ٦ کەسیان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی (١٩٩٨، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣ هەڵبژاردنی پێشوەختو ٢٠٠٦ هەڵبژاردنی پێشوەخت)دا هێناویانە. واتە لەو کاتەوە کە قانونی دەنگی فەزڵدار هەموارکراو لە ٥٠٪وە کرا بە ٢٥٪.

ئـەگـەر قـانـونـی هـەڵـبـژاردن لە کوردستان بگۆڕێ، لە لیستی داخراوەوە بکرێ بە لیستی کـراوە، حیزبەکان ناچار ئەبن خەڵکانی زۆر باش بخەنە لیستەکانیانەوە. ئەو کاتە دەنگی فەزڵدار ئەبێ بە دەگمەن. چونکە حیزب بیر ئەکاتەوە، بۆ قازانجی خـۆی ئەبێ کاندیدە باشەکانی، کە لە ناو کۆمەڵا قەدرو ڕێزیان هەیەو شارەزان لە پێشی پێشەوە بن.

دەنگی فەزڵدار ئەگەر کەسێک توانی بیهێنێ، مافی تەنیا کەسێک ئەبا. ئەو کەسەش دوا ناوی ناو لیستەکە ئەبێو حیزب بۆی نییە لەخۆیەوە بچێ لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان ناوی پێش کۆتایی لیستەکە دەربهێنێو خاوەنی دەنگە فەزڵدارەکە بخاتە جێگەی.

بـۆ نمونە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لیستێکی (١٠٠) کەسی دائەبەزێنێ، بەڵام بەشی (٣٠) کورسی دەنگ ئەهێنێ. کەسی (١٠٠)هەم دەنگی فـەزڵـدار ئەهێنێ. ئـەو کاتە کەسی خاوەنی دەنگی فەزڵدار کە لە لیستەکەیا ناوی سەد هەمینە ئەچێتە جێگەی ناوی (٣٠)هــەم. ئەگەر دوو دەنگی فەزڵدار هەبون، ئەچنە جێگەی ناوەکانی (٣٠)و (٢٩).

ڕەنگە لەخوار ناوی (٣٠)هەمەوە خەڵکی تریش هەبن دەنگی زۆر زیاتریان لە ناوی (٥ م، ١٠ م، ١٥، ١٩، ٢٣ م، یان هەر ناوێکی تر) بهێنن، بەڵام لەدەنگی فەزڵدار کەمترە. ئەو کەسانە بۆیان نیە بچنە ناو پارلەمان، جێگەی ئەو ناوانە یان هیچ ناوێکی تریان پێ ناگیرێ.

لەبەر ئـەوە ترسی ژنـان لـەوەی لیستی کراوە مافیان ئەخوا، ترسێکی بێ بناغەیە. کێ ئەڵێ ئەسڵەن دوا ناوی لیستی هەر حیزبێک ژن ئەبێ تا هەمو جارێ هەر ژن جێگەی خۆی بۆ پیاوێک چۆڵ بکا؟ کێ ناڵێ خاوەنی دەنگی فەزڵدار ژنێک نابێو جێگەی پیاوێک ناگرێتەوە؟

## لیستی کراوە ژیانی دیمۆکراسی عەیبدار ئەکاو ئەیشێوێنێ؟

دواکەوتنو شێواندنی دیمۆکراسی زەربـەی قورس لە کێشەو مافەکانی ژنان ئەدا، چونکە کێشەو مافی ژن لە بنەچەوە کێشەیەکی دیمۆکراسییە. لەبەرئەوە داوا لە چالاکوانانی بواری مافەکانی ژن ئەکەم واز لەم بیانوە نازانستییە بهێننو ببنە پشتیوانی لیستی ڕێژەیی کراوە. هێشتا کات لەبەردەما مـاوەو ئەتوانرێ پـرۆژە قانونێک بۆ گۆڕینی لیستی داخــراو بۆ کـراوە پێشکەش بکرێو یاساکە بە قازانجی دیمۆکراسی هەموار بکرێ.



# نەوشیروان مستەفاو قۆناغی داهاتوو

عەبدوللەتیف یاسین*
هەولێر

بـــەرە بـــەرە کــوردســـتـــان بـــەرەو ئەزمونێکی نوێ دەڕوات، ئەزمونێک کە دەبێت ئاستەنگەکان ببڕێت‌و تەجاوزی بکات، ئەگەر ئەمڕۆش نەکرێت لەبەر چەند هۆکارێکی ناسروشتی، بەڵام هەر دەبێت لە ئایندەدا ئەنجام بدرێت، چونکە بە بڕوای من ئەزمونی کوردستان لەمە زیاتر بەرگەی چەق بەستویی ناگرێت، ئەویش لە دیموکراتیکردنی کۆمەڵگای کوردییەوە دەست پێدەکات، ئـەوەی دەبێتە زامنی ئەم گۆڕانەو بەدیهێنان‌و بەدەستهێنانی ئەم حاڵەتە سندوقی دەنگ دانە، کەواتە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەم مەبەستە دێتەدی‌و گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیستمی سیاسی کوردستان دروست دەکات، کە خەونی زۆرێک لە ئێمەمانانە.

هــەلــومــەرجــی ســیــاســی جیهان بەشێوەیەک کرانەوەی بەخۆیەوە بینیوە شتی شـــاراوەو نەبینراو لە سیاسەتی وڵاتان ئاستەمە دەربـازی بێت لەچاوی ڕێکخراوە مەدەنی‌و دیموکراتخوازەکان، کە دوای ڕوخانی ڕژێم بەوردی چاودێری عێراق دەکـەن، بە تایبەتی هەرێمەکەی ئێمە، بۆیە کوردستانیش وەک هەر وڵاتێک کەوتۆتە بەر تیشک‌و چاودێری زۆرێک لەو لایەن‌و کەسانەی کە پەرۆشی چەسپاندنی سیستمێکی دیموکراتی‌و مەدەنین، دەتوانم بڵێم لە زۆربەی وڵاتان زیاتر کەوتۆتە بەر تیشک لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی‌و سیاسی‌و ئـابـووری، ئـەم حاڵەتەش کوردستانی زیـاتـر زەق کـردۆتـەوە تیشکی زیاتر خراوەتە سەر، بەڵام تەنها هەلومەرج‌و فشاری نێودەوڵەتی بەس نیە بۆئەوەی کوردستان بگۆڕدرێت‌و ببێتە نمونەی دیموکراتی‌و ئازادی لە جیهان، نەخێر بەڵکو ئیرادەی گەل‌و خەڵک بۆ ئەم گۆڕانە لە هەموو شتێک زیاتر پێویستە، هۆشیاری خەڵک، ئاشنابوون بە ماف‌و ئەرکەکاني خۆی خاڵێکی جەوهەری‌و حاشا هەڵنەگرە، بەڵێ دروستە ڕێژەیەک لە ئـازادی هەیە، بـەڵام ئـەم ئـازادی‌و دیموکراتییەتە زۆر کرچوکاڵە (لە ئاست خەبات‌و تێکۆشانی ئەم گەلە نییە)، چونکە یەکێک لە سیماو بنەماکانی دیموکراتییەت بریتییە لە گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی بە ئاشتیانە، کە ئەوەش تا ئێستا لە وڵاتی ئێمە ڕوینەداوە، هەر کەس‌و لایەنێکیش بیەوێت ئەو بابەتە بوروژێنێت بە (خیانەتکارو موئامەرەچی) سەیری دەکەن.

هەروەها کۆڵەکەیەکی تری دەوڵەتی مەدەنی‌و دیموکراتی ئاگاداربوونی خەڵک لە داهات‌و بودجەی دەوڵەت‌و ئاگاداری لە چۆنیەتی سەرفکردنی لەلایەن حکومەتەوە، کە بە زمانی ئێستا پێی دەڵێن: شەفافیەت، کە ئەوەش تا ئێستا خەبەرێکی نییە لەم هەرێمە، سەرمایەی لێپرسراوانی ئەم وڵاتە دەبێت شەفاف بێت، هاوکات دەبێت لیژنەی بەدواداچون‌و (من أین لک هڎا) کارا بکرێت‌و ئایندەی ئەم گەل‌و وڵاتە بە ڕونی‌و ئازایانە قسەوباسی لەسەر بکرێت، چونکە ئایندەی گشتمان یەک چارەنوسە.

لـە هـەمــووش گرنگتر بریتییە لە هۆشیاری ئەم خەڵکە، دەبێت ئەم خەڵکە بەرچاو ڕوون بێت دەرهـەق بە ماف‌و ئـەرک‌و ئایندەی خـۆی، دەبـێـت شت بخوێنێتەوەو بـەدوای مافەکانی خۆی بکەوێت بە شێوازێکی مەدەنیانەو لەسەر مافەکانی بێدەنگ نەبێت، بەداخەوە خەڵکی ئێمە شت کەم دەخوێنێتەوە، بەڵام بڕیاری ئامادەکراوی لا هەیە بۆ نمونە (ڕاپۆرتی چوار حیزبەکە) و (دوو حیزبەکە) چەندین کەسم دواند بەبێ خوێندنەوە قسەوباسیان لەسەر دەکرد، پێم دەگوتن: باشە تۆ ئەم ڕاپۆرتانەت خوێندوەتەوە، دەیان وت: نەخێر، باشە ئەی چۆن ڕێگا بەخۆت دەدەیت قسەوباسی لەسەر بکەیت، کاتێک باس لە ئەرک ناکەم لەبەر گرنگی‌و ناگرنگی نییە، چونکە ئەرک‌و ماف لەیەک ئاستدان، بەڵام چونکە دەسەڵات‌و حکومەت لە وەرگرتنی ئەرکی هاوڵاتیان ئازان. ڕۆژێک خانوم فرۆشتبوو کاتێک دەچوینە هەر ژورێک دەبوایە پارەمان بدابایە بەناوی پول‌و ڕسومات خۆ کارێکی سروشتی‌و یاساییە منیش خۆم بە خوێندەوار داناو وتم بابزانم ئەم بڕە پارەی ئەم ژوورە هی چییە، ئیتر هەر لەسەرە ڕاوەستام تا ئەژنۆم بەژان کەوت بە ناچاری چوم پارێزەرم گرت تەنیا بۆئەوەی پارەکەم لێ وەرگرن، بۆیە مەبەستی من دەبێت هاوڵاتی ئاشنا بێت بە مافەکانی خۆی‌و دواتر بزانێت ئەوانەی دەیانەوێت بچنە ناو دەســەڵات بۆچی دەچن‌و پرۆژەیان چییە، هەروەها ئیرادەی گۆڕانکاری لە دڵ‌و دەڕونـی چەکەرە بکرێت، فێرە دەنگدان‌و هەڵبژاردنی کەسی شیاو بێت، نەک هەر لە ئێستاوە بڕیاری بەشداری نەکردن بدات لەو هەڵبژاردنانەی کە بڕیارە ئەنجام بدرێت.

بە هەرحاڵ ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەکێشێت، بۆیە دێمە سەر مەبەستی سەرەکی بابەتەکەم ئەویش هاتنی (کاک نەوشیروان مستەفا)و خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوە، بێگومان هەموو هەڵبژاردنێک تاولەرزی تایبەتی خۆی هەیەو ئێستا خەریکە لە کوردستان هێدی هێدی گەرم دەبێت بێگومان ئەم هەواڵەی (ڕۆژنامەی هاوڵاتی) کە باس لە (کاک نەوشیروان)دەکات کەنیەتی بەشداریکردنی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەمجارە لە کوردستان بە لیستێکی سەربەخۆ، ئەم هەڵوێستەی (کاک نەوشیروان) کۆمەڵێک ئەگەرو ترس دروست دەکات، لە نێو شەقامی کوردی بۆ خوێندنەوەی لایەنەکان جارێکی تر خرانەوە بەر پێداچونەوە، گشت لایەنە سیاسییەکان بە دڵنیاییەوە خوێندنەوەیان خەلەلی تێکەوت لەدوای ئەم هەواڵە، ئەگەر (کاک نەوشیروان) ئەم هەواڵە پشت ڕاست بکاتەوە ئەوا بەم هەڵوێستەی خۆی چەند شتێک دەوروژێنێت کە ئەمانەن:

یەکەم: ڕۆحێکی تـازە دەخاتە بەر ئەم قسانەی کە پێشتر لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان باسی لێوە کردووە.

دووەم: هاوکێشەی سیاسی ئێستای کوردستان دەگۆڕێت.

سێیەم: دەبێتە بەشێکی کـارا لەم گۆڕانەی کە پێموایە بەڕێوەیە.

**پێموایە ئەم لیستە توانای بەدەستهێنانی دەنگی هەیەو چەند شتێک دەوروژێنێت:**
**یەکەم: ڕۆحێکی تازە دەخاتە بەر ئەم قسانەی کە پێشتر لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان باسی لێوە کردووە.**
**دووەم: هاوکێشەی سیاسی ئێستای کوردستان دەگۆڕێت.**
**سێیەم: دەبێتە بەشێکی کارا لەم گۆڕانەی کە پێموایە بەڕێوەیە.**

چوارەم: دەتوانم بڵێم فەراغێک هەیە ئێستا دەکـرێـت ئـەم هەڵوێستە پڕی بکاتەوە، کە دەڵێم دەکرێت، چونکە ئەگەر بۆی نەکرێت یان ئەگەر هەمان ئەزمون دوبارەبکاتەوە ئەوا فەراغەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە .!!.

پـێـنـجـەم: دەبـێـت ئـەم لیستە تایبەتمەندییەتی خۆی بە ڕاکشاوانە پیشان بدات.

شەشەم: پێموایە ئەم لیستە توانای بەدەستهێنانی دەنگی هەیە، ئەویش لەبەر خـودی کەسایەتی (کـاک نەوشیروان) لەلایەک دواتر هیوایەکە بۆ خەڵکانێکی زۆر کە پێشتر خەریکی خەبات‌و کارکردن بوون کە ئێستا بێ ئومێدن لەم بارەی ئێستادا.


حەوتەم: دەکرێت (کاک نەوشیروان) سـوود لـەم هەلومەرجە نێودەوڵەتیە وەربگرێت یان وەریگرتوە بۆ شڵەقاندنی ئەم بارە.

هـەشـتـەم: وەک باسم کـرد (کـاک نەوشیروان) زۆر بە توندی لە بابەتەکانیدا ڕەخنەی لە بارودۆخی ئێستاکەی هەرێم گرتوە، بەتایبەتی لەم لایەنانەی کە باسم کرد لە پێشەکیەکە، بەڵام ئەم گوتارانە پێویستی بە هەڵوێستی لەم شێوەیە هەیە لە دوو لاوە، لە لایەکیان بە بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی ئـەم جـارە بە لیستی سەربەخۆ واتە ئەم هەواڵە پشت ڕاست بکاتەوە، دووەمیان: ئەگەر هات ئەوانەی باسی کردون بە شێوەیەکی جدی کاریان بۆ بکات.

نۆیەم: کاک نەوشیروان شەرعییەتی شـاخ‌و خەباتی کۆنی هەیە، هـەر ئەو شەرعیەتەشە، کـە خەریکە چەندین کەسی لێ بێبەش بێت‌و ببێتە میرات بۆ وەچەکانیش، ئەم خاڵەش لە قازانجی (کاک نەوشیروان) بەکاردێت.

مەبەستیشم نیە بیکەمە خـاوەن گۆچانەکەی موسا، بـەڵام زەمینە بۆ گۆڕانی لەم جۆرە لەبارە.

*** سەرنووسەری هەفتەنامەی (الأفق الجديد)**



# لە پەراوێزی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا...

# پێویستە نوێنەری تورکمانەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێنە پەرلەمانی کوردستان

عیماد ڕەفعەت

ئــەوە بـۆ یەکەمجارە لـە مـێـژووی کوردستان‌و عێراقدا، کە بۆ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە تورکمانەکان لە کوردستان چوار نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، هەرچەندە ئەو نوێنەرانەش لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە بەناوی تورکمان تەعین کراون، بەڵام ئەمەش هەرچۆنێک بێت بۆ ئەوەیە کە وەک نوێنەری تورکمان کاروباری تورکمانەکانەکانی کوردستان‌و ناوچە دابڕاوەکان ڕاپەڕێنن‌و چارەسەری کێشەو داخوازییەکانیان بکەن، وەک دووەم نەتەوە لە هەرێمی کوردستان، جگە لەمەش لەکاتی هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆرجار لە وتارەکانیاندا باسیان لـەوە دەکـرد کە تورکمانەکان نوێنەری خۆیان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیەو ئەو نوێنەرانەش بۆ ئەوە دانراون کە کار بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەیان بکەن‌و کێشەو داواکارییەکانیان چارەسەر بکەن، بۆیە ئەوکات تێکڕای تورکمانانی کوردستان ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی کوردیان بە هەنگاوێکی زۆربـاش وەسـف کردو پێیانوابوو، کە چیتر سەردەمی دیکتاتۆریەت نەماوەو ئەوانیش وەک تورکمان بە هەموو مافێکی سیاسی‌و ڕۆشنبیریی خۆیان شاد دەبن، بەڵام بەداخەوە وانەبوو، چونکە هەر لەکاتی دەستبەکاربوونی ئەو نوێنەرانە لە پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا، نەک هیچیان بۆ نەتەوەکەیان نەکردووە، بەڵکو زۆربەی تورکمانەکانیش نایانناسن‌و هەروەها لەناو جەماوەرو خەڵکی تورکمانیشدانین بۆئەوەی بزانن کە کێشەو داواکاریی تورکمانەکان چییە، ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو نوێنەرانە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا پرۆژەیەکیان بۆ خزمەت‌و بەرژەوەندیی نەتەوەی تورکمان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان نەکردووە، تا ئێستا قسەیەکیان لەبارەی کێشەو داخـوازیـی تورکمان نـەکـردووە، لەگەڵ ئەمەشدا تورکمانەکان ئێستا بە کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنن، وەک بەشدارنەبوونی تـورکـمـان لـە بـڕیـارە سیاسییەکانی کـوردسـتـان‌و نەبوونی نوێنەریان لە ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکان‌و هەوڵنەدان بۆ هاندان‌و هۆشیارکردنەوەی تورکمانانی ناوچە دابڕاوەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نەبوونی کەناڵێکی ئاسمانی تورکمانی‌و نەبوونی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تورکمانی‌و کێشەی قوتابخانە تورکمانییەکان‌و هــەروەهــا کێشەی شوێنەوارو گۆڕستان‌و پەراوێزخستنی بواری هونەری تورکمانی‌و چەندین کێشەی تر، کە ئێستا بە ئاشکرا لە گۆڕەپانەکەدا بـوونـی هـەیـە، کـە ئـەمـەش بـووەتـە فەراغێکی گەورەو جێگای باسکردن لەنێو تورکمانەکانی کوردستاندا، لەگەڵ ئەمەشدا بەناو نوێنەرانی تورکمانیش لە پەرلەمانی کوردستان هەموو کات خۆیان لەم کێشەو داواکاریانەی تورکمانەکان دەدزنەوە گوایە سەرکردایەتی کورد بۆیان جێبەجێ ناکات..! ئێمە لێرەدا چەند پرسیارێک ئاراستەی سەرکردایەتی کورد دەکەین، ئایا ئەو چوار پەرلەمانتارەی تورکمان، کە بۆ ماوەی چوار ساڵە لە خولی دووەمی پەرلەمانن، تا ئێستا چیان بۆ تورکمانەکان کردووە کە جێگای باسکردن بێت؟ ئایا سەرکردایەتی کورد ئاگای لەم کێشەیە هەیەو تا ئێستا لێپێچینەوەی کــردووە یــان ئەمەش سیناریۆیە؟ جگە لەمەش ئێستا دەبینین پاش چەند مانگێک پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئایا سەرکردایەتی کورد دیسان بەنیازە بەبێ پرسی هیچ تورکمانێک یاخود کەسایەتییەکان، نوێنەر بۆ تورکمانەکان لە پەرلەمانی کوردستان تەعین بکات ؟ ئەگەر ئەمەش شێوازێک‌و ڕێگایەکی ڕاستە بەلای سەرکردایەتی کـوردەوە، دەپرسین ئایا پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی چەند پارێزگای کوردستان دەکات؟ ئایا شاری کەرکوکی لەگەڵدایە! ئەگەر وایە بۆچی چوار کورسی بۆ نەتەوەیەک دەستنیشان دەکرێت، کە دووەم نەتەوەیە لە کوردستان کە تەنها لە شاری هەولێر، تورکمانەکان زیاتر لە نیو ملیۆن کەسن! واتە ئەگەر لە بەرامبەر هەر پەنجا هەزار دەنگ، نوێنەرێک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەستنیشان بـکـرێـت، ئــەوا تەنها شـــاری هەولێر پێویستی بە (١٠) کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان، جگە لە شاری کەرکوک..! پرسیارێکی تر ئەوەیە کە ئایا بۆچی کورد بۆخۆی هەڵبژاردن دەکـات‌و نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت، بۆچی تورکمانەکان ئازادنین لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان؟ ئەو پرسیارانەش قسەی من نییە، بەڵکو قسەی تورکمانەکانی کوردستانە.. بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کورد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەکاتی هەر هەڵبژاردنێکدا بوار بدات یاخود شوێنێک بۆ تورکمانەکان دابین بکات، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بە ئازادی‌و دیموکراسی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، کە بەڕاستی داکۆکی لە مافە ڕەواکانیان بکات، نەک لەژێر باڵی ئەواندا بازرگانی بە نەتەوەی تورکمان بکرێت‌و سەرکردایەتیی کوردیش بێدەنگی بنوێنێت.

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٤٣٧ – R٤**

پرۆژە: قیرتاو کردن و کۆنکرێت کردنی کۆڵانەکانی گەڕەکی (مامۆستایان + بەرباخ) لە پێنجوێن (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٣/٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٣) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٩٠٠٠٠٠٠) نەوەد ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٥١٢ – R٥**

پرۆژە: دروست کردنی ئاوەڕۆی لولەیی و سندوقی بۆ گەڕەکی هەنارۆک لە قەڵادزێ

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٣/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٥٠٠٠٠٠٠) سی و پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٥١٨ – R١**

پرۆژە: دروست کردنی هۆلی بۆنەکان لە زێڕینۆک

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٣/٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٩٦ – R٣**

پرۆژە: کرینی کرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارەبای گەرمیان (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٣/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٥١٦ – R٥**

پرۆژە: کۆنکرێت کردنی شەقام و شۆستەی گەڕەکی (سەرا ٢ + ئازادی ٢ + شەهیدان) لە رانیە

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٣/٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠٠) چل ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٤٠٣ – R١**

پرۆژە: فراوانکردنی قوتابخانەی جەمالی حاجی عەلی لە سلێمانی (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٣/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**


**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
b.nusin@rozhnama.com

دەستـــەی نووســەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤

ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info@rozhnama.com–riklam@rozhnama.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەرێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**نووسینگەی هەولێر:**
شەقامی سەد مەتری– پشت هۆتێل ئاڤەشین ٠٦٦٢٥٦٩٩٨٥


www.netewe.com



# نەشتەرگەرییە سەختەکەی نەوشیروان مستەفا!

ئاسۆ عەبدوللەتیف

لیستێک، کە ئەگەر بۆ ماڵئاوایی ستەمکاریو تۆتالیتاریەتی حیزبی کوردی بێتەئارا، بێگومان جێگای دڵخۆشییە، تەنانەت تیمەکەی باراک ئۆباماش پشتیوانی ئەم پرەنسیپو ئیشکردنە تازەیە دەکات، تائۆپۆزسیۆنو چەمکی بەرەنگاری مەدەنی بێتەئاراو یاساو دادگەریو کۆمەڵێک خەڵکی تەکنۆکراتو مەدەنیو ڕەخنەگرو ناحیزبی کاری دەوڵەتی بگرنە ئەستۆی خۆیانو بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژووی حیکایەتەکانی شاخو شەرعیەتی رابردو، حیکایەتێکی نوێ دروست بکرێت لە شاردا، بەڵام دەبێت لە دەرئەنجامو بەرنامەو شەفافیەتو سیاسەتو ئەجێندای ئەم لیستە ئاگاداربینو ئەمیش بە دەردی لیستەکانی تر نەچێتو خەڵکانی گەندەڵ دزە نەکەنە ناویەوە، زۆر ئاساییە هەر لە ئێستاوە لە زۆربەی شوێنەکاندا تەبلیغاتی بۆ بکرێتو کەمپینی بۆ سازبکرێتو دەست بکرێت بە پرۆسەکە، ئەم لیستە یەکێکە لە هەنگاوە جەوهەریو فیکرییەکان بۆ دەستکاریکردنی کۆی سیستمی حوکمڕانیی کوردستانو ناوی لێدەنێم (لیستی نەشتەرگەرییە سەختەکە) بۆ جەستەیەکی نەخۆشو بیماری وەک جەستەی سیاسی ئیفلیجکراوی کوردی، هەروەک سەرکەوتنو شکستی نەشتەرگەرییەکەش کەوتووەتە ئەستۆی خەڵکو دەنگدەرانو ئاگاییو پسپۆڕیو بوێریی هەم خودی کاک نەوشیروانو هەم کاراکتەرەکانی دەوری لیستەکە، چونکە نهێنیی دکتۆری نەشتەرگەر لە سەرکەوتنەکەیدایە نەک جوڵاندنی نەشتەرەکە، ئەگەرچی هەنگاوەکە بە

یەکەم پواز دادەنرێت بۆ ئەو دۆخە سیاسیو کلتووریو ئابوورییەی، کە چەندین ساڵە فەزای دیموکراسیەتی هەرێمی بەرەو قۆرخکاری بردووەو سیستمی حوکمو یاساو دەسەڵاتەکانی خزاندووەتە باوەشی دوو حیزبو دوو ئایدۆلۆژیا، ئەگەر ئەم لیستە مێژوویەکی نوێ دروستبکات، ئەوا مێژووی وازهێنانە لە دوو قوتبیو قۆرخی حیزبیو سەردەمی ڕەخنەو شەفافیەتو دەستکاریکردنی ئەو

حوکمە قەرەقۆشە حیزبییەو تێپەڕاندنی ئەو کاریزماو سەرۆکانەی، کە باوەڕیان بە گۆڕینی کورسیو دەسەڵات نەماوەو نییە، ئەگەرچی لە ئێستاوە گۆمە مەنگەکەی شڵەقاندووەو یەکێتیو پارتی خستووەتە حاڵەتی ترسو دڵەڕاوکێو گەشتی مەکوکی بۆلای یەکتر، چونکە ئەم نەشتەرە شەقامی کوردی دەخاتە بەردەم دوڕیانێکی چارەنوسساز کە ڕەشو سپی لەیەک جودا بکەنەوەو تەنها دنیای سیاسەتی کوردی لە

> **ئەم لیستە یەکێکە لە هەنگاوە جەوهەریو فیکرییەکان، بۆ دەستکاریکردنی کۆی سیستمی حوکمڕانیی کوردستانو ناوی لێدەنێم لیستی نەشتەرگەرییە سەختەکە بۆ جەستەیەکی نەخۆشو بیماری وەک جەستەی سیاسیی ئیفلیجکراوی کوردی**

زەردو سەوزدا نەبینن! چونکە ئەگەر یەکێتیو پارتی باوەڕیان بە پرەنسیپی دیموکراسیو دەستاودەستی دەسەڵات هەبێت، دەبێت ڕێز لەم لیستەو هەر لیستێکی سەربەخۆو حیزبیو ناحیزبی بگرنو دەست نەکەن بە بەخشینەوەو داتاشینی تۆمەت بۆیان، ئەگەر باوەڕیان بە چاکسازیو جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتو جێبەجێکردنی پرۆژەکەی تاڵەبانیو نەهێشتنی گەندەڵی هەیە، دەبێت حورمەتی ئەم لیستە بگرنو ئەم هەنگاوە مەدەنیەش ناشرین نەکەن، هەروەک بەشێکی ناشرینکرنی لیستەکان دەکەوێتە ئەستۆی کاراکتەرانی نێو لیستەکە خۆیان لە جێبەجێنەکردنی بەڵێنو خۆشگوزەرانیو چاکسازیو خەونی شاعیرانەی پێش هەڵبژاردن کە بە درێژایی ئەو چەند هەڵبژاردنەی کوردستان کەمترین بەڵێن، کە بە جەماوەر درابێت، نەبراوەتە سەرو دواجار کورسی دەسەڵات زۆر بەڵێنو وەفای گۆڕیوە، بۆ سەرکوتو توندوتیژیو تەنانەت کوشتنو بێوەفایی.

Asolm2002@yahoo.com



هادی ئەکرەم

# باشوایە سیاسەتمەدار، کەم قسە بکاتو زۆر گوێ بگرێت

گومانی تیادا نییە هەموو نەتەوەیەک مێژوویەکی خۆی هەیە، سەدان پەڕتوکو گۆڤارو ڕۆژنامەکان لە سەردەمە جیاجاکانی خۆی باس لەوە کراوە، ئەمەش زۆربەی تاکەکان دەزانن، هەموو نەتەوەیەکیش پێویستی بە گۆڕانی بەردەوام هەیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەرەوپێش برۆینو گۆڕانی بەردەوام بکەین، پێویست نییە باسی رابردوو بکەین، گرنگە سیاسییەکان سەیری داهاتوو بکەن، بزانن چۆن پەیامی گەش دەدەنە جەماوەر، ئەمڕۆ سیاسییەکان حەزدەکەن زۆر قسەبکەن، باشتر وایە گوێ لە خەڵکیش بگرنو خۆیان رابهێنن هونەری سیاسەت ئەوەیە خەڵک هەست بە سۆزت بکاتو بزانن ئەوەی لە ناخی خەڵکدایە لە ناخی ئەویشدا هەبێت.

سیاسەتمەدار مەرجە بزانێت لە دەوروپشتی چی ڕودەدات، بزانێت کێشەکان چییە بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، چونکە خەڵک ئەگەر کێشەی هەبوو گوێت لێناگرێت، گەر پەیامەکەت ئەوە نەبێت کە لە ناخی خەڵکدایە، تۆ هەر قسە بکەیتو گفتوگۆ لەگەڵ جەماوەر نەکەیت ئەوکاتە سیاسەتمەدار بە کەسێکی دابڕاو لە ناو جەماوەردا خۆی دەبینێتەوە.

کاتێک جەماوەر کێشەی دەبێت، سیاسەتمەدار دەبێت بزانێت کێشەکان چیە، گەر گفتوگۆ بکات چارەسەری کێشەکان ئاسانترە، وەک لەوەی فەوقی بڕیار بدەیت، چونکە کاتێک قسە لەگەڵ خەڵک بکەیت کێشەکەت بۆ باس دەکاتو چارەسەریش دەخاتە بەردەستت، باشترین نمونە کێشەکانی مامۆستایان، خوێنکاران، کێشەی کۆلێژەکانی پزیشکی ...هتد.

لێرەوە کاریگەری ڕاگەیاندن دەردەکەوێت، چ لەسەر گوتاری سیاسەتمەداران، چ لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان، چونکە جەماوەر زۆر بە وردی چاودێری گوتارو پلانو بەرنامەکان دەکات، بەتایبەتی ئەو بەڵێنو بەرنامانەی جێبەجێ ناکرێن، هەربۆیە سیاسەتمەدار، ئەگەر قسە لەسەر کێشەکان بکات، گرنگە مەیدانی ئاگاداری کێشەکان بێتو گوتارو بەڵێن نەدات تا نەزانێت چۆنو کەی ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت؟ نمونەش زۆر دەبینرێت لە میدیاکان لەسەر کێشەکانی ئاو، کارەبا، یەکگرتنی وەزارەتەکان ...هتد.

کاتێک لە میدیاکان قسەدەکەیت باشتر وایە بزانرێت پەیامەکەت چییە، چۆن قسەی لەسەر دەکەی، کەی بڵاوی دەکەیتەوە، کاریگەری لەسەر هاوڵاتیان چۆن دەبێت، ئەو پەیامەی دایدەڕێژێت پەیامێکی توندوتۆڵە، ڕاستەقینەیە، پێوەری هەیە، واقعییە، داهێنانە.

شارەزایان باس لە گرنگی پەیام دەکەنو دەڵێن: نابێت لە (٨٠) وشە زیاتربێتو هەموو مەبەستەکەش بگەیەنێت، بۆئەوەی هاوڵاتیان ئارەزوی بەدواچوونو وەرگرتنی زانیاری لادروست بێت، کەواتە سیاسەتمەتدار کاتێک پەیامێک دەدات، دەبێت واتاداربێت جابۆ گەیشتنی ئەوجۆرە پەیامە، ڕێگای جۆراوجۆر هەیەو باسی رابردوی تێدا نەکرێتو پەیامی رونو ئاشکرات هەبێت.


بۆ گەیشتنی پەیامێک، کە دەتەوێت بیگەیەنێت، شارەزایان دەڵێن بابە کێشە دەستپێنەکات، چونکە سەرنجی گوێگران ڕاناکێشێت، بە پێچەوانەوە سەرنج ڕاکێشبێت، لە هەمان کاتدا بە پراکتیکی هەنگاو بنرێت بۆ چارەسەرکردنی.

زۆر لە شارەزایان دەڵێن: لەکاتی کارکردنداو بۆ گەیشتن بە ئامانجێک پێویستە ئەم هەنگاوانە بەهەند وەربگیرێت (ئامانج، بوونی بودجە، کۆمەڵەی مەبەست، چالاکی، خشتەی کاتی، دەستی کار، هەڵبژاردنی میدیا)

بۆ نارەزاییو چارەسەرکردنی کێشەکانو هێنانەدی ئامانجەکان بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لە ئەمڕۆدا شێوازی بانگهێشتکردنی خەڵک بۆئەوەی بە زۆر گوێت لێبگرن باوی نەماوە، بەڵکو زۆر گرنگە سەردانیان بکەیتو لەناو جەماوەردا بیت تا بزانی چی دەوترێتو ئەوان چیان دەوێت؟

لەم ماوەیەدا سەنتەری میدیای سەربەخۆ لە کوردستان (imck) وۆرکشۆپێکی ڕاهێنانی کردەوە، لەلایەن چەند پسپۆڕێکی ڕاهێنەرو ئامۆژگاری حیزبە سیاسییەکان، ئەوەی جێگای گرنگیە لەدوا ڕۆژی ئەم (وۆرکشۆپ)ەدا، بەپێی بەرنامەی خولەکە چەندین هاوڵاتی بانگهێشتکران لە چینو توێژە جیاجیاکان، زۆر بە ئازادانە ڕاوبۆچوونو گلەییو نارەزاییەکانی خۆیان باسکردو هەریەکە لەسەر کێشەیەک قسەیان دەکرد لەوانەش (دەستوەردانی حیزب لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی خەڵک، خراپی سیستمی خوێندن، تێکەڵبوونی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت، نەبوونی شەفافیەت، گەندەڵی، کۆنترۆڵکردنی بازاڕ، نەبوونی دیموکراتی، نەبوونی مافی ژیان) ئەمەو چەندین گلەییو نارەزایی تر، لەسەرجەم نارەزاییەکانی جەماوەر ئەوەی بە گرنگترین خاڵ دیاریکرا (تێکەڵ بوونی دەسەڵاتی حیزبو حکومەتو نەبوونی دیموکراسی بوو).

بە ڕای کۆمەڵێکی کەم، لە هاوڵاتیان کە زۆر دڵسۆزانە دەستیان خستە سەر کەموکورتییەکان ئەوانە بێت، گومانی تێدا نییە بەشێکی زۆری جەماوەر هەمان ڕایان هەیە، بۆئەوەی حیزبەکان لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆی ئاشتببێتەوەو هەرچی زوترە دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت جیابکرێتەوەو بنەماکانی دیموکراسی جێبەجێ بکرێت، سیاسەتمەدارەکانیش با زۆر قسە نەکەنو خۆیان ڕابهێنن گوێ لە جەماوەر بگرن.



سەنگەر رەسوڵ

# کەیسی ژمارە (٢٥)!

٢-٢

لە ئەڵقەی رابردودا بەشێک لە پرسەکان دەربارەی پرۆژەی بوونە ئەندامی گەنجانی بیستوپێنج ساڵەم خستەڕو، بۆیە خاڵێکی دیکەی جێگا لەسەر وەستان چۆنیەتی وەرگرتنی پۆستێک لەلایەن گەنجێکی تەمەن (٢٥ تا ٣٠) ساڵانەوەو بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە بەشێوەیەکی تەواوکار (پێرفێکت)و ئیجابیانە لەلایەن ئەو گەنجەوە دەخەمەڕو.

ئاشکرایە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ پۆستێکی گرنگ، پێویستە ئەو کەسە ئەزمونێکی باشی کۆکردبێتەوە لەڕوی چەندایەتیو چۆنیەتییەوە، چونکە ئەزمونو شارەزاییت نەبێت، زۆر بەساناتر بڕیاری هەڵە دەدەیت لەو کەسەی، کە دنیایەک شارەزاییو زانیاریی هەمەجۆری کۆکردبێتەوە، بۆ نمونە هەر گەنجێک لە هەرێم تا دەگاتە ٢٢ ساڵی تەمەنی، ئەگەر بەبێ دابڕان خوێندبێتی، ئینجا بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست دەهێنێت، بۆیە ئەگەر ٣ ساڵ کاری کردبێت لەدوای دەرچوونی لە زانکۆ، دەتوانێت بایی ئەوەندە شارەزاییو ئەزمونی بەدەست هێنابێت، لەماوەی خوێندنیشدا ئەو گەنجە لە ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکان کاری کردبێت، ئەوا شارەزایی لەوبوارەدا ئامادەی دەکات بۆ گرتنە دەستی پۆستە باڵاکان؟

ئەگەر چاویش بە پەرلەمانەکانی ئەوروپاو ئەمریکا بخشێنین، زۆربەی هەرەزۆری پەرلەمانتارەکان بەتەمەننو بگرە لەسەرو (٤٠) ساڵیشەوەن، خۆ حاڵەتیش هەبووە گەنجێکی کەم تەمەنیش چووەتە ناو ئەو پەرلەمانانە، وەکو یۆشکا فیشەری وەزیری پێشوی دەرەوەی ئەڵمانیا، کە کاتێک بە پەرلەمانتار هەڵبژێردرا بە کاوبۆو کاڵایەکو قژێکی درێژەوە سوێندی ئەندامێتی خوارد، هەر ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردنیش بووەوە لەلایەن پەرلەمانتارەکانی دیکەوە.

لەلای خۆشمان چوار ساڵ لەمەوبەر کاتێک یەکێک لەلایەنە سیاسییەکان داوای لە مامۆستایەکی زانکۆ کرد ببێتە پەرلەمانتار، کە تەمەنی سەرو (٣٠) ساڵ بوو، ئێستاکە ڕاگری یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانییە، ڕەتیکردەوە، بیانویەکی جوانی هەبوو، وتبوی: هێشتا ماومە بەشداریی بکەم لە یاسادانانی وڵاتەکەم، ئەی چەند نمونەی پێچەوانە هەیە کە هێشتا هیچیان پێ نییەو بەواستەو واستەکاری لەڕێی ئەو پرۆژەیەوە ئەو پۆستانە بەدەست دەهێنن؟ نامانەوێت پرۆژەکە ڕەتبکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێت وەڵامی پرسیارەکانمان دەست بکەوێت، بەتایبەتی لە بارودۆخی تایبەتی هەرێم، هاتنە پێشەوەو بوونە ئەمری واقیعی پرۆژەیەکی لەوجۆرە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، بۆ ئەوەی خەڵکانێک لە داهاتوودا بە ئاراستەیەکی خراپ بەکاری نەهێنن.

SANGARRASULL@GMAIL.COM

# کۆمپانیای پەڕی زەرد بۆ ڕێکلام و ڕێبەری زانیاری

پەڕی زەرد دروستکاری یەکەمین و گەورەترین ڕێبەری زانیاریە لە کوردستان .

زانیاری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەشت و گوزار و شوێنەوارەکان .

نەخشەی کوردستان بەتەواوی وردەکارییەکانی زانیاری لەسەر بوارەکانی ( کارگێری - تەندروستی- بازرگانی- ڕاگەیاندن - ئەلکترۆنی- تەلەفونات ) لە خۆ دەگرێت .

ئاگاداری گشت خاوەن پیشە و بازرگانەکان و کۆمپانیاکان دەکەین هەلی دەرخستنی کارەکانیان لەدەست نەدەن .

لەگەڵ پەڕی زەرد ڕێکلامەکانتان هەمیشە زیندووە .

مۆبایل:هەولێر 07501553344-07507086699-07706414010

مۆبایل:سلێمانی 07507086688-07706414060

E-mail:info@kurdyp.com

www.kurdyp.com




( پەڕی زەرد )

ناونیشان : نووسینگەی سەرەکی/هەولێر-شەقامی ئاراس-باڵەخانەی هیوا-ژووری 11

نووسینگەی سلێمانی : گەڕەکی کانی ئاسکان تەنیشت گەراجی بەکرە جۆ



## شاری شنیاری نیشتەجێبون

www.shinyar.com
info@shinyar.com

شاری شنیاری نیشتەجێبوون لە قۆناغی دووەمی پرۆژەکەیدا، دوو جۆر شوقەی جیاواز لە ڕووبەر، لە دیزاین و نرخدا دەخاتە پێش چاوتان بەم تایبەتمەندیانەوە:

**شوقە بە ڕوبەری 144م2**
- سێ ژووری نوستن.
- یەک ژووری میوانی گەورە .
- یەک چێشتخانەی گەورە + مخزن.
- دوو حەمام و تەوالێت.
- دوو بالکۆنی دڵگیر.

**شوقە بە ڕوبەری 192م2**
- سێ ژووری نوستن.
- هۆڵ و ژووری میوانی کراوە لەسەریەک.
- یەک چێشتخانەی گەورە + مخزن.
- دوو حەمام و تەوالێت .
- سێ بالکۆنی گەورەی دڵگیر.
- مەخزەنێک بە ڕوبەری 14م2 لە ژێرزەمین

وەرن ڕاستیەکان بە چاوی خۆتان ببینن

هەر ئێستا سەردانمان بکەن

Asia : 0770 241 7733
Korak : 0750 109 5048

ناونیشان :
سلێمانی-سەرڕێگەی بەکرەجۆ








ئاسیاسێڵ دەنگت بیستراوە

www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١


ڕۆژنامە
فەڵك
٨ لاپەڕە
xalk@rozhnama.com 2009/2/15 یەکشەممە ژمــارە (406)


**نرخی کارەبای ئەو ماڵانە کەمدەکرێتەوە**
**کە کارەبا زۆر بەکاردەهێنن**
ل ٢

**(٢٥) هەزار ڤیزای تایبەت دەدرێت بەو کەسانەی**
**لەگەڵ ئەمریکییەکان کاریان کردووە**
ل ٣


# جیاوازی ڕەنگەکان، هەڵبژاردن جوانتر دەکات

لاپەڕەکانی ٤و٥



## تەنها لە پارێزگایەکدا
## نزیکەی (١٧٠) پرۆژە تەواو نەکراوە
ل٦



## کۆمپانیا تورکییەکان
## ڕانیەو کۆیەیان بێناو کردووە
ل٧

www.netewe.com

بەدواداچوون

# (٢٥) هەزار ڤیزای تایبەت دەدرێت بەو کەسانەی لەگەڵ ئەمریکییەکان کاریان کردووە

**(٢٥) هەزار هاوڵاتیی عێراقی ڤیزای کۆچبەری تایبەتی ئەمریکایان بۆ دابین دەکرێتو دەبرێنە ئەمریکا، بەڵام ئەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نییەو تەنها ئەو هاوڵاتییانە ڤیزاکە وەردەگرن کە لەگەڵ ئەمریکییەکاندا کاریان کردووەو ئەو کارکردنەش بووەتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانیان.**

هەولێر
ئیبراهیم عەلی

لە مانگی تەمموزی ساڵی رابـــردودا باڵیۆزخانەی ئەمریکا بەرنامەی ڤیزای کۆچبەری تایبەتی بۆ ئەو کارمەندە عێراقیانە راگەیاند، کە لەگەڵ ئەمریکییەکان یا ئەو رێکخراوانەی لەبری حکومەتی ئەمریکا کاریان کـردووە، بەپێی ناوەڕۆکی راگەیاندنەکەش پێویستە ئەو کەسەی داواکاریی پێشکەش دەکـات بۆ ئـەوەی وەک کۆچبەری تایبەت وەربگیرێت، هاوڵاتیی عێراقی بێتو لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە دامەزرابن یاخود لەبری حکومەتی ئەمریکی دامەزرابنو لانیکەم (١) ساڵ لـەدوای ٢٠٠٣/٣/٢٠ کاریان کردبێت، هــەروەک پێویستە ئـەو کەسە روبــەڕوی هەڕەشە بووبێتەوە یاخود بە بەردەوامی هەڕەشەی لەسەر بێت بەهۆی کارکردنی لەگەڵ ئەمریکییەکاندا.

## لە کوردستان کەسابەتی پێوەکرا

دوای بـڵاوبـوونـەوەی راگەیاندنەکەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، لە هەرێمی کوردستانداو بەتایبەت لە شاری دهۆک چەند نوسینگەیەک کرانەوە لەژێر ناوی ئەوەی دەتوانن وابکەن خەڵک بچێتە ئەمریکا، بەوهۆیەشەوە پارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان وەرگیرا، بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە زیاتر لە سێ هەزار هاوڵاتی لەو نوسینگانە ناوی خۆیان نوسیوەو بۆ هەر یەکێکیشیان (٥٠) هەزار دینار وەرگیراوە.

وەرگرتنی پارە لەلایەن ئەو سەنتەرانەوە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی فشاری زۆریان خرایە سـەرو هیچ وەڵامێکیان نەبوو بۆ ئەو کەسانەی داوایان پێشکەش کردبوو بۆ وەرگرتنیان لەلایەن ئەمریکاوە، لەبەرئەوە حکومەت نوسینگەکانی داخستو ژمارەیەکی زۆر لەو هاوڵاتییانەش کە لەو نوسینگانەوە داوایان پێشەکەش کردبوو، نارەزاییان گەیاندە کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەرێم، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوت.

## ترس لە کارکردن

ئەوکەسانەی لەگەڵ ئەمریکییەکان یا رێکخراوە ئەمریکییەکان کاردەکەن، جگە لەوەی لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانەوە بە (هاوکاری داگیرکەر) تۆمەتبار دەکرێنو هەڕەشەیان لـەسـەرە، لـەلایـەن هێزە نەتەوەییەکانی عێراقیشەوە وەک جاسوس تەماشا دەکرێنو بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە زانیاریی بۆ بێگانە دەگوازنەوە، ئەو دژایەتیکردنو مەترسیانەش لـەسـەر ژیـانـی ئـەو کەسانە وایـکـردووە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق بڕیاری پێدانی ڤیزای داوە بەو هاوڵاتییانەو دەتوانن بەرەو ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا کۆچ بکەن.

کارمەندێکی عێراقی کە لە یەکێک لە رێکخراوە ئەمریکییەکاندا کـاردەکـات، بۆ رۆژنـامـەی رونـکـردەوە کە جگە لـەوەی لەلایەن ئەو دوو جۆرە رەوتـەوە دژایەتی دەکرێن، دەزگا هەواڵگرییەکانی حیزبەکانیش چاودێرییان دەکەنو وتی: «بـەردەوام بەوە تۆمەتبارمان دەکـەن کە زانیاریی لەسەر حیزبەکانو پێشلکارییەکانیان بە ئەمریکییەکان دەگەیەنین، ئەوە لەکاتێکدا هەموو ئەوانەی لە رێکخراوە ئەمریکییەکاندا کاردەکەن، لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە موقابەلە کراونو دڵنیابوون لە ئەمنیەتی ئەوانو هیچ گومانێکی ئەمنیان لەسەر نەبووە، بۆیە رەزامەندییان نیشانداوە کە لەو رێکخراوانەدا کاربکەن».

## ئەمریکییەکان لە کوردستان نوسینگە ناکەنەوە

جێفری لۆدینسکی، کونسوڵی تایبەتی پێدانی ڤیزا لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، ئەوەی بە رۆژنامە راگەیاند کاری سەرەکی ئـەوان رێکخستنی کـاروبـاری ڤیزایە بۆ هاوڵاتییە عێراقییەکان کە دەیانەوێت برۆن بۆ ئەمریکا، ئەوەشی خستەڕو کە ئاسانکاریی زۆریان کردووە بۆ ئەو قوتابیانەی ویستویانە لە ئەمریکا درێـژە بە خوێندن بدەنو وتی: «گرنگیی تایبەت بە گەنجان دەدەینو ئێستا زیاتر لە (١٢٠٠) قوتابی عێراقی لە ئەمریکا درێژە بە خوێندن دەدەن».

لۆدینسکی لەبارەی ڤیزای کۆچبەرانی تایبەتەوە باسی لەوەکرد کە پێشتر کێشەی زۆر هەبووە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانویست بەرەو ئەمریکا گەشت بکەنو پێویست بوو لە وڵاتێکی دیکە ڤیزا وەربگرن، بەڵام ئێستا دەتوانن لە بەغداوە ئەم کارەیان بۆ بکرێت.

کۆنسوڵی تایبەت بە پێدانی ڤیزا لە باڵوێزخانەی ئەمریکا کە ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستانەو لەگەڵ زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵگا کۆبونەوەی کردووەو بۆی دەرکەتووە کە کوردەکان نایەنەوێت لە بەغدا ڤیزا وەربگرن، جەختی لەوەکردەوە داوایـــان کـــردووە لە هەولێر یا سلێمانی نوسینگەیەکی پێدانی فیزا بکرێتەوە، بەڵام دوپاتی کردەوە کە لە ئێستادا هیچ پلانێکیان نییە بۆ کـردنـەوەی نوسینگە لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی خستەڕو کە فۆرمەکانیان بە پارە نییەو بەرپرسیش نین لەو نوسینگانەی کە لە کوردستاندا بە پارە فۆرمیان بۆ خەڵک پڕکردوەتەوە، وتیشی: «عێراق یەکەم وڵاتە کە ئەم بەرنامەیەی تێدا جێبەجێبکرێت، ئەوەش لەبەر (قوربانییەکانی) خەڵکی عێراقەو لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکییەوە رەزامەندیی لەسەر نیشاندراوەو بەهۆی ئەو بەرنامەیە (٢٥) هەزار ڤیزای تایبەت دەدرێت بە عێراقییەکان، داواشمان لە خەڵک کردووە لە رێگای سایتی تایبەتەوە فۆرم پڕبکەنەوە».



بەغدا: چەند ئەفسەرێکی عێراقی ل گەڵ هێزە ئەمریکییەکاندا

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

**ئەوکەسانەی لەگەڵ ئەمریکییەکان یا رێکخراوە ئەمریکییەکان کاردەکەن، جگە لەوەی لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانەوە بە (هاوکاری داگیرکەر) تۆمەتبار دەکرێنو هەڕەشەیان لەسەرە، لەلایەن هێزە نەتەوەییەکانی عێراقیشەوە وەک جاسوس تەماشا دەکرێن**

www.netewe.com

راپۆرت

### بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی رەخنەی هەیە

# نرخی کارەبای ئەو ماڵانە کەمدەکرێتەوە که کارەبا زۆر بەکاردەهێنن



محەمەد ساڵح حەمەلاو

**وەزارەتی کارەبا نرخی کارەبای ئەو ماڵانە کەمدەکاتەوە کە لە مانگێکدا زیاتر لە (٥) هەزار کیلۆوات وزەی کارەبا بەکاردەهێنن، ئەوە لەکاتێکدا لە سەرەتای ئەمساڵەوە نرخی بەکارهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی گشتی زیادی کردووە، لێپرسراوی بەشی فرۆشتنی وزەش لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی باس لەوە دەکات کە پێشتر بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی رەخنەیان لـەوە گرتووە کە نرخی کارەبا بەوشێوەیە کەمبکرێتەوە**

بەپێی خشتەی نوێی نرخی بەکارهێنانی کارەبا کە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم بڵاویکردوەتەوەو لە سەرەتای ئەمساڵەوە کاری پێدەکرێت، تێیدا هاتووە ئەگەر هەر بەشداربویەک لە سەنتەری پارێزگاو قەزاو ناحیەکان پێوەری کارەبای نەبێت، ئەوا مانگانە (٤٠) هەزار دینارو لە گوندەکاندا (٢٠) هەزارو ئەگەرماڵێکیش کارەبای (سری فەیس) بەکاربهێنێت مانگانە (١٠٠) هەزار دیناری لێوەردەگیرێت، ئەوە لەکاتێکدایە پێشتر ئەو نرخە بۆ سەنتەری پارێزگاو قەزاو ناحیەکان (٧) هەزارو بۆ گوندەکان (٥) هەزارو بۆ (سری فەیس)یش تەنها (٢٠) هەزار دینار بووە.

محەمەد عەزیز، لێپرسراوی بەشی فرۆشتنی وزەی کارەبای سلێمانی، هاوڕا بوو لەگەڵ ئەوەی کە ئەو نرخە زۆرەو هۆکاری دانانی ئەو نرخە زۆرەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە هیچ ماڵێک نەتوانێت بەبێ پێوەر کارەبا بەکاربهێنێت.

بە وتـەی بەرپرسـانی وەزارەت یەکێک لە ئامانجەکانی حکومەتی هەرێم لە زیادکردنی نرخی کارەبادا، ئەوەیە کە هاوڵاتییان وزەی کەمتر کارەبا بەکاریبهێنن، بەڵام وەک لە خشتەی نرخە نوێیەکەدا هاتووە ئەگەر ماڵێک مانگانە لەسەرو (٥) هـەزار کیلۆواتەوە وزەی کارەبا بەکاربهێنێت، ئەوا نرخی هەر کیلۆ واتێکی بە (٢٠٠) دینار دەدرێتێ، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی سیستمە کۆنەکە بۆ هەر کیلۆواتێک (٢٨٠) دینار لەو ماڵانە وەرگیراوە کە مانگانە لەسەرو (٥) هەزار کیلۆواتەوە وزەی کارەبا بەکاردەهێنن.

بە وتـەی محەمەد عەزیز، پێشتر بەڕێوەبەرایەتی کـارەبـای سلێمانی رەخنەیان لە کەمکردنەوەی نرخی کارەبای ئەو ماڵانە هەبووە کە زیاتر لە (٥) هەزار کیلۆوات کارەبا بەکاردەهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش رونکردنەوەیەکیان ئاراستەی وەزارەتی کارەبا کردووە، بەڵام گوێیان لێنەگیراوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، پێش زیادکردنی نرخی کارەبا بەڕێوەبەرایەتی کـارەبـای سلێمانی پێشنیازی کردبوو ئەو ماڵانەی مانگانە لەسەرو (٥) هـەزار کیلۆواتەوە وزەی کارەبا بەکاردەهێنن، نرخی کارەباکەیان بۆ هەر کیلۆواتێک لە (٢٨٠) دینارەوە بکرێت بە (٣٦٠) دینار، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەو نرخە پەیڕەو بکرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتییان دەست بە بەکارهێنانی کارەباوە بگرن، بەپێچەوانەوە نرخەکە کەمکراوەتەوە بۆ (٢٠٠) دینار.

مـەحـمـود حـاجـی، راوێـژکـاری وەزارەتـی کارەبا کە هاوکات سەرۆکی ئـەو لیژنەیە بـووە کـە نرخی نوێی کارەبایان دیاریکردووە، باسی لەوەکرد ئەو بەشداربوانەی کە مانگانە لە (١ کیلۆواتەوە تا ٥ هەزار کیلۆوات) کارەبا وزەی بەکاردەهێنن، لەلایەن حکومەتەوە رێژەیەک لە پارەکەیان بۆ دەدرێت واتە هاوکاریی دەکرێـن لـەو پـارەیـەی کە مانگانە دەیدەن، بەڵام ئەو بەشداربوانەی لەسەرو (٥) هـەزار کیلۆواتەوە کارەبا بەکاردەهێنن، حکومەت هیچ کۆمەکێکیان ناکات بەڵکو خۆیان تێکڕای پارەکە دەدەن، وتیشی: «ئەو ماڵانەی کە مانگانە لەسەرو (٥) هـەزار کیلۆواتەوە وەزی کارەبا بەکاردەهێنن، زۆر کەمن‌و رێژەکەیان ناگاتە ٢٪»، سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە مانگانە حکومەت وەک هاوکاریی بۆ ماڵانی دەدات، مەحمود حاجی وردەکاریی هاوکارییەکەی نەدرکاند، بەڵام ئاماژەی بەوەکرد (ئـەو ماڵانەی کارەبا کەمتر بەکاردەهێنن، هاوکارییەکەیان بە رێژەی ٨٠٪یە، بەڵام تا زیاتر کارەبا بەکاربهێنرێت، ئەو هاوکارییە کەمتر دەبێتەوە).

حکومەتی هەرێم ماوەی چەند ساڵێکە لە رێگای تورکیاو ئێرانەوە وزەی کارەبا دەکڕێت، هەروەک لە وێستگەی ئەحمەد ئیسماعیل لە هەولێر کە وێستگەیەکی سەر بە کەرتی تایبەتە، کارەبا دەکڕێت‌و بە هاوڵاتییانی دەفرۆشێتەوەو تا ئێستا ٨٥٪ی قـەزاو ناحیەکان کارەبایان بۆ دانـراوەو پەیوەستن بە سیستمی هاوبەشیکردنی کارەباوە، بەڵام بەشێک لە هاوڵاتییان تا ئێستا پێوەری کارەبایان بۆ دانەنراوە.

حامید قـادر، بـەڕێـوەبـەری گشتی دابەشکردنی کارەبای هەرێم، ئاماژەی بەوەکرد دانانی نرخی کارەبا لەلایەن لیژنەیەکەوە بووە کە وەزارەت خۆی دایناوە، دەربـارەی ئـەوەش کە بۆچی حکومەت نرخی کارەبای لەسەر ئەو ماڵانەش زیاد نەکردووە کە کارەبای زۆر بەکاردەهێنن، بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی کارەبای هەرێم ئاماژەی بەوەکرد (پێویستە ئەو کەسەی کارەبا زۆر بەکاردەهێنێت، پارەی زۆری لێوەبگیرێت‌و ئەوەشی کارەبا کەم بەکاردەهێنێت، پارەی کەمی لێوەربگیرێت، بەڵام دانانی نرخەکە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە بووە).



دوو کارمەندی فەرمانگەی کارەبا لە کاتی کارکردندا

www.nnewe.com

## هەڵبژاردن

# بەشداریکردنی لیستی نوێ، دەبێتە گۆڕانی گەورە لە پرۆسەی سیاسی کوردستاندا

**مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی رای خۆیان لەبارەی بەشداریکردنی لیستێکی نوێ دەردەبڕن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیارە ٢٠٠٩/٥/١٩ ئەنجام بدرێت، زۆربەی ئەو مامۆستایانەی رایان دەربڕیوە، پێیانوایە بوونی لیستی سەربەخۆو جیاواز لە لیستی دوو حیزبە سەرەکییەکە، خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسی هەرێمی کوردستان دەکات و گەشبینن بە گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.**

**دلێر عەبدولخالق**

**ڕەزا تۆفیق**، سەرۆکی بەشی راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، بە پێویستی دەزانێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستاندا لیسی جیاواز هەبێت، چونکە بە بڕوای ئەو، ئەگەر هەموو حیزبەکان بەیەک لیست دابەزن، بەشداریی نەکەن باشترە، بەوپێیەی هەڵبژاردن بریتییە لە «ململانێی بەرژەوەندییەکان و خەباتە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵک بەشێوەیەکی دیموکراسیانە کە لێوەیە شەرعیەت بە دەسەڵاتێک دەدات و بە دەسەڵاتێکی تری دەبەخشێت». ڕەزا تۆفیق نمونەی خراپی ئێستای ئەدای پەرلەمانی کوردستانی هێنایەوەو کە «نەیتوانیوە ڕۆڵ بگێڕێت»، هۆکاری ئەوەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا هەموو لایەنەکان لەیەک هەوپەیمانیدا کۆبونەوەو دەنگەکان لەو لیستەدا کۆکراونەتەوە، کە «ئەو هاوپەیمانیەتییە کوشتنی دیموکراسیەتە».

سەرۆکی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی جەختی لەوەکردەوە کە لیستە سەربەخۆو جیاکانی دەرەوەی دوو حیزبەکە ئیش بکەن لەسەر جیاکردنەوەی حیزب لە کاروباری حکومەت و سەربەخۆیی دادگاکان و سەربەخۆیی پەروەردەو کاراکردنی ڕۆڵی پەرلەمان، شەفافیەت لە چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو هێنانانەدی ئەو بەڵێنانەی کە بە جەماوەری دەنگدەری دەدەن.


ڕەزا تۆفیق

د. **سەلاح کانەبی**، سەرۆکی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، هاوڕایە لەوەی بوونی لیستی سەربەخۆو جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان، ئەگەری گۆڕانی دەبێت لە پێکهاتەی حکومەت و پەرلەمان، چونکە «لە توانایدا هەیە کۆمەڵێک خەڵکی چالاک لەخۆی کۆبکاتەوەو ڕۆڵی جدیی ببینێت»، وتیشی: «پێویستە لیستی جیاواز هەبێت، بەڵام بەرلەوە دەبێت بپرسین ئەو لیستانە کێن؟ چ ئامانجێکیان هەیەو سەربەخۆییان تا کوێیە، کاندیدەکانیان لەسەر چ بنەمایەک دیاری دەکەن و لە واقیعدا دەتوانن چی بکەن؟ تەنها بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات هەوڵدەدەن یان دەیانەوێت گۆڕان بکەن؟».


د. سەلاح کانەبی

د. **ئەنوەر ئەبوبەکر**، سەرۆکی بەشی یاسای زانکۆی سلێمانی، لەوبڕوایەدایە تەنها دوو حیزبە سەرەکییەکە بەس نین بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بەڵکو ئەگەر لایەنی تری بەهێز هەبێت، ئەنجامی باشی دەبێت و سودو بەرژەوەندی گشتی لێدەکەوێتەوەو وتی: «لیستی جیاوازو سەربەخۆ دەبێتە هۆی دروستبوونی کێبڕکێیەکی دروست لەنێوان حیزب و لایەنەکان و لە ئەنجامیدا پرۆسەکە جوانتر دەبێت و بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە».

د. ئەنوەر بە پێویستی زانی لیستە جیاکانی دەرەوەی دوو حیزبەکە پێش هەر شتێک ئەو کارە ناڕەوایانە ڕاست بکەنەوە کە ئەو حیزبانە کردویانە، خەڵکی پسپۆڕ بۆ پۆست و بوارە گرنگەکان دیاری بکەن، وتیشی: «پێویستە بۆ داهاتوو یاساکان بەشێوەیەکی سەقەت نەڕوات بەسەر خەڵکەوە، بەڵکو بیرکردنەوەو سەرنجی تێدابێت و زۆرترین بەڵێ و نەخێر لەخۆبگیرێت، نەک وەک ئەزمونی ئێستای پەرلەمان، کە بەشێوەی ڕێککەوتن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرەوەیە، ئەنجامی ئەمانەش بوونی هەڵەیە لە بەشێک لەو یاسایانەدا، کە پەرلەمان پەسەندی کردون».


د. ئەنوەر ئەبوبەکر

د. **دلێر ئەحمەد**، راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤاتییەکان، بەپێچەوانەوە دەدوێت و دەڵێت: «پێموانییە لیستە جیاوازەکان گۆڕان بکەن»، ئاماژە بەوەشدەکات لە وڵاتێکی دیموکراسیدا کە هەمەڕەنگی پێوەدیارە، ئاساییە لیستی جیاواز بۆ کاتی هەڵبژاردنەکان پەیدابن و بەشداریی بکەن بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی دەسەڵات، لێرەش، کە چەندین حیزبی جیاجیا هەیەو میدیای ئازاد هەیە، کەواتە پێویستیشە لیستی جیا هەبێت بۆ هەڵبژاردنەکان.


د. دلێر ئەحمەد

د. دلێر بە پێویستی دەزانێت، کە لیستە جیاوازەکان لە کارنامەیاندا بیر لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی کۆمەڵگای کوردی بکەنەوە، تا ئێستاش لە کوردستاندا لە هەوڵی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسین و پێویستە ئەو خاڵە باش لەبەرچاو بگیرێت و وتی: «جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری و بە دامەزراوەییکردنی حوکمڕانی و شەفافیەت لە بوارە جیاوازەکانی حکومەت و پلاندانان، بە بەرنامە ئیشکردن و دیراسەکردنی بوارەکانی ژیان و جێبەجێکردنی بڕگە دەستورییەکان، ئەمانە دەبێت، لە ئەولەویەتی ئیشکردنی لیستە سەربەخۆو جیاوازەکان بێت».

د. **سامان فەوزی**، مامۆستای بەشی یاسا، لەگەڵ بوونی لیستی جیاوازو سەربەخۆدایە، جگە لە لیستی پارتی و یەکێتی، هۆکاری ئەوەش بۆ کاراکردنی گەمەی دیموکراسی لە کوردستان دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشو، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەناڕوونی دەهێڵێتەوەو زانراو نابێت، وتی: «پێشتر کە هەردوو حیزب پێکەوە دادەبەزین، بۆ هەڵبژاردن زانراو بوو، کە (٨٠٪)ی دەنگەکان بەدەست دەهێنن و ئەنجامەکانیان یەکلاکردبوو، ئەمەش دەبووە هۆی بێهیوابوونی بەشێکی زۆری خەڵک لە دەنگدان، کە ئەمجارە بەوشێوەیە نابێت».

د. سامان ڕونیکردەوە، کە هەرچەندە تا ئێستا هیچ لێدوانێکی ڕەسمی لەلایەن کۆمپانیای وشەوە ڕانەگەیەنراوە، بەڵام پێیوایە، ئەگەر لیستی نەوشیروان مستەفا بەشداریی بکات لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا بێگومان ئەنجامی هەڵبژاردنەکان گۆڕانی بەسەردا دێت و چاوەڕوانکراو نابن و وتیشی: «ئەوە دەبێتە هۆی گۆڕانێکی گەورە لە پرۆسەی سیاسی کوردستاندا».


د. سامان فەوزی

د. **فاروق ئەبوبەکر**، راگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی، پێیوایە ئەگەر بە ڕۆحیەتی دیموکراسیانە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بڕوانین، دەبێت بزانین لیستی جیاوازو سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا خزمەتی پرۆسەی دیموکراسی ئەو هەرێمە دەکات و دەڵێت: «لە قازانجی ئەم قۆناغەی میللەتەکەمان و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە»، بۆچوونیشی وایە، کە لیستە سەربەخۆو جیاوازەکان گرنگی بە دوو لایەنی ئاستی نەتەوەیی و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان و ساغکردنەوەیان بدەن، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆیی دابینکردنی ئاوو کارەباو پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەڵگاو هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی.


د. فاروق ئەبوبەکر



هەڵب

# نەبوونی لیستی جیاواز لە هەڵبژاردندا، مانای نەبوونی دیموکراسییە


**هەڵبژاردن تاکە ڕێگای مەدەنیو ئاشتیانەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنو دەستاودەستکردنی دەسـەڵات، لە نێوان حیزبو ئایدیاو بیروبۆچوونە جیاوازەکان، بەڵام بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسیو تەندروست بەڕێوە بچێت، پێویستە چەند لیستو لایەنێکی جیاواز هەبن تا هاوڵاتیان مافی هەڵبژاردنیان هەبێت لە نێوان دەنگە جیاوازەکاندا، هەربۆیە بەبێ بوونی چەند لیستێکو بوونی کێبڕکێ لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا، هیچ یەکێک لە بنەماکانی ئەو سیستمە دیموکراسییە پیادە نابێت، لە بارەی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانو نەبوونی لیستی جیاوازو کۆبونەوەی لایەنە سیاسیەکان لە هاوپەیمانیەتیەکدا، زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە هەڵبژاردن بەبێ بوونی لیستو دەنگی جیاواز مانای نەبوونی دیموکراسیە.**

**نیاز نایف**

**ئـارام جـەمـال**، بـەڕێـوەبـەری پەیمانگای کـوردی بۆ هەڵبژاردن، پـێـیـوایـە، کـە یـەکـێـک لـە بنەما سەرەکییەکانی هەڵبژاردن، بوونی چەند لیستو لایـەنو بەرنامەیەکی جیاوازە تا هاوڵاتییان بتوانن بە ویستی خۆیان دەنگ بدەن بەو کەسو لایەنەی بە باشی دەزانن.

هەروەک ئاماژەی بەوەشدا، کە هەر حیزبو کیانێکی سیاسی ئازادە لەوەی هاوپەیمانێتی ببەستێت لەمیانەی پـرۆسـەی هـەڵـبـژاردنـدا، بـەڵام بە بۆچوونی ئەو، گرفت لەوەدایە کە ئەو هاوپەیمانێتییە بۆ داخستنی دەرگای دیموکراسی بێت بەڕوی هاوڵاتییاندا، وتیشی: «مەترسییەکان لەکاتێکدایە، کە هاوپەیمانێتی سەرەڕای ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە لیستێکی داخراو، هەموو دەرگاکانیش بـەڕووی دیموکراسیدا دابخات».

ئارام جەمال ئەوەشی خستەڕوو کە نەبوونی لیستی جیاواز مانای نەبوونی دیموکراسییەو وتی: «ئەو باوەڕەی دژی فرەلیستییەو ڕێگری لە بوونی دەنگی جیاواز دەکات، جۆرێکە لەو عەقلیەتەی دەیەوێت هەڵبژاردن نەکات، بـەڵام کاتێک ناچار دەبێت هەڵبژاردن بکات، دێت تەکنیکێکی تر بەکاردەهێنێت، کە هەڵبژاردنەکە وابێت


ئارام جەمال

بردنەوەی خۆی مسۆگەر بکاتو ڕێگا نەدات بە بوونی هیچ لیستێکی جیاواز لە دەرەوەی خـۆی»، بەڕێوەبەری پەیمانگای کـوردی بۆ هەڵبژاردن پێشیوابوو بـارودۆخـی ئێستای کوردستان بەشێوەیەک گـۆڕاوە کە لیستی جیاواز بووەتە واقیعێکو دەبێت ئەو هێزانەش کە لە دژین، قبوڵی بکەن.

**پـەرویـن عـەزیـز**، بـەڕێـوەبـەری ڕێکخراوی دەنگی پیران، پێیوایە دیموکراسی بریتییە، لە حکومکردن لەلایەن خەڵکەوەو هەڵبژاردن یەکێکە


پەروین عەزیز

لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی کە خەڵک ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ حکوم دەکات، بەڵام بە وتەی پەروین تا چەند ئەم نوێنەرانە جۆراوجۆربنو لە پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بن، وەک نەتەوەو ئایینو حیزب، ئەوکاتە ئەوە دەرفەتی بەشداریی چالاکانەی خەڵک لە حکومڕانیدا زیاتر دەبێت.

ئـەوەشـی خـسـتـەڕوو، گەرچی تەوافوقو هاوپەیمانیکردن مافێکی یاسایی لایەنەکانە، بەڵام دەرفەتی بەشداریی هاوڵاتییانو لایەنی نەیارو بیری جیاوازو پێکهاتەی تری کۆمەڵگا، کەمتر دەکاتەوە، کە بەشداریی بکەن لە نوێنەرایەتیکردنو فەرمانڕەواییدا.

**هۆگر چەتۆ**، بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی پاو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەبێ بوونی چەند لیستێکو بوونی کێبڕکێ لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا، هیچ یەکێک لە بنەماکانی ئەو سیستمە دیموکراسییە پیادە نابێت، کە هەڵبژاردن دەکرێت لەپێناویداو وتی: «بێگومان کاتێک باس لە هەڵبژاردن دەکرێت، پێویستە کۆمەڵێک لیستی جیاواز هەبن تا هاوڵاتییان مافی هەڵبژاردنیان هەبێت لەنێوانیاندا»، چونکە وەک ئەو ئاماژەی پێدا، هەڵبژاردن بۆ یەک لایەن ناکرێت،


هۆگر چەتۆ

بەڵکو پێویستە هەمەلایەن بێتو چەند لایەنێکی جیاواز کێبڕکێ بکەن، وتیشی: «ئەگەر پرۆسەکە ڕەنگی جیاوازو لیستی جیاوازی تێدا نەبێت، ئەوا هیچ بەهایەک بۆ دیموکراسی نامێنێتەوە».

بە بۆچوونی هۆگر سـەرەڕای ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان هەندێکجار پێویستی بە تەوافوقی سیاسیو یەکدەنگی هەیە لە مەسەلە نیشتمانییەکانو لـە دەرەوەی کوردستان، بەڵام هیچ پاساوێک نییە بۆ لادان لە بنەما دیموکراسییەکان لە نـاوخـۆی هـەرێـمـدا، «ئێمە هەر دەبێت بگەینە ئەو قۆناغەی، کە پارتە سیاسییەکان کێبڕکێ بکەن، بەتایبەت پارتیو یەکێتی وەک دوو حیزبی سەرەکی لە کوردستان دەبێت بگەنە ئەو بڕوایەی، کە بە ئاشتیانە دەسەڵات بـگـۆڕنـەوەو لایـەک بۆ یەکێ تری جێبهێڵێت».


**مریەم سەمەد**، چالاک لە بواری کـاری ڕێکخراوەییدا، هاوپەیمانی نێوان حیزبەکانی پێ باشترە وەک لە دابەزینیان بە لیستی سەربەخۆ، چونکە بە رای ئەو لە قۆناغی ئێستادا کـورد پێویستی بـە یەکدەنگیو یەکڕیزییە، «لە ئێستادا، کە مەسەلە نیشتمانیو نەتەوەییەکان چارەسەر نەکراونو هەڕەشەی جدیان لەسەرە، بێگومان یەکڕیزیی ماڵی کـوردو


مریەم سەمەد

لیستی هاوبەشی پەسەندترە»، مریەم لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەوەدا، کە ناکرێت ئەو هاوپەیمانیەتییە ببێتە هۆی پێشێلکردنی بنەماکانی دیموکراسیو پەراوێزخستنی کەمینەو دەنگە جیاوازەکانی دەرەوەی هاوپەیمانی.

**شـۆڕش ئەمین**، بـەڕێـوەبـەری ڕێکخراوی دەسپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی، هێما بۆ ئـەوە دەکـات، کە نەبوونی لیستی جیاواز، هاوڵاتییانی بێزار کردووە لە پرۆسەی هەڵبژاردن بـەوەی، کە دەبێت تەنها دەنـگ بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو یاخود لیستێک بداتو دواتر ئەو لیستەش بە ویستی خۆی کاندیدەکان دیاری بکات، ئەمەش وایکردووە، کە زۆرێک لە هاوڵاتییان ئامادە نەبن بچن بۆ دەنگدان، هەربۆیە بە بۆچوونی ئەو بوونی تاکە لیستێک یاخود کۆبوونەوەی هەموو لایەنەکان لە لیستێکی دیاریکراودا، کاریگەریی دەبـێـت لـەسـەر کـەمـبـوونـەوەی بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە دەنگدان، بۆ ئـەوەش بەڵگەی هێنایەوە کە لەمیانەی چەند وۆرکشۆپێکدا لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بۆیان دەرکەوتووە کە ئەگەر لیستی جیاواز بوونی هەبێت، ئـەوا هاوڵاتییان بە جۆرێکی دیکە پێشوازیی لە هەڵبژاردن دەکەن.

هـەروەک وتیشی: «یـەک لیستی لە نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا ئەوە دەگەیەنێت، کە هیچ لایەکیان ئامادە نییە ملبدات بۆ دۆڕاندن»، بەڵام شۆڕش جەختی لەوەکردەوە، کە لە هەڵبژاردندا دەبێت یەکێک بیدۆڕێنێتو


شۆڕش ئەمین

یەکێکیش بیباتەوە، ئەوەش هاوڵاتییان دیاری دەکـەن، کە کێ براوەیەو کێ دۆڕاوە، «نەک دروشمی باقو بریق» وەک شۆڕش وتی.

**عەتا محەمەد**، بـەڕێـوەبـەری ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (CDO)، پێیوایە کاتێک فرەلیستی هەبوو، ئەوکاتە خەڵک بە ئاسانی دەتوانێت بڕیاربدات بۆ هەڵبژاردنی باشترین لیست یـاخـود باشترین


عەتا محەمەد

نوێنەر، کە لە خـواسـتو ویستو بیروبۆچوونەکانییەوە نزیکە، هەروەک وتـی: «بـوونـی فرەلیستی مـەودای دیموکراسی فراوانتر دەکاتو وا لە لایەنەکان دەکات کێبڕکێ بکەن لەسەر پێشکەشکردنی باشترین بەرنامەو پرۆگرام».

عەتا ئـەوەشـی خـسـتـەڕوو کە دروستکردنی هاوپەیمانی مافی هەموو کوتلە سیاسییەکانە، بە مەرجێک دژ نەبێت بە خواستو ویستی خەڵک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە باشی زانی حیزبەکان بە هاوپەیمانییەکانیاندا بچنەوەو وتی: «پێویستە ڕێگا بدرێت چانسی تریش تاقی بکرێتەوەو کوتلەی تـرو لیستی تر دروسـت بکرێت»، هـەروەک هێمای بـۆ ئەوەشکرد کـە ئـەوان وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هاندەری بوونی زۆرترین لیستو دەنگی جیاوازن لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا.


نەبوونی لیستی جیاواز کاریگەری دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی دەنگدەران

راپۆرت



# کۆمپانیا تورکییەکان رانیـــەو کـــۆیـــەیـــان بـێـــئـــاو کـــــردووە

ئاری سابیر

**لە چەند ساڵی رابـــردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی چەند گرێبەستێکی گەورەی لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی واژۆکرد، بۆ راکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ ناوچەکانی رانیەو کۆیە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کەم ئاوی لەو ناوچانە، بەڵام هەندێک لەو پرۆژانە چەند ساڵێک بەسەر وادەی تەواو بونیان تێپەڕیوەو تا ئێستا تەواو نەبوون، ئەمە جگە لەوەی هەندێکی تر لەو پرۆژانە لە سەرەتای کارکردندانو بەو هۆیەشەوە هــەزاران هاوڵاتی ناوچەکە بێئاون.**

## «گرێبەستە فاشلەکان»

بەپێی گرێبەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیایی (LG) تورکی پرۆژەی راکێشانی ئاو لە دەربەندی رانیەوە بۆ قەزای رانیە بە بڕی (٢٢) ملیۆن دۆلار ئەنجامبدرێت کە لە بەرواری ٢٠٠٥/٥/١٣ دەست کراوە بە کارکردن لەو پرۆژەیەداو ماوەی (٣٠٥)رۆژ دیاریکرا بوو بۆ تەواو بونی، بەڵام تا ئێستا تەواو نەبووە، هەر بەپێی گرێبەستێکی تری ئیدارەی پێشوی سلێمانی لەگەڵ کۆمپانیایی (میل تیمی) تورکی بڕیار بوو پرۆژەی راکێشانی تۆڕی ئاوی کڵێسا لە کۆیە بە بڕی (١٨) ملیۆنو هەشت سەد هەزار دۆلار لە ماوەی (٣٤٠) رۆژدا ئەنجامبدرێت کە لە ٢٠٠٦/٤/٢٥ دەستکراوە بە کارکردن تێیدا، ئەو پرۆژەیەش تا ئێستا تەواو نەبووەو کارکردن تیایدا وەستاوە.

ئەندازیارێکی سەرپەرشتیار کە ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ئەو پرۆژانەیە ئەو گرێبەستانەی بە «گرێبەستە فاشلەکانی» حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەڵەمدا.

پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە کە بڕیارە ئاو بۆ ناوەندی قەزای رانیەو ناحیەکانی چوارقوڕنەو حاجیاواو سەرکەپکان دابین بکات دەبوایە لە ٢٠٠٦/٥/٨ تەواو بوایە، ئێستا (٣١) مانگ بەسەر کاتی تەواو بوونی ئەو پـرۆژەیـەدا تێپەڕیوەو تەنیا ٧٥٪ کارەکانی تەواو کراوە، پرۆژەی ئاوی کڵێسای کۆیەش کە بڕیارە ئاو بۆ قەزای کۆیەو ناحیەی ئاشتی دابین بکات دەبوایە لـــە٢٠٠٧/٤/٥ تەواو بکرایە، بەڵام لەگەڵ ئـەوەی (٢١ ) مانگ بەسەر کاتی دیـارکـراودا تێپەڕیوە تا ئێستا ١٠٪ کارەکانی تەواو بووە کارکردن لە پرۆژەکە وەستاوەو چەند جارێکیش لـەنـێـوان چەند کۆمپانیایەکی تردا ئاڵوگۆڕی پێکراوە، بەپێی یاساش هـەر کۆمپانیایەک پرۆژەکەی ئەنجام نەداو بەجێیهێشت دوای چەند جارێک ئاگادار کردنەوە کە وادەکەی لە (٣) مانگ تێنەپەڕێت لایەنی یەکەم دەسەڵاتی ئـەوەی هەیە ئەو پرۆژەیە لەو کۆمپانیایە وەربگرێتەوە دووبارە بیکاتەوە بە تەندەرو بیداتە کۆمپانیایەکی تر، بەڵام دوای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە زۆرە بەسەر ئەو دوو پـرۆژەیـەدا، ئێستا حکومەتی هەرێم ئەو پرۆژەیەی وەرگرتوەتەوە لەو کۆمپانیایە بڕیارە سەر لە نوێ تەندەری بۆ لێبدرێت.

## زەرەر لەسەر دەستی کۆمپانیاکان

ئـەگـەر چـی ئـەو گرێبەستەی لەنێوان حکومەتی هەرێمو هەردوو کۆمپانیا تورکییەکەدا کـراوە ئەو بـڕە پارەیە بەشی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دەکـرد لـەو کاتەدا بۆ ئەو، بەڵام لەبەر تەواو نەبوونی ئەو پرۆژانەو دواکەوتنی لەکاتی خۆیداو بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەی بیناسازیو پێداویستییەکان ئێستا ئەو پرۆژانە بەو بڕە پارەیەی تەرخانکراوە بۆی تەواو نابێت.

بەپێی وتـەی ئـەنـدازیـارانـی پرۆژەکە پـرۆژەی ئـاوی کڵێسای کۆیە پێویستی بە زیاتر لە (٣٠) ملیۆن دۆلاری دیکەیە بۆ تەواوکردنی، بۆیە «هیچ کۆمپانیایەک ئامادە نییە بەو بودجەیەی پێشو پرۆژەکە تەواوبکات»، پـرۆژەی ئـاوی دەربەندی رانیەش دوای دەستکاریکردنی بڕگەکانی ناو تەندەرەکە بە بیانوی کەموکوڕی بودجەکەی بۆ زیادکرا، بەڵام ئەگەر ئەو دوو پرۆژەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواو بکرایە «ئێستا پێویستی بە زیادکردنی ئەو پارە زۆرە نەدەبوو» بۆ سەر بوجەی پرۆژەکە.

ئەمیر ئەرسەلان، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی کۆیە، لەوبارەیەوە وتی: «لە سەرەتاوە ئێمە راپۆرتی خۆمان بەرزکردووەتەوە بۆ سەرەوە کە ئەو کۆمپانیایە کەمتەرخەمیی دەکات لە کارەکانیدا، دوای ئەوەش لە مانگی رابـردوودا بە رەسمی لە کۆمپانیای میلکینی تورکی وەرگیراوەتەوەو ئێستا بڕیارە بکرێتەوە تەندەرو بدرێت بە کۆمپانیایەکی تر».

## کۆمپانیا تورکییەکان (٣٠٠) هەزار هاوڵاتییان بێ ئاو کردووە

دەستپێکردنی ئەو پرۆژانە لە سەرەتادا هاوڵاتییانی سنوری قەزای رانیەو کۆیەی دڵخۆش کرد بەوەی کێشەی ئاویان چارەسەر دەبێت، کە ئێستا لە قەزای رانیە لە ماوەی (٤٨) سەعاتدا تەنیا یەک سەعاتو نیو ئاو دەدرێـت بە هاوڵاتییان، لە هەندێک گەڕەکیش بەهۆی سەر نەکەوتنی تۆڕی ئاوی (قولە) بە چوار رۆژ یەک جار ئاویان پێدەدرێت.

سەرەڕای ئەوەی لە ناحیەکانیش ئاو زۆر کەمی کـردوە، پێویستیان بە پرۆژەی ئاوی تر هەیە، لە قەزای کۆیەش کە یەک پرۆژەی ئاوی گەورەی هەیە لە ناحیەی تەقتەقەوە راکێشراوە بۆی ساڵی ١٩٤٥ ئەنجامدراوە، لە ئێستادا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لە ماوەی(٤٨) سەعات تەنیا یەک سەعات ئاو دەدرێت بە هاوڵاتییان.

دانیشتوانی سـنـوری قـەزای رانیە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار هاوڵاتی دەبێنو رێـژەی دانیشتوانی قەزای کۆیەو ناحیەی ئاشتی نزیکەی (٦٠) هەزار کەسە، بەو پێیەش کۆمپانیا تورکییەکان تا ئێستا نزیکەی (٣٠٠) هەزار هاوڵاتییان لە سنوری قەزای رانیەو کۆیە بێ ئاو کردووە.



دیمەنێک لە کۆیە

# تەنها لە پارێزگایەکدا نزیکەی (١٧٠) پرۆژەی ڕێگاوبانو ئاوەدانکردنەوە تەواونەکراون

سیروان عەول

**تەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا (١٧٠) پرۆژەی ڕێگاوبانو ئاوەدانکردنەوە هەیە کە لە دوو ساڵی رابردودا دەست بە کارکردن کراوە تیایداو تا ئێستا تەواو نەکراون، بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانیش نکۆڵی لەوە ناکاتو هۆکارەکەی بۆ کەمیی کارمەندو ئامێرو گەورەیی پرۆژەکان دەگەڕێنێتەوە، دەڵێت: «پرۆژەی ڕێگاوبان کاتی زۆری دەوێت».**



کارکردن لە قیرتاوکردنی ڕێگەیەکدا

تا ئێستا زیاتر لە( ١٧) پرۆژەی ساڵی ٢٠٠٧و (٣٠) پرۆژەی ڕێگاوبانو ئاوەدانکردنەوە لە ساڵی ٢٠٠٨دا تەواوکراون، بەڵام (١٧٠) پرۆژەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بە تەواونەکراوی ماونەتەوەو ڕەنگە لەمساڵدا تەواو بکرێن، بەرپرسانی فەرمانگەکەش هۆکاری دواکەوتنی ئەو پرۆژانە بۆ کەمیی ئامێرو نەبوونی ئۆتۆمبیلی تایبەت بۆ هاتوچۆکردنی کارمەندەکانیان دەگەڕێننەوە.

گوڵاڵە عەبدوڵڵا محەمەد، بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی سلێمانی، باسی لەوەکرد کە بەهۆی زۆریی پرۆژەکانیانەوە ناتوانن هۆکاری دواکەتنی پرۆژەکان دیاری بکەن، وتی: «بەهۆی گەورەیی هەندێک لە پرۆژەکانو زۆریی کاتەکانیانەوە، دواکەتنی پێوە دیارە، هەرچەندە هیچ پرۆژەیەکمان نییە کە زیاتر پەیوەندی بەخودی ڕێگاوبانەوە هەبێت، چونکە پرۆژەکانمان زیاتر پەیوەندی بە بەڵێندەرەکانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەڵێندەرێک وادەی تەواوکردنەکەی لەکاتی خۆی زیاتر تێپەڕ بکات، غەرامەی دەکەین»، هەروەک هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکانی ڕێگاوبانی جگە لە خراپیی کارکردنی بەڵێندەرەکان، بۆ دانانی بڕگەی زیادە بۆ پرۆژەکانیان گەڕاندەوە.

توانا کەمال، بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی، جەختی لەوە کردەوە پرۆژەکانیان جۆراوجۆرە، بەهۆی زۆریی ژمارەکانیانو گەورەیی پرۆژەکانیانەوە هەندێکیان چەند ساڵێک دەخایەنن، پێشیوایە بەهۆی گەورەیی پرۆژەکانەوەیە کە ڕێژەی ئەنجامدانەکانی هەندێکیان دوا دەکەوێت، (بەتایبەت پرۆژەکانی ڕێگاوبان کە ماوەی تەواو بوونیان زۆرە، ئەمەش بەهۆی ئەو بودجە کەمەی لە سەرەتای پرۆژەکانەوە دادەنرێت، چونکە ئەو بڕە پارەیەی بۆی تەرخانکراوە، بەشێوەی سولفە سەرف دەکرێتو زۆربەی پرۆژەکانیش بەشێوەی بڕگە ئەنجامەکانیان تەواودەبێت).

بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوە ڕونیشیکردەوە جگە لەوەی لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکانیاندا زۆرکات کێشەیان بۆ دروستدەبێت کە بەشێکی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی تا ئێستا خاڵی سفریان دانەناوەو لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکاندا زۆربەیان ڕوپێوو دیزاینێکی تەواویان بۆ ناکرێت تا ئەو پرۆژەیە بەبێ کەموکورتی ئەنجام بدرێت، لەلایەکی تریشەوە (نەبوونی دەسەڵات) هۆکاریکی ترە، چونکە زۆربەی پرۆژەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لێدەدرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی دواکەوتنو پەلەپەلکردنیان لە ئیشەکانداو وتی: «تەنها بەچاو بەسەر خراپیی ئیشەکانماندا دەچینەوە، بەڵام گەر ئەو ڕۆتیناتانە کەم بکرێتەوە، دەسەڵاتەکان لە سنوری خۆمان بێت، کێشەکانمان کەم دەبێتەوە کە زۆرکات بە فەرمانێک لەسەرو خۆمانەوە داوامان لێدەکرێت بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە».

بەرپرسانی ئاوەدانکردنەوە جەخت لەوەش دەکەنەوە کە کەمیی ستافو خراپیی ئامێرەکانیانو نەبوونی ئەندازیاری شارەزاو کەمیی ئۆتۆمبیلی گونجاو بۆ گەیاندنی کارمەندەکان بۆ شوێنی کارکردنیان، کاریگەری هەیە لەسەر کەمیی کارکردنیان لە پرۆژەکاندا.

بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ زیاتر لە (٢٠٠) پرۆژەی ئامادەکردووەو خستویانەتە بەردەست ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان لەسەریان.

توانا کەمال ئەوەی خستەڕو کە ئەو پرۆژانەیان جیاوازتر دەبێتو دەیانەوێت ئەو کەموکورتیانەی ساڵانی ڕابردو هەیانبووە، کەمی بکەنەوەو پێش دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەک ڕوپێوو دیزاینی تەواوی ئەو شوێنە بکرێتو بڕی پارەی تێچوونی بۆ دابین بکرێت، وتی: «ئەوکاتە دەتوانین بڵێین ٩٥٪ی ئیشەکانمان ئەنجامداوە، ئەگەر پارەی تەرخانکراومان بۆ ئامادە بکرێت، دیزاینو پلانی پرۆژەکانمان ئامادەیە».

گوژمەی پێویست بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی بەڕێوەبەرایەتییەکە ئامادەیان کردووە، دەبێت بڕی (٣١٢,٥٩٨,٠٠٠) دۆلاری بۆ تەرخان بکرێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە بە بەهای نزیکەی (٣٠٠) ملیار دینار پرۆژەی فەرمانگەی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی لەژێر جێبەجێکردندایە، بەڵام لەو ژمارەیە (١٧٠) پرۆژەی ڕێگاوبانو ئاوەدانکردنەوەی ساڵانی ڕابردون کە تەواونەکراونو گوژمەکەی بڕی (٧٧٣,٥٨٩,٠٠٠) دیناری بۆ تەرخانکراوە، توانا کەمال جەختی لەو ژمارانە کردەوەو وتی: «تا ئێستا (٤١٠,٣٩٣,٠٠٠) دیناری لێ خەرجکراوە».

# دانیشتوانی گوندی قەرەنیاوەو گوندی بێلەنگری خوارو داواکارییان هەیە

ئەحمەد باڵەکی

**هەردوو گوندی قەرەنیاوەو گوندی بێلەنگری خوارو کە سەر بە شارەوانی مەجیداوەن، نزیکەی شەش کیلۆمەتر لە سۆرانەوە دورن، هاوڵاتییانی ئەو گوندانە ئاماژە بەوە دەکەن وەکو پێویست خزمەتییان نەکراوە.**

**ئەحمەد حەسەن،** دانیشتوی گوندی بێلەنگری خوارو، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان کەموکوڕییەکی زۆریان هەیەو وتی: «ئێمە نزیکەی (٤٠) ماڵین تا ئێستا ئاوی خواردنەوەمان بۆ ڕانەکێشراوە».

ئەوەشی خستەڕو کە بە هەردوو گوندی قەرەنیاوەو گوندی بێلەنگری خوارو زیاتر لە (١٥٠) ماڵ دەبن، بەڵام تا ئێستا بنکەیەکی تەندروستییان نییە، وتیشی: «ئێمە دەبێت بۆ یەک تەداوی بچینە باڵەکیان یان هاودیان، چونکە ئەو شوێنانەی ئێمەی تێدا دەژین بنکەی تەندروستی تێدا نییە».

ئەحمەد باسی لەوەشکرد کە بەو دوو گوندە تا ئێستا قوتابخانەیەکیان نییەو وتی: «منداڵەکانمان دەبێت چەند کیلۆمەترێک ببڕن تا بگەنە قوتابخانەیەک لە ناوچەیەکی دیکە، ئەوەش لە وەرزی سەرماو سۆڵەدا گرفت بۆ خوێندکارەمانمان دروستدەکات».

**خورشید میران،** یەکێک بوو لە دانیشتوانی گوندی قەرەنیاوەی هاوسێی گوندی بێلەنگری، کە زیاتر لە سەد ماڵە وتی: «تاوەکو ئێستا نە بنکەی تەندروستی نە قوتابخانەمان هەیە، ئەمە جگە لەوەی کێشەی ئاومان بۆ چارەسەر نەکراوە، بۆیە داواکارین لایەنە پەیوەندیدارەکان کێشەکانمان بۆ چارەسەر بکەن».

لەوبارەیەوە **سەردار ڕەشید، بەڕێوەبەری ناحیەی دیانا،** وتی: «لە شارە دێی مەجیداوە تاوەکو دەگاتە گوندەکانی قەرنیاوەو بێلەنگری خوارو پێداویستییەکی زۆرمان هەیە، هەرچەندە ئێمە ماوەیەکی زۆرە یاداشتمان بەرزکردوەتەوە لەو بارەیەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ پرۆژەیەک جێبەجێ نەکراوە».

بەڕێوەبەری ناحیەی دیانا، ئەوەشی خستەڕو کە ئێستا لە ئاوی بێخاڵەوە بۆرییەکی ئاویان هێناوە بۆشارە دێی باڵەکیانو شارەدێی مەجیداوە وتی: «لە داهاتوشدا هەوڵدەدەین بۆری ئاو بگەیەنینە ئەو گوندانەش».

www.rozhnama.com

# شا رو خەمەکانی پیاسەکردن



**هوشیار عەزیز**

چەمکی شار چەمکێکی فرە رەهەندو فرە تەفسیرە، دەکرێت لە یەککاتدا لە چەندین گۆشە نیگاو ئاراستەوە تێی رابمێنرێتو بخوێنرێتەوەو تەفسیر بکرێت، واتە دەتوانرێت لە یەککاتدا شار وەک پانتاییەکی دیمۆگرافی، سیاسی، کۆمەڵایەتی یاخود ئابووریو بازرگانیو فەرهەنگیو.. هتد تەماشا بکرێتو بخوێنرێتەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکانیش یەکسان بکرێت بە هەر یەکێک لەو پانتاییانە ئەویش بەپێی گۆشە نیگاو بۆچوونی کەسەکان.

پێوەرەکانی ناسینو تەفسیرکردنی شار سەرەڕای ئەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، لە وڵاتێکیشەوە بۆ وڵاتێکی دیکەو لە سەردەمو زەمانێکیشەوە بۆ سەردەمو زەمانێکی دیکە جیاوازەو دەشگۆڕێت.

لە کۆندا پێیانوابوو شـار بە ژمـارەی دانیشتوانەکەی پێناسە دەکـرێـت، واتـا بەو پانتاییە دەوترا شار، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لە (٥٠٠٠) کەس کەمتر نەبوایە هەڵبەت ئەم ژمارەیەش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەو لە سەردەمێکیشەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاواز بووە، دیاریکردنو بە مەرجکردنی ئەم ژمارەیەش بۆ ئەوە بووە کە لە لادێ جیا بکرێتەوە.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاو شارو شارستانییەتەکاندا پێناسەی شاریش لە ئامارو ژمـارەی دانیشتوانەوە گۆڕا بۆ شوێنێک، کە شارەوانی هەبێت، واتە شوێنێک کە شارەوانیو دامودەزگای خزمەتگوزاری هەبێتو ڕێوشوێنی ڕێکخستنی ژیانو هاتنو چوونو دابینکردنی خزمەتگوزاریو پێداویستییە سەرەتاییەکانی دانیشتوانەکەیو پاراستنی سـەرو ماڵیان لەبەرچاو بگیرێت، ئەمە سـەرەڕای رەهەندە سیاسیو ئابووریو بازرگانیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشی.

گرنگیدان بەشارو خەسڵەتەکانی شار پێشینەی مێژوویی دوورو درێژی هەیە بەشێوەیەک کە هەندێک لە شارناسانو مێژوونوسان سەرەتاکەی دەبەنەوە سەر میسرییە کۆنەکان، کە چۆن گرنگیان پێداوە بەتایبەتی لە دروستکردنی شاری تـازەدا، بۆ نمونە فیرعەونەکان کاتێک رایـان سـپـاردووە بۆ دروستکردنی شار بە وردی حسابیان بۆ شوێنو مەوقیعەتو نزیکیو دوری لە ئاوەوەو زۆر لایەنی خزمەتگوزارییو جوانکارییو گرنگی پێداویستییەکانی ئەو بوارەی کە ئەو شارە لە ئەستۆی دەگرێت، کردووە.

کاتێک لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنیدا شاری ئەسکەندەرییە دروستدەکرێت زۆر گرنگی بە ئاوو ئاوەڕۆی شارەکە دەدرێت بەشێوەیەک کە شوێنەوار ناسانی ئێستا وەک کارێکی سەرسوڕهێنەر تەماشای دەکـەن، سەرەڕای لایەنی جوانکاری شارەکەو شەقامەکانیو پارکو باخچەو بیناکانیو شوێنی کۆبونەوەو گەشتو گەڕانی خەڵکو شوێنی کەسابەتو جۆری کەسابەتەکان.

لای بابلییەکانیش ڕێگاوبانو شەقامو باخچە گرنگی تایبەتی هەبووە، بەشێوەیەک کە یەکێک لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان باخچە هەڵواسراوەکانی بابل بووە، ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە کە بابلییەکان زیاد لە پێویست گرنگیان بە باخچەو رازاندنەوەی شارەکانیان داوە.

مێژووی شارەکانی دوای بابلو ڕۆماو ئەسکەندەرییەو شارە دێرینەکانی تریش پڕە لە هەوڵو کارکردنو ماندو بوون بۆ دروستکردنی باخچەو شەقامو کۆشکو تـەلاری جـوانو سەرنجڕاکێش بەشێوەیەک کە بوونەتە جێی سەرسوڕمانی گەشتیارانو هاتوچۆکەرانی.

کەس نییە لە ئێمە گوێی لە وەسفی گەڕیدەو پیاوە قەدیمییەکان نەبوو بێت بۆ ئەو شارە جوانانەی، کە بینیویانەو پێی سەرسام بوون لە نمونەی بەیروتو ئەسفەهانو تارانو بەغداو ئەستەنبوڵو قاهیرەو لەندەنو پاریسو.. هتد.

وەسفی هەموو ئەم شارانەش بەشی زۆری تەنها لە یەک لایەنییەوە بووە ئەویش بریتی بووە لە جوانی بازاڕو دوکانو کۆشکو تەلارو جادەو شەقامو شۆستەو پارکو باخچەکانیو شوێنەکانی حەوانەوەی، بۆ گەشتیارانو ئەو کەسانەشی، کە سەردانی شارو وڵاتێک دەکەنو حەز لە بینینی دونیای دیکەو شوێنان دەکەن، ئەوە گرنگترین شتێکە، کە حەز بە بینینی بکەنو پێی سەرسامو لە هەمانکاتدا شادو بەختەوەریش بن.

***

لەم پێشەکییەوە دێینە سەر تێڕوانینێکی سادە بۆ شارێکی وەکو سلێمانیو وەرگرتنی یەک رەهەندی ئەم شارە تا هەندێک تێبینی لەسەر بدەین ئەویش لایەنی جوانکاریو ڕێکخستنو رازاندنەوەیەتیو لەناو ئەو لایەنەشدا شۆستەکانو شوێنی پیاسەکردنەکانی کە پانتاییەکی گرنگی شارێتی هەر شارێکەو لە هەموو دونیادا گرنگی زۆری پێدراوەو پێی دەدرێت تەنها لە کوردستانو سلێمانیدا نەبێت کە گرنگی پێدانی وەک پێویست نییە.

دەکرێت قسە لەسەر زۆرێک لە کەموکوڕی ئەم شارە بکرێت بەجۆرێک کە هەریەک لەو کەموکوڕیانە هی ئەوەیە بە گرنگییەکی زۆرەوە سەرنجی بدرێت، بەڵام من لێرەدا تەنها قسە لەسەر شۆستەو پارکو شوێنی پیاسە کردنەکانی دەکەم.

جوانی هـەر شـارێـک، کە بیەوێت لەناو چوارچێوەی پێناسە هاوچەرخەکان بۆ شاردا جێی ببێتەوە، بریتیە لە جوانیو ڕێکوپێکیو فراوانی شۆستەکانیو پارکو باخچەکانی، هەر شارێک شۆستەی بەرینو ڕێکوپێکو پارکو باخچەی زۆرو فراوانو جوانو دڵگیرو کافتریاو چایخانە (نەک ئەو چایخانانەی لە سلێمانیدا هەن کە تەنها بۆ ئەوە دەشێن بە پەلە چایەکیان تێدا بخۆیتەوەو بڕۆیت)و شوێنی حەوانەوەی تێدا نەبێت، شارێک نییە بە مانای هاوچەرخانەی شارو شوێنێک نییە شایستەی ژیان بێتو مرۆڤ تێیدا کەمێک ئاسودەیی چنگ کەوێت.

***

سلێمانی ئەو شارەیە کە سلێمانییەکانی توشی بارودۆخێکی نالەبار کردووە بەجۆرێک کە لە یەککاتدا خۆشیان بوێتو رقیشیان لێی بێت، بە لایانەوە زۆر جوانو دڵگیر بێتو تا سەر ئێسکیش ناشیرین بێت لایـان، هەمیشە بێنەدەر بۆ پیاسەکردن لە شەقامو بازاڕو پارکو باخچەکانیو تا خوا حەز کات بێزاریش بن لەو گـەڕانو پیاسەکردنانە، ئەمەش دەرئەنجامی بێ شۆستەییو بێ پـارکو باخچەو گازینۆو چایخانەو شوێنی حەوانەوەی گونجاوو شایانە، چونکە نە شۆستەکانی هی پیاسەکردنن نە ڕێگای هاتوچۆ هەیە لەناو بازاڕەکانیدا نە چایخانەو قاوەخانەو کافتریای ڕێکوپێکی تێدایە نە پارکو باخچەش، جگە لە پارکی ئازادیو باخی گشتی، کە کەمترین مواسەفاتی پارکو باخچەیان بۆ کات بەسەربردن تێدایە.

جگە لە کەمی پارکو باخچە کە بووەتە کێشەو عەیبەیەکی گەورە بۆ ئەم شارە، بێ شۆستەییش گەورەترین کێشەی ئەم شارەیەو گەورەترین عەیبەیەکیشە کە ئەم شارەو خەڵکی ئەم شارەشی لای میوانانی روگیرو شەرمەزار کردووە.

***

شارێک شۆستەکانی لە کۆنیو بێ کەڵکیو پڕ چاڵو چۆڵیدا حەسودی پێنەبرێت، بێگومان پیا ڕۆیشتنو هاتنو چوونەکانیشی نارەحەتو پڕ گرفت دەبنو مرۆڤە هاتوچۆکەرەکانیشی پڕ دەبن لە ماندو بوونو گرژیو تورە بوونو هیلاکیو دەمار گەرمی، هەر ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان پڕ چەکیان دەکات بە کەرەستەکانی وەڕسیو بێزاریو هەڵچوونو توندوتیژیو شەڕانگێزی.

***

پیاسەکردنی شەقامەکان پێداویستییەکی رۆحیو دەرونی زۆر گرنگی مرۆڤەکانە، هەر مرۆڤێک لە هەفتەیەکدا چەند جارێک پیاسەی سـەر شەقامەکان نەکاو لێیەوە تەماشای شارو خەڵکەکەی نەکات نازانێت ژیان چۆن دەگوزەرێتو بەرەو کوێش دەگوزەرێت، هەموو کەسێک پێویستی بەوە هەیە خەڵکی ترو جۆرو شێوەیانو جلوبەرگو پێکهاتەیان ببینێتو لەوێشەوە وەک ئاوێنە تەماشای خۆی بکاتەوەو خۆی لەناو گشتێکی کۆمەڵایەتیدا پێناس بکاتەوە.

پێویستە مرۆڤ لە پیاسەکردندا هەم خۆی وەک کائینێکی کۆمەڵایەتی نمایش بکاتو هەم نمایشی کائینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش ببینێت، ئەمە سـەرەڕای لایەنە رۆحیو دەرونییەکانی دیکەشی، کە هەموو پیاسە کردنێک ئاسودەییەکی زۆر دەبەخشێتە مرۆڤو تا ئاستێکی باش بەتاڵی دەکاتەوە لە زۆرێک خەمو بێتاقەتیو بێزارییەکانی ژیانو فەزایەکی دەداتێ بۆ بیرکردنەوەو بەخۆدا چوونەوەو بەرنامە دانان بۆ ژیان.

***

شارێک شەقامو شۆستەو پارکو باخچەکانی سەرو سیماو تواناو شایستەیی ئەوەیان نەبێت پیاسەیەکی ئارام لە خۆبگرنو ببنە دەفتەری یـادەوەری خەڵکەکەی بەگشتیو کوڕو کچە گەنجەکانیو عاشقو ئەڤینداران بەتایبەتی، ئەو شارە ناتوانێت پردی خۆشەویستیو وابەستە بوون بەیەکەوە لەنێوان خۆیو ئەواندا دروست بکات، لەم حاڵەتەشدا نە ئەوان لە دڵی شاردا جێیەکی شایستەو نە شاریش لە دڵی ئەواندا جێیەکی شایستەی دەبێت.

هەر لێرەشەوە دەتوانین قسەیەک لەسەر ئەو گرفتە بکەین کە پێی دەڵێن (کاڵ بوونەوەو نەمانی ئینتیماو خۆشەویستیو وابەستەیی گەنجانو لاوان بۆ وڵات)و پەیوەستی بکەینەوە بەم کێشەیەوە، چونکە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بە ئاسانی بەجێهێشتنو لە یادکردنی وڵاتو شارەکانی ئێمە لەلایەن گەنجانەوە نەبوونی ئەو فەزاو شوێنو جێگاو ڕێگایانەیە بۆ مومارەسەکردنی ساتە خۆشەکانی ژیانیان.

شارێک، شۆستەو پارکو باخچەیەک تۆماری هیچ یادگارییەکی خۆشو بە نرخی گەنجێک، عاشقێک، مرۆڤێکی خۆی لە سینەیدا تۆمار نەکردبێت، ناتوانێت پەیوەستو وابەستەی بکات بە خۆیەوەو بیخاتە دۆخی بێئیرادەییەوە لە هەمبەر بڕیاری بەجێهێشتنو لە بیرکردنی.

مـنو زۆر کەسی تریش سـەرمـان لەوە سوڕماوە، کە هۆی چییە پرۆسەی جوانکردنو رازاندنەوە لەم شارەی ئێمەدا زۆر بە دەگمەن بەدی دەکرێت، ئەوەشی کە هەیەو خەریکی ئەنجامدانین بە داخەوە زۆر ناتێرو تۆخو نیوە ناچڵەو هەندێکی وەک خەڵکی سلێمانی خۆیان دەڵێن تەنها فڵچە لێدانەو هیچی تر.

لە شارێکی وەکو سلێمانیدا کە لە ساڵانی هەشتاکاندا یەکێک بوو لە هـەرە جوانترین شارەکانی عێراق، تەنها قولانجێک شۆستەی بەردەم کتێبخانەی گشتی بۆ پارکی نالیو بستێک شۆستە هەیە کە تۆزێک شایستەیی پیاسەکردنی هەبێتو بتوانێت کەمێک بەختەوەرانە بای باڵی خەیاڵو خەمەکانی خۆتی تێدا بدەیت، بێئەوەی ناچار بە لەسەر لاڕۆشتنو شان لە شاندانو خۆ لەیەکتر مۆرکردنەوە ببیت لە گەڵ هاتوچۆکەراندا، ئەم بستە شۆستەیەش لە بەردەم باخی گشتییەوە دەستپێدەکاتو لە تەنیشتی ئوتێل ئاشتیدا بە ماڵ ئاواییت دەسپێرێت، بێجگە لەوە شەقامەکانی تر هیچ مواسەفاتی پیاسەکردنیان تێدا نییە بە شەقامی تازە کراوەی مەولەویشەوە.

***

ئەگەر حکومەت پێی وابێت شۆستەو پارکو باخچەو گازینۆو کافتریاو شوێنەکانی حەوانەوەو کات بەسەر بردن شتی لاوەکینو زۆر گرنگ نین ئەوە بە هەڵەدا چووەو پێویستە ئەو بەهەڵەدا چوونە راست بکاتەوە.

ناکرێت شارێک تا رادەی ئیفلاسیی ئیفلاس بێت لە شۆستەو پارکی بچوکو شوێنی حـەوانـەوەو پشودانی کاتیو حکومەتیش بە بیانوی خەریک بوونی چینی ژێرەوە خۆی لێ بدزێتەوە، دەبێت هەموو لایەک ئەوە بزانن، کە یەکێک لە گەورەترینو گرنگترین خەسڵەتەکانی شاری سلێمانی جوانی سروشتەکەییو حەزو خولیای خەڵکەکەیەتی بۆ گەڕانو پیاسەکردن، بە ئافرەتو پیاوەوە، ئەمەش پێویستە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێتو کار ئاسانی بۆ بکرێتو بەپێی پێویست کاری بۆ بکرێت.

***

حکومەت لەم شارەدا کاری زۆری کردووە، بێویژدانی دەبێت ئەگەر ئاماژەی پێنەدرێت، بەڵام ئەگەر حکومەت پێی وابێت هەموو شتێکی کردووە بۆ ئەم شارە ئەوە بە هەڵەدا چووە، چونکە ئەوەی کە کراوە بـەراورد بەوەی کە دەبوو بکرێتو دەتوانرا بکرێت زۆر کەمە.

ئـەم شـارە زۆر شتی مـاوە بـۆی بکرێت بەتایبەتی لە روی جوانکارییو دروستکردنو رازاندنەوەی پارکو باخچەو جادەو شەقامەکانو رواندنی دارو درەختێکی زۆر لە کۆڵانو شەقامو ڕێگاوبانەکان.

لێرەو لـەوێ پـرۆژەو ئیشو کار هەیە بە مەبەستی جوانکردنی شار، بەڵام بەداخەوە ئەوەندە خاوو خلیچکو سستو ناڕێکوپێکو ناتەواوە مـرۆڤ دڵگرانو سەرسام دەکـات، زۆر لەو کارانەش ئەوەندە نیوە ناچڵو ئەوەندە بێ تەرتیبو بێ زەوقو سەلیقەی جوانکارییو شارستانیانەیە مرۆڤ وا لێدەکات بڵێ خۆزگە هەر نەکرایە.

بەرپرسانی ئێمە لـەم شـارە بەگشتیو برادەرانی شارەوانی بەتایبەتی زۆربەیان وڵاتانی ترو شارانی تریان بینیوەو حەتمەن بە جوانیو رازاوەییو پاکوخاوێنیان سەرسام بوون، کەچی نازانین بۆچی ئەم بینینو سەرسام بوونە بەشێکی ئەگەر چی کەمیش بێت ناگوازنەوە بۆ ناو هزرو بیری کارکردنیان لەم شارەدا.

***

سلێمانی شارێکە بە ئاڕاستەی کۆن بوونو ناشیرین بوونو بێسەرو بەربووندا مل دەنێت، پێویستە حکومەتی هەرێم بەگشتیو بەرپرسانی ئەم شارە بەتایبەتی کارێک بکەن ئەو ئاراستەی بە لادێ بوونو بێسەرو بەرو ناشیرین بوونو پیس بوونە پێچەوانە بکەنەوە، پلانو بەرنامەی رازاندنەوەو جوانکردنی ئەم شارەش بدرێتە دەست ئەوانەی، کە هەم بە تواناو شارەزاو دڵسۆزن بۆ ئەم شارە وە هەم زەوقو سەلیقەیەکی جوانو شارستانییانەشیان هەیەو هەم بڕواشیان بە ئایندەو ژیانێکی شایستەو ژینگەیەکی شایستەو جوانیش هەیە، بۆ ئەوەی کاتێک پلانو بەرنامە بۆ هەر پرۆژەیەکی جوانکارییو خزمەتگوزاریی دادەنێن هەموو ئەو لایەنانە لە بەرچاو بگرن، کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن بۆ بە شارکردنی ئەم شارە لەسەر شێوازێکی هاوچەرخانە.

hoshyaraziz@hotmail.com

خەڵک
سەرپەرشتیار:
سەنگەر جەمال
نیاز نایف
بۆ پەیوەندی: ٠٧٧٠١٥٨٦٠٢٢